# شەبەنگ

ژمارە ٥

شوبات ٢٠١٢

گۆڤارێکی مانگانەیە دەزگای شەبەنگ دەری دەکات

گۆڤاری چەمکە نوێیەکانی سەردەم


ڕێژیمی شۆڤێنی گۆڕبەگۆڕ لەم ڕەفتارانەیدا، لە سۆنگەی هەم دەمارگیری نەتەوەیی و مەزهەبی لەلایەك و هەم چەوساندنەوەی ئابووری ئەم ڕەفتار و کردەوانەی ئەنجام دەدا، چونکە زۆربەی ئەندامانی ژووری بازرگانی شاری بەغدا لە بازرگانە مەزنەکانی کوردانی فەیلی پێکهاتبوون. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کێشەی کوردانی فەیلی هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا بوروژێنرێ.

*فەرهاد حوسێن*

---

مافی ئافرەتان لە ئەوروپادا بەکۆمەڵێ هۆکاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجی و ژینگەییەوە بەندە، کەواتە مافی ئافرەتان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، دەبێ بگەڕێینەوە سەر ڕەگوڕیشەی کێشە و گرفتەکان، بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، هەوڵ بدەین قسە لەسەر ئەو مافانە بکەین و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەکان بدەین لە پێناو مافەکانی ئافرەتدا.

*شیرین ئەکرەم*

---

ئەمە سەرباری ئەوەی دەگەڵ سیاسەتی عارەباندن، دەست بەسەر ماڵ و سامانی ئەم نەتەوەیەدا دەگیراو ڕاگوێزانی بەخورتیش لە ئاخ و زێدی ڕەسەنیان پیادە دەکرا، ئەم سیاسەتە لە زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستان ساڵانێکی زۆر درێژەی هەبوو، مخابن تا ئێستە لە چەندین شارۆکە و باژێڕی ناوچە کێشەدارەکانی وەك کەرکووك، موسڵ، شارەبان، جەلەولا و حەویجە و...هتد، بەشێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە. میللەتی ئێمە بەدرێژایی مێژوو، هەوڵیداوە هەردەم ڕێز لەو نەتەوە و ئاین و گروپە جۆراو جۆرانە بگرێت.

*ئاشتی عەلی*


خاوەن ئیمتیاز
**محەمەد کەمال**

سەرنووسەر
**کامەران تاهیر**

جێگری سەرنووسەر
**سامان بابان**

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**



**دەزگای شەبەنگ**
**کوردستان - کەرکوک**
**٠٧٧٠٢١٩٣٩٣٤**
**٠٧٥٠٤٩٧١٨٩٦**

# ناوەڕۆک


وتەی ژمارە. سەرنووسەر ........ ٣

وتاری سەرۆکی کوردستان لە ڕێورەسمی شەست و شەش ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ........ ٦

نێچیرڤان بارزانی: حکوومەت بەرپرسە لە پاراستنی ئاساییش و ماڵ و موڵکی تایبەتی هاووڵاتیان. ........ ١٠

کورد لە تورکیا. و: سەردار زەنگنە ........ ١٣

کێشەی کوردانی فەیلی بەشێکی دانەبڕاوە لە پرسی گەلی کوردستان. فەرهاد حوسێن ........ ١٧

پەیڤین بەئاراستەی دنیایەکی جوانت. کامەران تاهیر ........ ٢٢

داهاتووی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا. کاوە ڕێبوار ........ ٢٦

تەنگژەی ئاو لە نێوان بەرژەوەندی وڵاتان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا. ئەردەڵان ڕەفعەت ........ ٣١

چەوسانەوەی ئافرەت لە مێژوودا. شیرین ئەکرەم ........ ٣٥

جیهانگەرایی کۆتای بەئایدۆلۆجیا هێنا. بروسان هاوار ........ ٤٦

تەکنۆلۆجیای نوێ و ڕۆڵی لە بواری بازرگانیکردندا. هێڤی فوئاد ........ ٤٨

ڕۆڵی ڕێکخراوی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا. ڕابەر سەباح ........ ٥٢

ئاراستەی بویەرەکان بەرەو کوێ گوزەر دەکەن. د: ئەڤین عومەر ........ ٦١

باهۆزی گۆڕانکارییەکان ڕەگەزپەرستی ڕادەماڵێت. سەنگەر بێباک ........ ٦٥

قەرزەکانی سەر عێراق.. چارەسەر و ئاکامەکان. هێمن عەزیز ........ ٦٧

ئاراستەی تەنگژەکان بەرەو کوێ؟ وریا کامەران ........ ٦٩

دیاردەی خۆپڕچەککردن و کاریگەری لەسەر ئابووری وڵات. تاڵیب عەبدولکەریم ........ ٧٢

دۆسییەی ژمارە ........ ٧٤

بۆ ئەوەی عارەباندن دووبارە نەبێتەوە!. محەمەد سلێمان ........ ٧٥

سیاسەتی عارەباندن بەفۆڕمێکی نوێ. عادل ڕەشید ........ ٧٨

لەپێناو بەکۆتاهاتنی عارەباندن!. سەنگەر بێباک ........ ٨١

کێشەکانی موڵکدارێتی کەرکووکییەکانی نیگەران کردووە. کارزان حەساری ........ ٨٣

بۆ ئەوەی نەهامەتییەکان دووبارە نەبنەوە. ئاشتی عەلی ........ ٨٦

چەند سەرنجێک لە بارەی پرسی ئاوارەکان. د. ئەیاد فەرەج ........ ٨٨

کارکردن بەئاراستەی گەڕانەوەی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکە. هیوا عەباس ........ ٩١

بەجێبەجێکردنی دەستوور عارەباندن پاشەکشە دەکات. لاوەند بورهان ........ ٩٤

با هەموو پێکهاتەکان پشتگیری دەستوور بکەن. وریا شێخ بزێنی ........ ٩٧

ڕاستییەکان هەرگیز ناشردرێنەوە. مەسعوود مەلا فاتیح ........ ٩٩

گرفتەکانی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان بەردەوامن. هەڵۆ کەرکووکی ........ ١٠٣

عارەباندن ئەو مۆتەکەیەی تاکو ئێستەش نەڕەویوەتەوە. سامان عومەر ........ ١٠٦

سیاسەتی عارەباندن بەردەوامە. بورهان ساڵەیی ........ ١٠٩

# وتەی ژمارە

**سەرنووسەر**

هەر لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (شەبەنگ)ەوە جەختمان لەسەر ئەوە کرد، کە تەواوی تواناکانمان بۆ قسەکردن لەبارەی چەمکە نوێیەکانی سەردەم تەرخان دەکەین و هەوڵ دەدەین شەبەنگ ببێتە سەکۆیەکی ڕاستەقینە بۆ پەیڤین، دایەلۆگ، پێکەوە ژیان، قبوڵکردنی جیاوازییەکان و لێبوردەیی، بەو پێیەی بەرەودان بەم چەمکە نوێیانە پێنگاڤ هەڵێنانە بەرەو نێزیکبوونەوە لە جڤاکی شارستانی، کەواتە ئامادەگی ئەم بەها و پرەنسیپانە پتر لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و دنیای نوێ و مۆدێرن نێزیکمان دەکاتەوە، وا دەکات وڵاتی ئێمەش بەکردەنی ببێتە سەرزەمینی ئەم چەمکە نوێینە، چونکە هەر ئەم بەهایانەی سەردەم وا دەکات پێوەندی نێوان میللەتان توندوتۆڵتر و پتەوتر ببن، چونکە کولتوور و ڕۆشنبیری هاوچەرخ و سەردەمییانە دەرهاویشتەی پێشکەوتن و پەرەسەندنە و، پرۆسەیەکی دیرۆکی تەواوی مرۆڤانە، کە چەندان هۆکار باندۆری لەسەر چێ دەکەن، بێ گومان مرۆڤەکان، گروپەکان، کۆمەڵگەکان و نەتەوەکان لەململانێیەکی بەردەوامدان، لێ ئەم ململانێیە کاتێک بەئاراستەیەکی تەندروستدا گوزەر بکات، دەرەنجامی ئەرێنی بەقازانج و بەرژەوەندی میللەتانی لێ دەکەوێتەوە و باندۆری جۆراوجۆریش لە تەواوی کایە و بیاڤەکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

وێڕای ئاستەنگ و تەنگژە و گۆڕانکارییەکانی بەردەم بەرەو پێشڤەچوونی کۆمەڵگەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین، میللەتی ئێمەش لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا پێدڤییە پشکدارییەکی کارا و کاریگەر و ئەرێنی لەم ململانێیە شارستانی و ژیارییەدا بکات، هەوڵ بدات بەقازانجی بەرژەوەندییە باڵاکانی پرسی نەتەوەیی بیقۆزێتەوە، بەهەندهەڵگرتنی تایبەتمەندێتی هەر پارچەیەکیش هۆکارێکی یەکجار گرینگە، بەتایبەتی لەم ڕەوش و پێوەندییە ئاڵۆزانەدا، کە دەڤەرەکە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری نوێ دەبێتەوە، کەواتە ئەگەر بەئەقڵانی و دیپلۆماسییانە ساتوسەودایی لەتەک ئەم کەتوار و بویەر

و گۆڕنکارییە بلەز و توندانەی ناوچەکە نەکەین، ڕەنگە باندۆری نەرێنی لەسەر تەواوی پرسی نەتەوەیی ئێمە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

لێرەوە دەبێژین میللەتی ئێمە دەبێ لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژوویی سەودایی دەگەڵ ئەم بویەر و گۆڕانکارییە چارەنووسسازانەدا بکات، کە لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ڕوودەدەن، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ئەمەش بەهەندوەرگرتنی تایبەتمەندێتی هەر پارچەیەک، هەر وەک جەنابی سەرۆکی کوردستان لە بەردەم ئامادەبووانی یادکردنەوەی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا گوتی» پرسی کوردان لە بنەڕەتدا، لە هەر چوار پارچەی کوردستان یەک پرسە، بەڵام بەتایبەتمەندی ئەو شوێنانە«، هەروەسا هەر لەو یادە مەزن و شکۆدارەشدا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە»هەر رۆژ و کاتێک بەدایەلۆگ بگەینە ئەو ئەنجامەی بەشێوەیەکی تەواو ئەو مافە مومارەسە بکەین، ئێمە نابێ دوودڵی لێ بکەین.

کەواتە پێویستە لە ڕێگەی دایەلۆگ پرسی نەتەوەیی ئێمە و تەواوی ئارایشەکان ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، لەم سۆنگەیەوەش پرەنسیپی دایەلۆگ ئەو میکانیزمەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان، نەتەوەکان بکارن ئازادانەتر قسە لەسەر ئاریشە و پرسە جۆراوجۆرەکانیان بکەن، بەو پێیەی زمانی لە یەکدی گەیشتن، زمانی دانوستاندن و زمانی خستنە ڕووی هزر و بیروبۆچوونە جیاوازەکانە، لە فەزایەکی ئازادانەی بەدەر لە هەموو چوارچێوەبەندییەک، بەواتایەکی دیکە داننان و ڕێزگرتنە لە ئەویدی، گوێگرتنە لە بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانی بەرامبەر، بەم پێیە دایەلۆگ پێدڤییە هەڵگری گوتارێکی عەقڵانی بێ بۆ ئەوەی بەشێوازێکی بابەتییانە پرسەکان، تێزەکان، ئارایشەکان شرۆڤە بکرێت و بخرێنە ڕوو، تاکو ڕووبەڕووی هەڵە و هەڵەشەیی نەبینەوە، بەواتایەکی دیکە کاتێک پشت ئەستوور بەپاشخانێکی مەعریفی میکانیزمی دایەلۆگ ئەنجام بدرێت، زۆر جاران ئاکامی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە، ئەم ئاراستەیە وا دەخوازێت زمانی دایەلۆگی ئێمە جا لە هەر ئاستێک و لە هەر بیاڤێکی ڕامیاری یاخۆ هزری یان کولتووری بێ، پێویستە بەو ئاوایە ئەنجام بدرێت و بەرەو پێشڤە بچێت، کە هەڵگری پرەنسیپە نوێیەکانی سەردەم بێت، بۆ ئەوەی دایەلۆگی ئێمە، هەڵگری هەموو گۆڕانکارییە نوێیەکانی ئەم قۆناخە بێ، لێ کاتێک لێکگەیشتن و یەکدی قبوڵکردن و لێبووردەیی لە کۆمەڵگەکان یاخۆ لە نێوان میللەتان و حکوومەتەکان و گروپە جیاوازەکان پاشەکشە بکات، زمانی ڕەتکردنەوە و پەراوێزخستن دێتە بوون، ئیتر مەودایەک نامێنێتەوە بۆ پەیڤین و ئەنجامدانی دایەلۆگ لە تەک یەکدا، ئەو دەمەش مرۆڤەکان لەپشت ماسک و دەمامکەکان خۆیان حەشار دەدەن، هەموو کەسەکان، مرۆڤەکان، گروپەکان هەوڵ دەدەن ماسک و دەمامک بپۆشن، بەمەش ئەو حکوومەتانە هەوڵ دەدەن هەموو شتێک ئاوەژوو بکەنەوە و ڕای گشتی لە بەرامبەر پرسی نەتەوەیی ئێمە چەواشە بکەن.

نها دایەلۆگ بووەتە خەسڵەتێکی هەرە دیاری ئەم سەردەم و قۆناخە و تەواوی کۆمەڵگە شارستانییەکان، لێ کۆمەڵگەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین بەتایبەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە پتر پێویستیان بەدایەلۆگ و لێکگەیشتن هەیە، بەواتایەکی دیکە سەرەتا پەیڤین لەسەر ئاستی هەر

چوار پارچەکانی کوردستاندا، ئەمەش لەو کۆنگرە نەتەوەیەدا بەرجەستە دەبێت، هەروەک جەنابی سەرۆکی کوردستان جارێکی دیکە لە کۆنگرەی ڕەوەندی کوردانی سووریا لە دەرەوەی وڵات ئاماژەی پێکرد، کە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەم کۆنگرەیە بەڕێوە دەچێت، دواتر پێویستە ئەم دایەلۆگە دەگەڵ میللەتان و حکوومەتەکانی دراوسێ، واتە دەگەڵ دەرەوەی خۆتدا ئەنجام بدرێت و تەواوی کایە ڕامیارییەکان، کولتووری و هزرییەکان بگرێتەوە، بۆیە پێویستە حکوومەتەکانی ناوچەکە ئاریشەکانیان لەوێوە ببڕێننەوە و ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزنەوە، بۆیە پێویستە نەتەوەی ئێمەش لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا ڕێگەی ئاشتی و دیموکراتییانە بگرینە بەر، بەهیچ جۆرێک پەنا بۆ توندوتیژی نەبەین، چونکە قۆناخی نها دەگەڵ گاڤ و دەورانە مێژووییەکانی دیکە یەکجار جیاوازن، هەروەک سەرۆکی کوردستان داوا لە خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات، کە پشوویان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان درێژ بێت و خۆیان بۆ گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا ئامادە بکەن.

هەروەها سەرۆکی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد و گوتی« ئەو سەردەمە بەسەرچوو، کە خوێنی کورد بەدەستی کورد بڕژێت و ئێستە کورد لە هەموو کاتێک زیاتر لە ئامانجە نەتەوەییەکانی نێزیک بووەتەوە»

لێرەوە دەبێژین هۆکاری سەرەکی ئەم دابڕان و گوێ لە یەکدی نەگرتنە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە گوتارە ڕامیارییەکان، کولتوورییەکان، هزرییەکان لەو کۆمەڵگانەدا هەڵگری توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی ئەویدیبە، کە ئەو ستایلەش لە بیرکردنەوە دنەی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی دەدات و بارگاوییە بەهەموو چەمکە نائەقڵانییەکان و شێواندنی ڕاستییەکان، سەرەنجامیش شەڕ و کارەساتی تۆقێنەری لێ دەکەوێتەوە، لەم سەروبەندەدا دەبێژین زمانی دایەلۆگ ڕێزی تەواو لە هەموو نەتەوەکان، بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکان دەگرێ، هەر ئەمەش وا دەکات دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بکارن بەئارامی و هێوری پێکڤە بژین و درێژە بەبوونی خۆیان بدەن.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەبێژین هەر لە ڕێگەی زمانی دایەلۆگەوە دەکارین ململانێ و ناکۆکییەکان کەم بکەینەوە یاخۆ بەتەواوی ڕیشەکێشی بکەین، کەواتە پرۆسەی دایەلۆگ و زمانی دایەلۆگ لە پێناو نەهێشتنی توندوتیژی و جەنگ دێتە بوون.. بۆ ئەوەی میللەتان دنیایەکی دوور لە توندوتیژی و شەڕنگێزی فەراهەم بکەن، بۆیە هەردەم ڕێگەی دایەلۆگ لە هەر ڕێگەچارەیەکی دیکە بەباشتر دەزانرێت، ئەم قۆناخەش هەم دەیسەپێنێتە سەر حکوومەتەکان و هەمیش لە میللەتان دەخوازێت، کە ململانێیەکانی نێوانیان و تەواوی پرسە نەتەوەیی و ئاریشە جیاجیاکان لەم ڕێگەیەوە چارەسەر بکەن، چونکە سەرەنجام کاریگەری ئەرێنی بۆ هەمووان لێ دەکەوێتەوە، لە بەرژەوەندی پێکەوە ژیانی نێوان میللەتان و تەناهی و ئارامی ناوچەکەدایە.

## وتاری سەرۆکی کوردستان لە ڕێورەسمی شەست و شەش ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

# «بارزانی وەکو سەربازێک بەرگریی لە کۆماری کوردستان کرد»



بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

خوشک وبرایانی بەڕێز و خۆشەویست

میوانە بەڕێزەکان. ئامادەبووان. هەمو لایەکتان بەخێربێن سەرچاو و سەرسەر.

خۆشحاڵ وسەرفرازین بۆ هاتنتان بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ یادکردنەوەی ڕووداوێکی یەکجار زۆر پیرۆز وئازیز لەسەر دڵی هەموو کوردێک و بەتایبەتی بۆ خۆم کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

**وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ**

ئەمڕۆ یادی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکەینەوە کە لەمێژووی گەلی کوردستاندا وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ

بوو لەمێژووی گەلی کوردستاندا، ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، دەرفەتێکی زۆر پڕ بەهابوو بەداخەوە تەمەنی کورت بوو، بەڵام کاریگەریی بە بەردەوامی مایەوە و تا کوردیش مابێت دەمێنێتەوە.

### لەمێژوودا غەدرێکی زۆر گەورە لە ئێمە کراوە

مێژووی گەلەکەمان پڕە لەڕووداوی تاڵ و شیرین، لەهەوراز و نشێو. لەمێژوودا غەدرێکی زۆر گەورە لە ئێمەی خەڵکی کوردستان کراوە، ئێمە بەبێ ئەوەی پرسمان پێبکرێت دابەشکراوین وبەدرێژایی مێژووش خەباتی میللەتی ئێمە بەردەوام بووە.

خەباتی ئێمە سەردەمێک خەباتی چەکداری بوو، چونکە ناچار بووین بۆ ئەوەی نەتەوە و وجوودی نەتەوەکەمان وپێناسەی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین، شوکر بۆ خوا بەخوێنی شەهیدانی ئازیز، بەقوربانیدانێکی یەکجار زۆری گەلەکەمان ئێمە ئەو قۆناغەمان بەسەرکەوتوویی وسەرفرازی دەرباز کرد، ئێمە بوونی خۆمان سەلماند و پێناسەی خۆمان پاراست و ئێستاش سەردەمی بەدەستهێنانی مافە.

### دەبێ دان بەمافی ئێمەدا بنرێ

من لەگەڵ ئەوەدا نیم بڵێین دەبێ مافمان پێبدەن بەڵکو دەبێ دان بەمافی ئێمە بنرێ چونکە کە خوا ئێمەی خوڵقاند ئەو مافەی بەئێمە داوە کە بە سەربەستی بەئازادی بژین، مرۆڤ ناتوانێ ماف بەمرۆڤ بدات بەڵام دەتوانی لێی داگیر بکات.

لەکاتی خەباتی چەکداریدا بەداخەوە زیانێکی زۆر بەر ئێمە کەوت بەهەمان شت بەر میللەتانی براشمان کەوت، ئازیزانێکی زۆر گیانیان لەدەستدا، هەوڵێکی زۆر درا کە بکرێتە شەڕی کورد و عەرەب، شەڕی کورد و تورک، شەڕی کورد و فارس، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەم هەوڵانە سەرنەکەوتن، ئێمە وەکو میللەت برایەتیی خۆمان پاراست و دەبێ لەمەودواش هەروا وەکو بیلبیلەی چاومان بیپارێزین. بەڵێ شەڕی دەوڵەت جیاوازیی لەگەڵ شەڕی میللەت هەیە.

> **لەمێژوودا غەدرێکی زۆر گەورە لە ئێمەی خەڵکی کوردستان کراوە، ئێمە بەبێ ئەوەی پرسمان پێبکرێت دابەشکراوین وبەدرێژایی مێژووش خەباتی میللەتی ئێمە بەردەوام بووە.**

### کێشەی میللەتی ئێمە بەشەڕ چارەسەر ناکرێت

لەوسەدسالەی ڕابردوودائەزموونێکی زۆر دەوڵەمەند بۆ ئێمە بەجێماوە، نە ئێمەی کورد توانیمان ئەو دەوڵەتانە بڕوخێنین ئەگەر دەوڵەتێکیش جارێک لەجاران ڕووخابێت کورد نەبۆتە بەدیلی ئەو دەوڵەتە، لەهەمانکاتدا ئەو دەوڵەتانەش نە بە تانک و نە بەتۆپ ونە بەفڕۆکە و بە هەر جۆرە چەکێک نەیانتوانی ئەو میللەتە قڕ بکەن و لەناو ببەن، ئەمە ئەو ڕاستییە نیشاندەدات کە کێشەی میللەتی ئێمە بەشەڕ چارەسەر ناکرێت بەڵکو بەئاشتیانە جا ئەمڕۆ یان سبەی بێ وهەر چ ڕۆژێک زووتر هەمووومان بەرەو

ڕێگەی ئاشتی بچین من پێموایە ئەمە سەروەرییەکی گەوریەو ئەمە ڕێگەی ڕاستە، بەتوندوتیژی ئەم مەسەلەیە چارەسەر ناکرێت، هەروەکو گوتم سەردەمێک ئێمە ناچاربووین بەرگری لەخۆمان بکەین وخوێنێکی زۆرمان ڕشت بەڵام ئێستا ئەو سەردەمە نەما و ئێستا دەبێ ئێمە بەرەو دیالۆگ بچین،ئێمە دەبێ بەرەو ڕێگەی ئاشتی ودیموکراسی بچین، دەبێ ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرین تەنانەت ئەگەر وەڵامدانەوەی دەوڵەتانیش لەئاستی پێویست نەبێت نابێ بێ ئومێد بین دەبێ نەفەسمان درێژ بێت و ئارامی بگرین، چونکە هەروەکو دەبینن جیهان لەگۆڕان دایە گۆڕانێکی بەپەلەش. ئێمەش وەکو خەڵکی کوردستان و گەلی کوردستان ونەتەوەی کورد دەبێ خۆمان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە بکەین.

## هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە

ئێمە مافی چارەنووسمان هەیە کە مافێکی سروشتییە و خوا بە ئێمەی داوە بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن مومارەسەی بکەین؟ ئێمە لەوەدا دەبێ حەکیمانە بین وحەکیمانە بیر بکەینەوە کە چۆن مومارەسەی ئەو مافە بکەین.

من پێموایە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەپێی ئەم تایبەتمەندییە ئێمە مومارەسەی ئەو مافە بکەین و مەسەلەی مافی چارەنووسیش ئێمە وەکو هەر میللەت و نەتەوەی دیکە ئەو مافەمان هەیە وهەر ڕۆژ و کاتێکیش بەدیالۆگ بگەینە ئەو ئەنجامەی بەشێوەیەکی تەواو ئەو مافە مومارەسە بکەین ئێمە نابێ دوودڵیی لێبکەین، بەڵام لەڕاستیدا من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەتوندوتیژی بێت وبەزۆریش نابێ. ئێمە دەتوانین داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین ئێستا بۆ ئەم قۆناغە لەهەر پارچەیەک دا بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسییانە چارەسەریی مەسەلەی کورد بکرێت.

## کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە

کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە، ئەگەر سەیری مێژوو و ڕاپەڕین وشۆڕشەکانی گەلەکەمان بکەین هەموویان بەسەرکردایەتیی شێخ و مەلا و سەید بووە. کەواتە ئێمە هیچ گرفتی ئایینیمان نەبووە، ئەو شێخ و مەلا و سەیدانە داکۆکییان لە مافی نەتەوەییان کردووە بۆیە ئێستا ئەگەر هەر هەوڵێکی وا هەبێت بگوترێت ئێمە گرفتی ئایینیمان هەبووە یان هەیە من پێموایە ئەمە لادانە لەڕاستی، ئێستاش کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە. ئێمە یەک نەتەوەین وکێشەکەمان یەک کێشەیە بەڵام بەهۆی ئەو پارچە پارچە بوونە هەر پارچەیەک تایبەتمەندیی خۆی وەرگرتووە و دەبێ ئەو شتە ڕەچاو بکەین.

## ئەو زەمانە ڕۆیشت خوێنی کورد بەدەستی کورد برژێ

خاڵێکی دیکە هەیە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم، دوژمنانی میللەتی ئێمە هەوڵی زۆریان دا ئیرادەی میللەتی ئێمە بکوژن بەڵام نەیانتوانی هەوڵیاندا دەست بخەنە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، بەڵام نەیانتوانی، تووشی گرفت بووین، بەڵام لەهەموویان دەرباز بووین و سوپاس بۆ خوا ئێمە ئێستا تەباین و لەهەمووشی خۆشتر ئەوەیە کە ئەو زەمانە ڕۆیشت کەسێک بیر لەوە بکاتەوە خوێنی کوردێک بەدەستی کوردێک برژێ.

## شاری مهاباد هەموو ماڵەکانیان لەگەڵ بارزانییان بەش کرد

ئێستا هەوڵێکی دیکە لەئارادایە لەلایەن چەند خۆفرۆشێک کە دەزانین بەتەحریکی کێ و چ لایەنێک دەیانەوێ مێژوو بشێوێنن و دەیانەوێ پەیوەندیی نێوان سەرکردەکانمان بەشێوەیەکی دیکە لەقەڵەمبدەن، کە گوایە ناکۆکی لەنێوان پێشەوای نەمر وبارزانیی نەمر هەبووە،من خۆم چەندجار گوێم لەشەخسی جەنابی بارزانی بووە لە هاوڕێیانی بارزانی کە بەداخەوە بەشی هەرە زۆریان لەژیاندا نەماون، ئەو ڕۆژەی لەساڵی ١٩٤٥ بڕیاریان دا جەنابی شێخ ئەحمەد بچن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک لە دیکۆمێنت و ئەرشیفەکاندا ماوە بەشێوەیەک پێشوازییان لێکرا کە ئەو پەڕی برایانە بوو بەتایبەتی

ئەو شار و شارۆچکانەی سەر سنوور و ئنجا شاری مهاباد هەموو ماڵەکانیان لەگەڵ بارزانییان بەش کرد، فەرمانی خودی پێشەوا هەیە کەفەرمانی بە هەموو دامو دەزگاکان داوە پێشوازیی گەرم لەوانە بکەن ئەوانە برای زۆر خۆشەویستن، کاتێک هەندێک عەشایەر ویستیان سەرپێچی بکەن بارزانییەکان وخودی بارزانیی نەمر چەکیان هەڵگرت و چوون بەسەرۆکایەتیی بارزانی لەگەڵ هەموویان دانیشتن وهەموویان هێنایە مهاباد بۆ خزمەتی پێشەوا قازی محەمەد پێی گوتن ئەمە دەرفەتێکە بۆ کورد، پێشەوا پێشەوای هەموو کوردە من یەکەم سەربازم بۆ ئەم کۆمارە.

## ئەو ئاڵایەی تۆ لێی دەترسی لەدەستێکی ئەمیندایە و ڕۆژێکیش دێ هەڵبدرێت

بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی ئێستا دەستکەوتوون لەکاتی دادگاییکردنی پێشەوا، کاتێک سەرۆکی دادگا لێی دەپرسی: چۆن ڕێگەت دا کابرایەکی بیانیی وەکو مەلا مستەفای بارزانی بێتە مهاباد؟ پێی دەڵێ: بارزانی کابرایەکی بیانی نییە و هاتۆتە ماڵی برای خۆی، پاشان پێی دەڵێت: ئەم ئاڵایە دەبینی؟ (حاشا) تفێکی لێدەکات و فرێی دەدات و پێی دەڵێ: ئەمەیە ئاڵای ئێوە؟ لەکاتێکدا ئاڵاکە ئاڵای سۆڤیێتی جاران بوو نەوەکو ئاڵای کوردستان ئەوە بەپێی دیکۆمێنتەکانی دادگا. پێشەوا پێی دەڵێ: تۆ کابرایەکی بێ ئەدەبی، کابرایەکی بێ ڕەوشتی ئەگینا ئاڵای هەر وڵاتێک بێت نابێ تۆ تفی لێبکەیت، بەڵام ئەو ئاڵایەی تۆ لێی دەترسی لەدەستێکی ئەمیندایە و ڕۆژێکیش دێ هەڵبدرێت. ئەو ڕۆژەش کە بەپیلانێکی نێودەوڵەتی کۆماری کوردستان تێکچوو بارزانیی نەمر چووبووە خزمەتی قازی پێشی گوت: بەڵێنت پێدەدەم تا من ساغ بم نەهێڵم هیچت بەسەربێت ئەگەر هەرچیشت بەسەربێ بەڵێن بێ تا من زیندووم ئێسکەکانت هەڵبگرم فەرمووی گوتی: بۆ ئەوەی خەڵکی مهاباد تووشی ئێش وئازار نەبن من هەر لێرە دەمێنمەوە و ئەمەش ئاڵای کوردستان و پیرۆزت بێ و ئەمانەت بێ لای تۆ.

## جەنابی بارزانی وەکو سەربازێک بەرگریی لەکۆماری کوردستان کرد

بۆیە ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانەوێ مێژوو بشێوێنن پێیان دەڵێین ئەمەیە ڕاستیی مێژوو، جەنابی بارزانی وەکو سەربازێک بەرگریی لەکۆماری کوردستان کرد لە مهاباد پێشەواش وەکو سەرۆکێک قبووڵ بووە و قبووڵمان کردووە و پێشەوامانە، پێشەوا قازی محەمەد، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، سەید عەلی ڕەزا، شێخ ئەحمەدی بارزانی، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، مەلا مستەفای بارزانی ئەمانە هەموو سەرکردەی ئێمەن و ئێمە قوتابیی ئەو قوتابخانەیەین وپەنا بەخوا تاسەریش لەو ڕێبازە بەردەوام دەبین.جارێکی دیکە بەخێربێن و زۆر سوپاستان دەکەم.

**پێشەوا بە سەرۆکی دادگا پێی دەڵێ: تۆ کابرایەکی بێ ئەدەبی، کابرایەکی بێ ڕەوشتی ئەگینا ئاڵای هەر وڵاتێک بێت نابێ تۆ تفی لێبکەیت، بەڵام ئەو ئاڵایەی تۆ لێی دەترسی لەدەستێکی ئەمیندایە و ڕۆژێکیش دێ هەڵبدرێت.**

# حکوومەت بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایش و ماڵ و موڵکی تایبەتی هاووڵاتیان و موڵکی گشتی و حکوومەت، هەروەها دەبێ پارێزەری فرەحزبی بێت

***نووسینی: نێچیرڤان بارزانی***



هەموومان پێکەوە لە نیشتمانێکدا دەژین، هەرچەند بیرورا و بەرنامەی جیاوازمان هەبن، لە ئەنجامدا کە دەکەوینە دووڕیانی پێشخستنی وڵات و بەردەوامی کێشەکاندا، دەبێ لەسەر بەرژەوەندیی باڵا کە پێشخستنی وڵاتەکەمانە یەک بگرینەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەیشدا تەواو بڕوام بەوەیە زوو یان درەنگ پەیوەندی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، بۆیەیش پێویستە هەرچی زووە باری گرژی و ئاڵۆزی ئێستا بەجێ بهێڵین.

ڕووداوەکانی زاخۆ و دهۆک شتێکی وەها نین بتوانن ئەم دوو لایەنە لە

یەک داببڕن، چونکە هەردوولامان وەک حزب و لایەنەکانی دیکە لە چوارچێوەی یاسادا کار دەکەین، جگە لەوەیش ئامانجی هاوبەشی زۆر مەزن کۆمان دەکەنەوە.

ئەو ڕووداوانە بێگومان نەخوازراو بوون، بۆ هەموو لایەکمان ناخۆش بوون، جێگەی نیگەرانی گەلی کوردستان بوون بە گشتی، بەڵام ئێستا وای دەبینین کە ئاڵۆزی دۆخەکەمان بەجێ هیشتووە، ئێستا کاتی ئەوەیە بە هێمنی و مەنتیقی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای کوردستانەوە بەرنامە بۆ چەسپاندنی پەیوەندییەکی ئاسایی و تەندروست لەسەر بنەمای لە خۆبووردن دابنێین و خۆمان بۆ قوناغە گەشەکانی ئایندە ئامادە بکەین.

لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری پێکهێنانی دابوو، گەییشتووەتە چەند ئەنجامێک و کەموکوڕی لایەنەکانی دیاری کردووە.

لەلایەکی دیکەیشەوە ئەوەندەی پەیوەندی بە پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، نە ئێستا و نە لە ئاییندەدا بە دروستی نابینین هەندی بەرپرسی حکوومی یانیش حزبی لەخۆوە ڕەفتار بکەن، هەر بۆیە بەر لە هەموو کەسێک ڕوو لە بەرپرسان و ئەندامانی پارتی دەکەم کە لە ئاڵۆزترین کات و بارودۆخەکانیشدا پابەندی یاسا بمێننەوە و هەیبەتی حکوومەت و ناووبانگی دیموکراسی و پێکەوەژیان لە کوردستاندا بە کردەوەی یاسا شکێنانە نەشێوێنرێن، بەڵکوو دەبێ بەرپرس و ئەندامانی پارتی پێش هەمووان ڕێز لە بەرژەوەندی وڵات و مافی یاسایی هاووڵاتیان و حزبەکان بگرن.

وەکوو لە کاتی ڕووداوەکاندا گوتم و ئێستایش دووبارەی دەکەمەوە، سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کردەوەیەکی نادروست و نایاسایی دەزانین، ئەوەیش سیاسەتی پارتی نەبووە و نییە. بە خۆشحاڵیشەوە لەکاتی خۆیشیدا هەندێ لە بەرپرسانی یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆک ئاماژەیان بەو ڕاستییەدا کە دڵنیان ئەوە سیاسەتی پارتی نییە.

بەداخەوە ئەو ڕووداوانە بە پەلاماردانی ماڵ و موڵکی کۆمەڵێک هاووڵاتی دەستیان پێکرد، ئەوەیش بەناڕەوا دەزانین، ئیتر ئەو هاووڵاتیانە سەر بە هەر بڕوا و پێکهاتەیەکی گەلی کوردستان بن.

حکوومەت بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایش و ماڵ و موڵکی تایبەتی هاووڵاتیان و موڵکی گشتی و حکوومەت، هەروەها دەبێ پارێزەری فرەحزبی بێت کە بنەمایەکی بنچینەیی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە. هەر لەو چوارچێوەیەیشدا هەموو حزبە مۆڵەتدراوەکانیش دەبێ پابەندی یاساکان بن، وەکوو حزبی مەدەنی. هەر لەو ڕوانگەیەیشەوە دەڵێین کە دەبێ ڕێز لە بەهاکانی گەلەکەمان بگرین و هەستی هیچ لایەنێک بریندار نەکەین.

وابزانم تاوەکوو ئێرە گرفتەکان ڕوون و ئاشکران، ئێستایش نامانەوێت ڕێگە بدەین ئاسەواری ڕووداوی بەوشێوەیە هەتا هەتایە، تەنانەت ماوەیەکی درێژیش باڵ بەسەر باری سیاسی هەرێمی کوردستاندا بکێشن.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لایەنێکی سیاسی مۆڵەتداری یاسایی کوردستانە، چەندین ساڵە بەشدارە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەشداری لە حکوومەتی کوردستاندا کردووە، چەندین جار بە لیستی هاوبەش لە تەک پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەدا بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقی کردووە.

هەروەها لەکاتی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە هەلومەرجێکی سەختیدا بەشداری لە حکوومەتدا کرد و بەو شێوەیەیش تاوەکوو ڕادەیەکی زۆر بەشداربوو لە کەمکردنەوەی ئاسەواری پارچەبوونی ئیداری و سیاسی هەرێمی کوردستاندا، من خۆم وەکوو سەرۆکی

ئەو کاتی حکوومەت هەمیشە ئەوەم لە یادە و داوا لە ئەندامانی پارتی و یەکگرتوویش دەکەم کە ئەو وێستگە هاوبەشانەی نێوانمان لە بیر نەکەن، کە ئەو وێستگانە زۆر زیاترن لە ناکۆکییەکان.

کەوابێ یەکگرتوو هاوکار و هاوخەباتی پارتی و حزبە کوردستانییەکان بووە و با کەسمان ئەوە لەبیر نەکەین. ئێستایش ئێمە ئامادەین پەیوەندی دۆستانە و هاوپەیمانی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی بەرەوپێش ببەین و شان بە شانی لایەنە نیشتمانپەرەوەرەکانی دیکە خزمەتی ئاوەدانی و گەشەپێدانی وڵاتەکەمان بکەین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە گەورەکانی گەلەکەمان هیچ هۆکارێک یان پاساوێک نابینین بۆ بەردەوامبوونی کەشوهەوای گرژی و ئاڵۆزی، بەڵکوو دەبێ هەموو لایەک هەوڵ بدەین زوو بە زوو ئەم هەڵومەرجە نائاساییە چارە بکەین و تێپەڕێنین، چونکە ئەرکی زۆر گەورەترمان لەپێشە، بۆ ئەو مەبەستەیش گەلی کوردستان چاوەڕوانی یەکریزی و تەبایی هێزە سیاسییەکانییەتی.

پارتی ڕێز لە ماف و ئازادی کاری هەر لایەنێکی سیاسیی نیشتمانی خاوەن مۆڵەت و یاسایی دەگرێ، چ لە کابینەکانی حکوومەت بەشداربن، یاخود لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا بن.

پێویستە یەکتر قبووڵ بکەین، بە پێی توانا باری یەکتر هەڵبگرین و پشوو درێژ و لە خۆبردوو بمێنینەوە، ئەوەیش بەتایبەتی لەو قۆناغەدا لە هەموو کات پێویستترە، بۆیەیش وەک ئەرکێکی نیشتمانی نابێ هیچ لایەکمان خۆمان لەوە دوور بگرین.

کێشە نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان هێشتا ماوە و نەبراوەتەوە، هەموو نەتەوەی کورد چاوی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستانە، هەموو کورد هێز لە بەهێزی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ. ڕووداوگەلی تووند و خێرای وڵاتانی دوور و دەوروبەرمان، بارێکی تازەیان هێناوەتە پێشەوە، کە بە گشتی ئیجابین و لە بەرژەوەندیی داهاتووی مەسەلەی گەلەکەماندان.

ئێستا لەو سەردەمەی بووژاندنەوەی هێزی جەماوەری گەلانی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەدا لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا، دەرفەتێکی زۆر گونجاو ڕەخساوە بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی گەلەکەمان لە پێناو ئازادی و گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی. ئەوە دەرفەتێکی تازەیە بۆ گەلەکەمان، دەبێ بە شێوەیەک کار لەسەر ئەو دەرفەتە بکەین کە نەوەی داهاتوو گلەییمان لێ نەکات، دەبێ هەموو هەوڵێک بدەین بۆ دانەبەزاندنی ورەی گەلەکەمان کە هەرێمی کوردستان چەقی ورەبەرزی هەموو کوردە.

ئێمە چ وەک پارتی، یان وەک کابینەی نوێی حکوومەت، چاوەڕوانی گەڕانەوەی باری تەبیعی پەیوەندی هەردوولاین، ئومێدەوارین ئیتر بەرەو دۆخێکی کراوەتر و گەشتر بڕۆین. بێگومان ئەوەیش بەندە بە خواست و ئیرادەی هەموولایەک، گرنگیش ئەوەیە یەکتر قبووڵ بکەین، جیا لە پێگە و قەوارە و بیروڕای هەر لایەنێک. ئێمە گەشبینین کە بەرەو قۆناغێکی بەرزتر دەڕۆین و، کوردیش دەگاتە ئاستێکی باشتر.

هەربۆیەیش دووبارەی دەکەینەوە کە لە چوارچێوەی گیانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە، پاراستنی یاسا و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە بەرزەکانی گەل، ئامادەی گفتوگۆ و هاوکاری هەموولایەنێکین. سەرئەنجام کوردستان وڵاتی هەموومانە، کێشەی کوردیش پەیوەستە بە هەموو لایەکمانەوە، بە تاکە حزبێک یان تاکە کەسێک بەڕێوە ناچێت، پێویستی بە پشتگیریی و هاوکاری جەماوەری گەلی کوردستان و هەموو هێز و لایەنە نیشتمانییەکانە. ئەمڕۆیش لە هەموو ڕۆژ زیاتر ڕۆژی ئەو هاوکارییەیە.

# کورد لە تورکیا

و: سەردار زەنگنە

کۆماری تورکیا ساڵی ١٩٢٣ لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورکەوە دامەزراوە، وڵاتێکە زۆربەی هەرە زۆری خاکەکەی دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە و بەشێکی کەمی دەکەوێتە کیشوەری ئەورووپاوە، تورکیا شوێنێکی ستراتیجی گرینگ و کاریگەری هەیە، سنوورەکەی، لە ڕۆهەڵاتەوە، جۆرجیا، ئێران، ئەرمینیا و ئازربایجانە، لە ڕۆئاواوەش دەریای ئیجە، یۆنان و بولگاریا، لە باکور دەریای ڕەش، لە باشووریش دەگەڵ عێراق و سوریا و دەریای ناوەڕاست هاوسنوورە، سنوورێکی دەریاییشی دەگەڵ قوبرسدا هەیە.

بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی دانیشتوانی تورکیا ٧٢ ملیۆن کەسە، پێکهاتەی دانیشتوانەکەیشی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، دەیان نەتەوە و ڕەگەز لەخۆ دەگرێت، زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بەڕێژەی سەرجەم نەتەوەکانی ئەو وڵاتە لەبەردەستدا نییە، بەو پێیەیەی تورکیا پێیوایە هەموو ئەوانەی لە تورکیا دەگوزەرێن تورکن، دیارە ئەمەش لە لایەن نەتەوەکانی دیکەوە، بەتایبەتی کورد، مایەی قبوڵکردن نییە، وەک ئاشکرایە تورکەکان زۆرینەی ئەو وڵاتە پێکدێنن، کە ڕێژەیان ٦٦٪ە پاش ئەوانیش کورد دێن و ڕێژەی



٣٠٪ ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنن، پاش ئەمانیش عارەب دێن لە ٢٪ ی دانیشتوان پێکدێنن، لە ١٪یش چەرکەس و ٠,٥٪ جۆرجیایین، بەهەمان شێوە نەتەوەکانی دیکەی وەک ئەرمەنی یۆنانی، ئاسووری، سریان و کلدان، بۆسنی، ئەلبانی، چاچانی و بولگارەکان ٠,٥٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنن.



ئەمڕۆ تورکیا بەیەکێک لەو وڵاتانە هەژمار دەکرێت، کە زۆرترین ڕێژەی کوردانی تێدایە، سیاسەتی تورکیاش دیارە لە سەردەمی ئەتاتورکەوە سیاسەتێکی خراپی دەهەمبەر کوردان ئەنجام داوە، هەردەم پێشێلی مافەکانیان کراوە، تەنانەت قسەکردن بەزمانی دایک تا ساڵی ١٩٩١ وەک تاوانێک سەیر دەکرا، حکوومەتەکانی تورکیا هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بوونە سەرجەم ئەو نەتەوانە لە نێو نەتەوەی تورکاندا بتوێننەوە، لەبەرامبەریشدا ناڕەزایی ئەوانی دیکە بەتایبەتی کوردی لێ کەوتوەتەوە، هەر ئەمەش بوو وایکرد شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا، تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی وەک عارەب، ئەرمەن، ئاسووری و چەرکەس بەشدارییان لەو شۆڕشەدا کرد، ئەو شۆڕشە ساڵی ١٩٢٥ هەڵگیرسا و زۆر بەخێرایی بڵاوبووەوە، لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە ٦٠٠ هەزار کەس، ١٠٠ هەزاری دیکەش لە عارەب، ئەرمەن، ئاسووری و چەرکەس بەهەردوو لا توانییان گەمارۆی شاری دیاربەکر بدەن، لێ دواتر لە ناوەڕاستی نیسانی هەمان ساڵدا شێخ سەعید و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە قۆڵبەست کران و دواتر لە ٣٠ی ئایاری هەمان ساڵدا لەدار دران.

حکوومەتی ئەو کاتی تورکیا

بەوەندە نەوەستا بگرە دەستی بەهەڵمەتێکی فرەوان کرد لە دەڤەرە کوردنشییەنەکان وەک لە یادەوەرییەکانی (جەواهر لال نەهرۆ) و دانپێنانەکانی حکوومەتی تورکیادا هاتووە ژمارەی ئەو کوردانەی لەو سەردەمەدا لەلایەن تورکیاوە کوژران، خۆیان لە یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس دەدا، تەنانەت حکوومەتەکانی دیکەی پاش ئەتا تورکیش بەهەمان شێوە ساتوسەودایيان دەگەڵ کورداندا کردووە، درکاندنی پەیڤی کوردیش لەو وڵاتە بەتاوان هەژمار دەکرا، تا ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩١ سەرکۆماری ئەوسای تورکیا تۆرگوت ئۆزال ١٩٢٥-١٩٩٣ بۆ یەکەم جار ئاماژەی بەناوی کورد کرد، هەر هەمان ساڵ بۆ یەکەمین جار ئافرەتێکی کورد بەنێوی (لەیلا زانا) وەک پەرلەمانتار دەستنیشان کرا، ئەوەبوو ساڵی ١٩٩٤ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ زیندانی دەکرێت.

هەڵبەت بەهۆی سیاسەت و جەنگی نێوان حکوومەتی تورکیا و پەکەکە، زیاتر لە ٣ هەزار گوند خاپوور کران، نێزیکەی ٤٠٠ هەزار کەسیش دەربەدەر بوون، بەهەزارانی دیکەش لە هەردوو نەتوەی کورد و تورک بوونەتە قوربانی ئەو شەڕە خوێناوییانە، کە لە بەرژەوەندی هیچ کەسدا نییە، لە کاتێکدا پێویستە لە ڕێگەی دایەلۆگ، دانوستاندن و بەئاشتی پرسی کورد لەو وڵاتەدا یەکلایی بکرێتەوە.

سیاسەتی پەراوێزخستنی ناسنامەی کوردان لە تورکیادا، تەنیا هۆکار نەبوو بۆ زیاتر بەجیهان ناساندنی دۆزی کوردان لەو وڵاتەدا، بگرە هۆکاری دیکەی سیاسی و ئاینیشی لە پشتەوە هەبووە، جموجۆڵ و چالاکیی سیاسیی کوردانی دەرەوەی تورکیا بەتایبەتی پەنابەرانی کوردان لە وڵاتانی ئەوروپادا هۆکارێکی دیکەی زیندوون بۆ سەرهەڵدان

**حکوومەتی تورکیا هیچ کات دانی بەبوونی نەتەوەی کورد و دۆزی کوردان لە تورکیا نەناوە، بەفەرمی کوردانی تورکیای بەتورکە شاخاوییەکان ناو بردووە، دیارە ئەمەش بەمەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی کوردانە، ئەوان پێیانوایە تورک و کوردان یەک میللەتن**

و ناساندنی بزاڤی کوردان لە جیهاندا و خستنە ڕووی هەموو ئەو سیاسەتانەی دەهەمبەر کوردان لەو وڵاتەدا ئەنجام دەدرێن، هەر کوردیش هۆکاری نەچوونە تورکیایە بۆ نێو یەکەتیی ئەوروپا، کە دواتر وایکرد ئەو وڵاتە ناچار بکات، گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆی دەهەمبەر کوردان ئەنجام بدات.

بۆیە حکوومەتی تورکیا لە سەرهەڵدانی هەر بزاڤ و جموجۆڵێک سڵ دەکاتەوە بەتایبەتی بزاڤی کوردان، چونکە پێیوایە ئەوان هەر ڕۆژێک دێت وەک سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی جیهان جیاببنەوە و ببنە خودان قەوارەی خۆیان.

### تورکە شاخاوییەکان

لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە حکوومەتی تورکیا هیچ کات دانی بەبوونی نەتەوەی کورد و دۆزی کوردان لە تورکیا نەناوە، بەفەرمی کوردانی تورکیای بەتورکە شاخاوییەکان ناو بردووە، دیارە ئەمەش بەمەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی کوردانە، ئەوان پێیانوایە تورک و کوردان یەک میللەتن، تورکیا لە ڕابردوودا هەڵوێستی نەرێنیان دەهەمبەر کوردان نواندووە، دژی سەرهەڵدانی هەر قەوارەیەکی کوردان بوونە، ئەتاتورک بەمەبەستی لەباربردنی پەیماننامەی سیڤەر، کە مافی کوردانی فەراهەم دەکرد لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەرخۆبوو، چەندین جەنگی هەڵگیرساندووە، لێ لە پەیماننامەی لۆزان ئەو مافە لە کوردان سەنرایەوە. ئەگەرچی تورکیاش لەم ساڵانەی دواییدا کرانەوەیەک لە سیاسەتیدا دەهەمبەر کوردان بەدی دەکرێ، ئەوان پێشتر بەهیچ شێوەیەک دانیان بەبوونی نەتەوەی کوردان لە تورکیا نەناوە، کە دووەم نەتەوەن، چەمکی نەتەوەش لای ئەوان بەواتای جولەکە و کریستیان دێت، لە دەستووردا ئاماژە بەوە دەکات سەرجەم میللەتی

تورکیا خودان یەک کولتوور و یەک ڕۆشنبیرین.

## ژیانی کۆمەڵایەتییان

کوردان بەو پێیەی لە ڕووی ڕێژەوە دووەم نەتەوەن لە تورکیادا، بۆیە ئەوان لە زۆربەی شارەکانی تورکیادا بوونیان هەیە، بەتەنیا لە شاری ئەستانبول ٥ ,٢ ملیۆن کوردی تێدا دەژین، زۆربەیان لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی وەک: «سوڵتان بالیە، نشار شومبا، غازی و کمجیە»، . پاش ئەوەی لە دەڤەرەکانی پێشووی خۆیان بەهۆی خراپیی گوزەرانیان و بوونی جەنگ لە ناوچەکە بەرەو ئەو شارانە هەڵهاتن، دیارە تورکیاش بەو چاوەوە لە کورد دەڕوانێ، کە زۆربەی هەرە زۆریان ئاشتیخوازن، بەشێکی کەمیان شەڕانگێزە بەبۆچوونی ئەوان تیرۆرستن، بەشی یەکەمیان بەئارامی دەژین و چەندین ناودار و پلەداریان تێدا هەڵکەوتووە، لەنێویاندا تۆرگۆت ئۆزال، سەرۆکی ئێستەی ئەنجومەنی نوێنەران (حیکمەت چەتین)، وا باسیش دەکرێت یەک لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لە کوردان پێکدێن و هەندێکشیان وەچەی شێخ سەعیدی پیران.

کوردانی تورکیا قورسایی دارایی و ئابووریی زۆریان لەو وڵاتەدا هەیە، زۆربەیان لە بوارەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و مەڕداریدا کار دەکەن، کەسانێکی زۆریان تێدا هەڵکەوتووە، لەنێویاندا (تەسلی جەلال، ئینتش کالیلار و ئەنوەرلار) و چەند کەسانێکی دیکە، تێکەڵاوبوونی کوردان لەنێو تورکاندا لە هەندێ حاڵەتدا لەبەرژەوەندیی کورداندا نەبووە، چونکە ئەوان هەردەم دژ بەخواست و داخوازییەکانی کوردان بوونە، هەر ئەمەش وای کردووە هەندێ کەسانی کوردیش هەمان هەڵوێستی تورکان بنوێنن و وابەستەگییان بۆ نەتەوە لاواز بێت، نموونەی زیندووی ئەم باسە کەسی وا هەیە لە کاتێکدا خۆی کوردێکی نێو پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە و سەرۆکی هۆزێکی کوردیشە، کەچی بوونی پرسی کوردان لە تورکیا ڕەتدەکاتەوە، وا خۆی دەناسێنێ کە سەرکردەیەکی تورکە نەک کورد.

لە بواری ڕۆشنبیریشدا، بەهەمان شێوە تورکیا سیاسەتێکی داخراوی بەرامبەر بە کوردان پەیڕەو دەکرد، دژی سەرهەڵدانی هەر بزاڤ و چالاکییەکی ڕۆشنبیری بوونە، ڕێگربوونە لەبەردەم بواری چاپەمەنیدا، دیارە کە ڕێیان پێ نەدراوە بەرهەمەکانیان بەچاپ بگەیەنن، ناچار بوونە پەنا بۆ دەرەوە بەتایبەتی بۆ باشووری کوردستان بەرن، هەڵبەت ئەمەش حکوومەتی تورکیای نیگەران کرد و بەپێی یاسای ساڵی ١٩٦٧ ڕەفتاری دەکرد.

دەرئەنجام لەم ساڵانەی دواییدا شێوە کرانەوەیەک لە سیاسەتی تورکیا دەهەمبەر کوردان بەدی دەکرێت، ئەم ڕەوشە نوێیە وایکرد ڕێگە بەدامەزراندنی چەندان دەزگە و سەنتەری ڕۆشنبیری بدرێت، لەوانە، بنکەی (میزۆپۆتامیا)ی ڕۆشنبیریی، دەزگەی کوردی بۆ کۆڵینەوە و ڕۆشنبیریی کورد، کە ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبووە لەو بوارەدا.



# کێشەی کوردانی فەیلی بەشێکی دانەبڕاوە لە پرسی گەلی کوردستان

**فەرهاد حوسێن**

دەگەڵ دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠دا گەلی کوردستان بووە یەکەم قوربانی پێکهێنانی ئەم دەوڵەتە، هەر لەو ڕۆژە بەدواوە تاکو نها سەرجەم حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە هەوڵی ئەوەدابوون، گەلی کوردستان لە بۆتەی نەتەوەی عارەباندا بتوێننەوە یاخۆ پاکتاوی نەژادی بکەن و لە نێوی ببەن، هەر بۆیە بەهەموو جۆر و شێوە و شێوازێک ئەگەر بۆیان بلوایە دریغیان نەدەکرد، بەردەوام دەکەوتنە وێزەی خەڵکی بێ تاوان و دووچاری ئێش و ئازار و ئەشکەنجەدان و کارەساتی جەرگبڕ و ئاوارەیی و دەربەدەریان دەکردن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئەو کارەساتە ڕەشەکوژییانە دەهەمبەر تەواوی میللەتی ئێمە لە پتربووندا بوون. هەڵبەتە دەگەڵ جڵەوگرتنە دەستی شۆڤێنییەکان، ئەم مەرگەساتانە بەشێوەیەکی ئاشکرا و بێ شەرمانە و دڕندانە ئەنجام دەدران، بەڵام بەگوێرەی نەخشە و پیلانێکی ڕەگەزپەرستانە و دڵڕەقانە تا دەهات پێشێلکارییەکان دەگەیشتنە ئەوپەڕی، ئەویش دەگەڵ هاتنی بەعسییە سەدامییەکان ساڵ لە دوای ساڵ بەدواوە سەردەمێکی تاریکتری بەدووی خۆیدا دەهێنا، بەواتایەکی دیکە زنجیرە تاوان و کوشتوبڕ و جینۆسایدەکانی بەعسییەکان دژ بەگەلی کوردستان تا دەهات توندتر دەبوو، بەتایبەتی لە دوای ڕێکەوتننامە شومەکەی جەزائیرەوە ئیدی هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان درا، کە لە سەرەتادا ناوچە سنوورییەکان تەخت و وێران کران و خەڵکەکەشی بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان یاخۆ باشووری عێراق ڕاگوێزران و تراژیدییاکانی میللەتی ئێمە گەیشتە چڵە پۆپە. بەڵام دەگەڵ هەموو ئەم ڕەفتارە کرێتانە و ئەم هەموو وێرانکارییەشدا، بەعسییە سەدامییەکان لە پیادەکردنی نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی خۆیان دەستیان هەڵنەدەگرت، چونکە پێدەچوو بیریان لە کردەی قێزەونتر دەکردەوە و چونکە دەیویست بەو ڕەفتارانەی پاڵەپەستۆی زیاتر دژ بەگەلەکەمان و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بسەپێنێت، سەرشێتانەش هەوڵیدەدا بەهەرچی کلۆجێک بێت ئەو پیلان و پلانانەی خۆی دژی گەلی کوردستان جێبەجێی بکات،

کاتێکیش نه‌یده‌توانی کۆنترۆڵی نه‌بردییه‌کانی هێزی پێشمه‌رگه‌ و شۆڕشه‌که‌ی بکات، ئیدی به‌ئاگر و ئاسن و به‌رده‌بووه‌ وێزه‌ی خه‌ڵکی سڤیل و سیاسه‌تی سووتماککردنی خاکی له‌ سه‌رانسه‌ری کوردستاندا پیاده‌ ده‌کرد. له‌ ساڵی ١٩٨٠ ده‌گه‌ڵ به‌رپابوونی جه‌نگی ئێران و عێراق سه‌دامی دیکتاتۆر به‌بروبیانووی جۆراوجۆر له‌ شالاوێکی



گرتن و راوه‌ دوونان دژ به‌کوردانی فه‌یلی پتر له‌ ١٥ هه‌زار لەم تۆێژه‌ سه‌ربه‌رزه‌ی میلله‌تی ئێمه‌ و نه‌ته‌وه‌ی ئێمه‌ ده‌که‌ونه‌ به‌ر ئه‌و شالاوه‌ و بۆ شوێنێکی نادیار راپێچ ده‌کرێن، که‌ ئه‌مه‌ به‌یه‌که‌مین ره‌فتار و کاری جینۆساید دژ به‌گه‌لی کوردستان داده‌نرێ، په‌ڵه‌یه‌کی ره‌شه‌ به‌ته‌وێڵی ئه‌نجامده‌رانی ئه‌و تاوانبارانه‌ی، که‌ زۆر درندانه‌ ده‌هه‌مبه‌ر به‌م تۆێژه‌ به‌رفره‌وانه‌ی گه‌لی کوردستان و به‌و شێوه‌ نامرۆیانه‌یه‌ ره‌فتاریان کرد، ئه‌م کاره‌ش له‌ ژێر په‌رده‌ی ئاینزایی و به‌بیانووی وابه‌سته‌بوونی کوردانی فه‌یلی و پاشکۆیه‌تیان بۆ ئێران ئه‌نجامدرا، که‌ که‌م شالاوه‌ له‌ رواڵه‌تدا ئه‌م رووپۆشه‌ی خرایه‌ سه‌ر، که‌چی له‌ راستیدا به‌هۆی کوردبوون و دانه‌برانی کورده‌ فه‌یلییه‌کان و وابه‌سته‌بوونیانی راسته‌کینه‌یان بوو بۆ گه‌لی کوردستان و به‌شداری کارا و کاریگه‌رییان له‌ شۆڕش و بزاڤه‌ رزگاریخوازییه‌که‌ی گه‌لی کوردستان هۆکاری سه‌ره‌کی راگوێزانی ئه‌وان بوو، که‌ سه‌ره‌نجام ئه‌و تراژیدیایه‌ دڵته‌زێنانه‌ی لێ ده‌که‌وته‌وه‌ و هه‌رده‌م نه‌هامه‌تی زیاتریان به‌سه‌ردا ده‌هات و پتر رووبه‌رووی کۆژان و ده‌رده‌سه‌ری و ده‌به‌ده‌ری زیاتر ده‌بوونه‌وه‌، هه‌روه‌ها ساڵی ١٩٨٣ کاتێک حکوومه‌ته‌ دیکتاتۆره‌که‌ی سه‌دام بۆ شاردنه‌وه‌ی شکسته‌کانی سوپا درنده‌که‌ی خۆی له‌ به‌ره‌کانی جه‌نگدا زیاتر له‌ ٨ هه‌زار مرۆڤی بارزانی سڤیلی بێ سه‌ر و شوێن کرد. به‌ڵام له‌ هه‌مووی ترسناکتر و توندوتیژتر به‌کارهێنانی چه‌کی کیمیاوی بوو، که‌ به‌یه‌که‌مین رێژیم له‌ مێژووی میلله‌تان داده‌نرێت، که‌ به‌چه‌کی کیمیاوی هێرش بکاته‌ سه‌ر دانیشتووان و خه‌ڵکی سڤیل و مه‌ده‌نی خۆی، که‌ له‌ ١٠ی نیسانی ١٩٨٧دا هێزی ئاسمانی به‌عسییه‌ سه‌دامییه‌کان دژ به‌گونده‌کانی هه‌ر سێ پارێزگه‌ی هه‌ولێر، سلێمانی و دهۆک بێ شه‌رمانه‌ به‌کاریهێنا، له‌ ئاکامدا سه‌دان که‌س له‌ خه‌ڵکی هه‌ر سێ پارێزگاکه‌دا شه‌هید و بریندار بوون، به‌ڵام له‌ ١٦ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨ گه‌یشته‌ ئه‌وپه‌ڕی و بووه‌ په‌ڵه‌یه‌کی ره‌ش به‌ته‌وێڵی ئه‌و رێژیمه‌ تۆتالیتاریانه‌ی دژ به‌مرۆڤایه‌تین، که‌ له‌و هێرشه‌ درندانه‌یه‌یدا دژ به‌خه‌ڵکی بێ تاوانی شاری هه‌ڵه‌بجه‌ زیاتر له‌ ٥ هه‌زار که‌س به‌چه‌کی کیمیاوی شه‌هید کران و پتر له‌ ٢٥ هه‌زار که‌سی

دیکەش بەسەختی بەگازی کیمیاوی ژەهراوییبوون، کە کاریگەرێتی ئەو ژەهراوییبوونەش تاکو ئێستە هەر درێژەی هەیە، دەگەڵ ئەوەی لە بەندی ١ی ڕێککەوتننامەی جینوساید هاتووە و دەبێژێت: «جینۆساید چ لە کاتی ئاشتی یاخۆ لە کاتی جەنگدا بەرپا بکرێ، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەتاوان لە قەڵەم دەدرێت، کەواتە بەیەکەمین ڕێژیم لە دنیا دادەنرێت، کە لە جینۆسایدکردن و دەربەدەرکردن و پاکتاوکردنی نەژادی سڵی نەکردووەتەوە، هەروەها لەبێ سەر و شوێنکردنی هەزاران لە خەڵکی بێ تاوان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تەختکردن و دەست بەسەردا گرتنی موڵک و ماڵ دەستی نەپاراستووە، هەر بەتەنیا لەسەرجەم شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەسی بێ تاوان جینۆساید کران و تاوەکو نها بێ سەروشوێنن. لەم کورتە نمایشکردنەدا دەخوازین قسە لەبارەی پرس و نەهامەتی ئەو کارەساتە جەگبڕانەدا بکەین کە بەسەر ئەم توێژە گرینگەی نەتەوەی ئێمەدا هاتووە بەدرێژایی ٥٠ ساڵی سەدەی ڕابردوو، دیارە چارەنووسی هەزاران لە کوردانی فەیلی، کەوتە ژێر چەپۆکی بەعسییە سەدامییەکان و نەتەوەپەرستانی شۆڤێنی عارەبان، ئەو کات ڕێژیم شاڵاوێکی دڕندانەی دەهەمبەر بەو توێژە بەر فرەوان و ڕەسەنەی گەلەکەمان دەست پێکرد، کە چاک دەیزانی لە لاپەڕەکانی دیرۆکی خەباتی نیشتمانی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی گەلی کوردستان شوێنیان دیارە و ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە، لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستەیاندا تووشی لەناو بردن بوونەتەوە لەسەر دەستی حکوومەتە دیکتاتۆر و دواکەوتووەکانی بەغدا. لە کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ شاڵاوی ڕاگواستنی بەزۆرەملێی کوردانی فەیلی سەریهەڵدا، دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە ناسنامە و بەڵگەنامە فەرمییەکانیان لێ سەنرایەوە و ڕەوانەی ئەو دیوی سنوور کران، ئەمە جگە لەوەی دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرا، دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتە دەست و پاشان عەبدولڕەحمان عارفی برای، ماوەیەک ئەم شاڵاوە ڕەگەزپەرستانەیە وەستێنرا، بەڵام جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە، لە ڕۆژانی کودەتای ١٧-٣٠ تەمووزی ١٩٦٨ شاڵاوەکە پەرەی سەندو و توندتربوو، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧٠ بەر لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، بەڵام دوای ڕوخانی حکوومەتەکەی شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا جارێکی دیکە بەشێوەیەکی یەکجار توندتر و دڕندانەتر بەبیانووی پاشکۆیەتییان بەئێرانییبوون ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەنرایەوە، تەنانەت ئەو کەسانەشی گرتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامە و ناسنامەی سەردەمی عوسمانی بوون، کە لە باب و باپیرانیانەوە هەر عێراقیبوون و لەم وڵاتەدا ژیاون و هاووڵاتی و دانیشتووی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن کە پێی دەڵێن عێراق. ئەم شاڵاوە لە ٧ی نیسانی ١٩٨٠ گەیشتە ئەوپەڕی بەرفرەوانی تا وای لێهات نێزیکەی ٣٠٠ هەزار لە کوردانی فەیلی بەرەو سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران ڕاگوێزران و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرا، لە ئاکامی ئەو ڕەفتارە نامرۆیانەدا کوردانی فەیلی دووچاری ڕەوش و بارودۆخێکی نالەبار و تراژیدیایەکی دڵتەزێن و جەرگبڕ بوونەوە، کە بەشێوەیەکی

**نێزیکەی ٣٠٠ هەزار لە کوردانی فەیلی بەرەو سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران ڕاگوێزران و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرا، لە ئاکامی ئەو ڕەفتارە نامرۆیانەدا کوردانی فەیلی دووچاری ڕەوش و بارودۆخێکی نالەبار و تراژیدیایەکی دڵتەزێن و جەرگبڕ بوونەوە**

دوور له هەموو نەریتێکی مرۆیانە ساتوسەودابیان دەگەڵدا دەکرا، تا ئەو ئاستەی هەزاران گەنجیان له خانەوادەکانیان دابڕاند و ڕەوانەی زیندانەکان کران، ئەوانەی که تەمەنیان له نێوان ١٥-٣٠ ساڵان بوو، تاکو ئێستەش پتر له ١٥ هەزار له کوردانی فەیلی بێ سەروشوێن ماونەتەوە و چارەنووسیان نادیارە. کێشەی کوردە فەیلییەکان، پرسێکە کەوتبووە چوارچێوەیەکی ڕامیاری و پتر ئەوە بەدەردەخات، که ڕێژیمی شۆڤێنی گۆڕبەگۆڕ لەم ڕەفتارانەیدا، له سۆنگەی هەم دەمارگیری نەتەوەیی و مەزهەبی لەلایەک و هەم چەوساندنەوەی ئابووری ئەم ڕەفتار و کردەوانەی ئەنجام دەدا، چونکە زۆربەی ئەندامانی ژووری بازرگانی شاری بەغدا له بازرگانە مەزنەکانی کوردانی فەیلی پێکهاتبوون. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کێشەی کوردانی فەیلی هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا بوروژێنرێ و هەوڵیش بدرێ هەڵمەتێکی ناڕەزایی دەربڕین و ئیدانەکردنی ئەو ڕەفتارە نامرۆیانە جدیتر بخرێنە گەڕ، که ئەمەش دەبێ لەو چوارچێوەیە و بەو ئاست و ئاراستەیە ببردرێت، که بەشێکە لەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ، که دژ بەتوێژێکی بەرفرەوانی کۆمەڵگەی کوردی له دەڤەرە جیاجیاکاندا و بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو ئەنجام دراوە، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان ئاوڕێکی زیاتریان لێ بداتەوە و بەپێی توانا پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکات، هەروەها بەهاوئاهەنگی دەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئاسانکاری بۆ ئەو کەس و خانەوادانە بکرێت بۆ ئەوەی بۆ زێد و شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە و جارێکی دیکە له دەڤەرە ڕەسەنەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بکرێن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی تەواوی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە، بۆ پەرلەمانتارانی کورد و ئەو وەزیر و کاربەدەستە کوردانەی له حکومەتی بەغدادان، دەبێ هەموو وزە و تواناکانیان بەو ئاست و ئاراستەیە بخەنە گەڕ، که پرس و کێشەی کوردە فەیلییەکان، بەشێکی دانەبڕاوە له تەواوی پرسی گەلی کوردستان، بۆیە دەبێ بەشێوەیەک سەودایی لەگەڵ ئەم پرسەدا بکرێت، که ڕێگە نەدرێت، خەڵکانی دیکە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بیقۆزنەوە. لێرەوە دەبێژین جینۆسایدکردن و بێ سەروشوێنکردنی کوردە فەیلییەکانیش سەرەتای زنجیرەیەکی دوور و درێژی «پاکتاوی نەتەوەیی و نەژادی دژ بەگەلی کوردستان بوو، هەموو ئەو کارە و ڕەفتارە کرێت و قێزەونانەش بەهەر شێوەیەک بەعسییە سەدامییەکان ئەنجامیان دەدا، بەهیچ شێوەیەک نابێ له یەکدییان جودا بکەینەوە، دەبێ وەک یەک تەماشایان بکەین، چونکە تەواوی ئەم کارەسات و قوربانییانە بوون پێکەوە، که ئێستەیان بۆ گەلی کوردستان چێ کردووە و ئەم کەتوارەی ئەمڕۆیان لەسەر ڕۆنراوە، بۆیە پێویستە هەموو ڕێوشوێنە سەردەمییەکان و هاوچەرخەکان بگرینە بەر بۆ زیاتر نیشاندانی هەموو کارەساتەکانی میللەتەکەمان بەتایبەت بۆ ڕای گشتی عارەبان و ئیسلامی، که له ماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بە چ شێوەیەک ساتوسەودایی دەگەڵ میللەتێک بەهەموو توێژە جیاکانییەوە دەکرا، بۆیە پێویستە پیاوانی ئاینی و مەلاکانی جیهانی ئیسلامی و کۆنگرەی وڵاتانی موسڵمان هەڵوەستەیەکی جدیانە دەهەمبەر ئەو کارەسات و مەرگەساتانەدا بکەن و ڕاستییەکان بۆ دنیای ئیسلامی ڕوون بکەنەوە، که بە چ شێوەیەک گەلێکی ٤٠ ملیۆنی بەرەو مەرگ دەبردرا، با هەر هیچ نەبێت، ئەو گەلەی که دەیان کەڵە پیاوی وەک سەلاحەدین ئەیوبی بەرهەمهێناوە، که تاکو ئەمڕۆ هەوڵ بەشێوە و شێوازی جیاواز هەوڵ دەدرێت مافی نەوەکانی پێشێل بکرێن و دەنگی ڕەسەنی کپ بکرێت.

جا بۆیە پێویستە ئەم تراژیدیایە دڵتەزێنانە ببنە هاندەرێک بۆ تەواوی گەلی کوردستان بەهەموو توێژەکانییانەوە لەسەرووی هەموویانەوە کوردانی فەیلی، چونکە



هێز و توانای گەلی کوردستان لە یەکڕیزی هەموو چین و توێژەکانییەوە بەرجەستە دەبێت، لەکاتێکدا، کە گەلی کوردستان لە بەردەم بەرەنگاربوونەوە و یەکلاکردنەوەی چەندین ئاریشە و کێشەی چارەنووسسازدان، بۆیە کوردە فەیلییەکان، بەهیچ شێوەیەک کێشە و گرفتەکانیان نابێت، لە کێشەی سەرجەم گەلی کوردستان جیا بکرێتەوە و خۆیان جیا بکەنەوە، کەواتە دەبێ کوردانی فەیلی ئەو ڕاستییە بزانن، ئەوان کوردی ڕەسەنن و وەک کوردانی دیکە خودان ئەم نیشتمانەن، کە هەموومان پێی دەڵێین کوردستان، بۆیە هێز و توانای کوردە فەیلییەکان و قەبارەی ناسۆری و کۆژانەکانیان لە چوارچێوەی، کێشە گەورەکەی گەلی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە و بەهیچ جۆرێک خۆی جیا ناکاتەوە، هەر کەس و لایەنێک هەر هەوڵێکیش بەئاراستەیەکی دیکەدا بدات، ئەوا زیانێکی مەزن بەو توێژە دەگەیەنێت، بۆیە کوردە فەیلییەکان دەبێ لە هەموو کەسێکی دیکە وریاتر بن، هەر دەسکەوتێک بۆ گەلی کوردستان بەرهەم بێ، ئەوانیش پشکیان لەو دەسکەوتە بەردەکەوێت وەک توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی دەکارن سوودمەند و بەهرەمەند بن.

بۆیە سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان دەبێ هەوڵ و کۆششی زیاتر بۆ گەڕانەوەی هەموو مافەکانی کوردە فەیلییەکان بدات، چونکە لەم سەردەمەی بانگەشەی مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی دیموکراسیدا دەبێ ڕژێمە دیکتاتۆر و شۆڤێنییەکان، ئەوانەی کە پێشێلکاری زەقی مافی مرۆڤ ئەنجام دەدەن بکرێنە پەند بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە هەموو ڕەفتارێکی جینۆساید و کۆمەڵکوژی بەدوور بێت.

# پەیڤین بەئاراستەی دنیایەکی جوانتر

**کامەران تاهیر**



مرۆڤەکان لە هەر گاڤ و قۆناخ و سەردەم و دەورانێکدا، هەردەم لە هەوڵی بێوچان بوون، بۆ جوانترکردنی ژیان و بەخشینی واتایەکی مەزنتر بۆ ژیان، کە تیایدا بکارێت لە تەواوی مافەکانی بەهرەمەند بێت و خۆشگوزەرانی و خۆشنوودی بۆ هاوڕەگەزەکانی و خەڵکانی دیکەش فەراهەم بکات، لەپێناو دوورخستنەوەی تارمایی مەرگەسات و وێرانکاری و ململانێیە خوێناوییەکاندا، هەرچەندە ژیانی مرۆڤەکان برێتییە لە ململانێ، ململانێکردن بەئاراستەی جوانترکردنی ژیان و ژیان دۆستی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی و ژینگەپارێزی بەچەمکە فرەوانەکەی، کە جێگەی هەمووومانی تیادا ببێتەوە، ئالێرەدا مرۆڤە هزرمەند و ڕۆشنفکر و ڕووناکبیرەکانی هەر کۆمەڵگەیەک دێنە پێشەوە و دەبنە پێشەنگ و سەرتۆپی ریفۆرم و چاکسازییەکان، ئەو سەرچاوانەش خۆیان وێنا دەکەن، کە ئەو مرۆڤانە پشتی پێ ببەستن بۆ کۆنترۆڵکردنی ململانێ خوێناوییەکان، کارەساتبارەکان، وێرانکارییەکان، خۆی لە پەیڤین و دایەلۆگدا بەرجەستە دەکات.

کاتێک پەیڤین و دواندن و گفتوگۆکردن بێتە پێشەوە، ببێتە ئامراز و ئەلتەرناتیڤی سەردەم تەواوی واهیمە چەقبەستووەکانی گرووپ و مرۆڤە دەماگیر و ڕەگەزپەرست و تەسک بینەکان پاشەکشە دەکەن، لە خەوی بێئاگایی بێدار دەبنەوە و ڕادەچەڵەکێن، کە دید و بینای چاوەکانی ئەو کەسانەی کوێر کردووەتەوە، کە کوێرانە بڕواننە شتەکان و خەڵکانی دی نەبینن و پێیانوابێ، ئەوەی ئەوان دەیکەن و دەیڵێن ڕاستە، هەرگیز هەوڵیان نەداوە و ناخوازن هەوڵبدەن، بەپێوەری سەردەمیانە شتەکان هەڵسەنگێنن، کە دوێنێ چۆن بوونە و ئەمڕۆ چۆنن ، ئەو کەس و گرووپ و لایەنانە پێ بزانن یاخۆ نەزانن، بەو گوتار و بانگەشەکردنە ناپەسەند و نەشیاوانەیان، پێیانوایە دەکارن دەروون و سایکۆلۆژیای هاورەگەزەکانیان داگیر بکەن، بۆ ئەوەی لەوێوە هەوڵی بەدیهاتنی خەونە نەزۆک و بزڕکاوەکانیان بدەن و بەرژەوەندی و مەرامەکانیان بێنەدی، کە ئەمڕۆ گشت کەسێک باش دەزانێت، ئەو رەفتارانە لە دژی هاوڕەگەزەکانیانە، ئەوان بەو کارەیان دەخوازن جارێکی دیکە تارمایی شەڕێک لە بەرامبەر خودەکانی دیکە، پێکهاتەکانی دیکە، نەتەوەکانی دیکە، دنیایەک لە قەیران چێ بکەن، پێکهاتەکان هەوڵی سڕینەوەی یەکدی بدەن، ئەو دەروون نەخۆش و ناتەندروستانە لەبری ئەوەی بەزمانی گوڵ، کە زمانی سەردەمە بپەیڤن، دەخوازن زمانێکی زبر باڵادەست بێت و ڕەوایەتی پێ ببەخشن ، ئەو کەسە غەوارە و گرووپە نامۆیانەی هەڵگری ئەم جۆرە فۆرمەن لە بیرکردنەوە، ئیتر لە کۆمەڵگە جێگەیان نابێتەوە، چونکە ئەوان لە هەوڵی پیسبوونی ژینگەی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەن و دەخوازن لێبوردەیی و یەکدی قبوڵکردن بوونی نەمێنێت و لە بن و بۆتکەوە هەڵیتەکێنن، لێ ئەو دەنگانەی دەخوازن لە ئاوی لێڵدا ڕاوبکەن، تۆڕەکانیان دڕاوە و قولابەکانیشیان ناکارێت هیچ شتێک ڕاو بکات و بگرێت، ئەو کەسانە لە دەرەوەی مێژوو لە پەراوێزی بویەرەکان دەمێننەوە، لەوە زیاتر ناکارن کاریگەری چێ بکەن، چونکە ماسک و دەمامکەکانیان لەمە پتر ناتوانێت ڕووی کرێت و قێزەونیان بشارێتەوە. کۆمەڵگەی ئێمە پێیوایە پەیڤین و دایەلۆگ لە خەسڵەتە هەرە دیار و جیاکەرەوەکانی ئەم گاڤەن و کرانەوەی ئاوەز بەرجەستە دەکەن، چونکە دایەلۆگ سەکۆیەکە بۆ دەست خستنە سەر ئاریشەکان و دەست نیشانکردنی کێماسییەکان و ڕووە نەرێنییەکان، چرایەکە بۆ ئەوەی تەواوی مرۆڤەکان ڕوونتر ڕوخساری یەکدی ببینن، پەیڤین واتایەکی نوێی دیکە و جیاواز دەبەخشێتە ژیان ، زۆربەی کاتەکان واهیمەکان لای مرۆڤەکان دەبێتەوە ڕاستی و جێگرەوەی ئاوەز، بەشێوازێکی ناتەندروست ئاراستەی بزاوتنی مرۆڤەکان دەکات، لە پێناو هێنانەدیی چەند ئەنجام و ئامانجێکی دیارکراو.

کەواتە بۆنەهێشتنوڕیشەکێشکردنی تەواوی واهیمە و بێهودەییەکانی مرۆڤەکان، پەیڤین و گفتوگۆکردن و دواندن لەتەک ئەوانی دی، باشترین پرۆسەیە، بۆ کۆتاییهێنان بەو هەموو

وڕێنەکردنانەی مرۆڤەکان، چونکە زۆربەی کات واهیمەکانی مرۆڤ شوێنکاتەکان دەشێوێنێت، دنیایەک وێناکردنی ئەفسانەیی لەلای تاکەکان چێ دەکات و چیرۆکی فانتازیایی دەکاتە کەتواری کۆمەڵگە و بەشێک لە دیرۆکی خۆی پێ ڕەنگرێژ دەکات.

کەواتە ئەم سەردەمە وا دەخوازێت، پەیڤین و لێکگەیشتن و دایەلۆگ لە نێوان تەواوی گرووپ و بیروبۆچوون و کولتوور و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان بێتە پێشەوە، ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان، ئاینییەکان، ئاینزاکان، جیاوازییەکان، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ڕەوتی کۆمەڵگە زیاتر بەرەو پێشڤە دەبات و ئاریشە و کێشە و تەنگوچەڵەمەکانیش ئاسانتر و زووتر چارەسەر دەبن، چونکە هەموو کاتەکان بەکارهێنانی زمانی زەبر یاخۆ توندی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە جۆربەجۆرەکان و یەکلاییکردنەوەیان ڕەوشەکە بەئاراستەیەکی دیکەدا دەبات و ئاڵۆزتری دەکات.

کولتووری هەر میللەتێک و ستایلی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ئەمڕۆ پێدڤییە لەتەک پەرەسەندن و گۆڕانکاری و پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکاندا، هاوتەریب بەرەو پێشڤە تەکان بدات، لەو سۆنگەوەی، کە نها مرۆڤەکان لە دنیای نوێ و کۆمەڵگە کراوە و پێشکەوتووەکاندا، بانگەشەی کولتوور و ژیارێکی هەمەلایەنەی مرۆیانە دەکەن، بۆ مرۆڤەکان، بۆ تەواوی مرۆڤەکان، لێ ڕەوتە دەمارگیر و توندڕەوەکان، دەخوازن لە ڕێگەی توندوتیژی، پرسەکان یەکلایی بکەنەوە و ڕێگە چارەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، ئەو ئاراستانەش لە تەواوی سەردەمەکاندا، جگە لە ماڵوێرانی و ڕک و کینە و دووبەرەکی و گوێڕایەڵبوونی کوێرانە هیچی دیکەیان بۆ کۆمەڵگەکانیان بەرهەم نەهێناوە.

بەم پێیە سەقامگیریی ڕامیاری و بووژانەوەی ئابووری و دادپەروەری کۆمەلایەتی و فەراهەمبوونی تەناهی، ئاشتی، ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی و بالادەستبوونی دیموکراتی، کە نها بووەتە پێداویستییەکی تەواوی کۆمەڵگەکان لە دنیادا.

لێرەوە گوتاری ڕۆشنبیری ئێمە وا دەخوازێت، بۆ ئەوەی بکارین بەتەواوی دەگەڵ ڕەوتی دنیای نوێ و سەردەم بەرەو پێشڤە پێنگاڤ بنێین، دەبێت گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە هەڵگری تەواوی ئەم چەمکە نوێیانە بن ، ئەو پرسانەی کۆمەڵگە بەبوێرییەوە قسەیان لەسەر بکرێت و زیاتریش قوڵ بکرێنەوە، ئەو ئاراستەیەش زیندوویەتی و ئامادەگی کۆمەڵگەی ئێمە بەرجەستە دەکات، بوونی ئاریشە و کێشە و پرسە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە لە تەواوی کایەکاندا قسە لەسەرنەکردنیان وا ناکات ئەو کێشە و ئاریشە و پرسانە بەکۆتا بێن یاخۆ بشاردرێنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەردەپۆشکردن و فەرامۆشکردنیان، وا دەکات لەساتەوەختێکی دیارکراو بتەقنەوە و سەرهەڵبدەن، کە ئیتر کۆنترۆڵکردنیان قورس و سەخت دەبێت، یاخۆ بڕێک جار هەر ناتوانرێت کۆنترۆڵیش بکرێن ، بۆیە ئێمە نابێ لە باسکردنی کێماسییەکان و دیاردە نەرێنی و ئاریشەکان بترسین ، قسەنەکردن و ڕەخنە نەگرتن، بەمانای هێشتنەوەی شتەکان لە دۆخی خۆی ، ئەگەرچی قسەکردن لە گەندەڵکاری و لایەنە نەرێنییەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە، خۆی لە خۆیدا هەستکردنە بەکەموکورتییەکان بەئاراستەی گۆڕانکاری، هەر بەم ئاراستەیەش تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەسەلات نێزیک دەکەونەوە و هەوڵی نەهێشتنی کێماسییەکان دەدەن وابەستەگیان بۆ داودەزگەکان پتر و پتر دەبێت، کە تەواوی ئەمانەش بەبێ پرۆسەی دواندن و پەیڤین فەراهەم نابێت، ئەگەر ئەمە سەبارەت بەکایە ئیداری و کارگێڕییەکانی ناو چەندین کایەی دی بەم شێوەیە بێت، ئاخۆ دەبێ سەبارەت بەپێوەندیی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی یەک کۆمەڵگە و کولتوور و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان، دەبێ پرۆسەی دایەلۆگ چەند گرینگ و زمانێکی چەند کاریگەر و بەتاو بێت ، ئاخر کاتێک من ڕێز لە ئەویدی دەگرم، هەوڵدانە بۆ سەلماندنی بوونی (من)ی نەتەوە، کە بوون و ئامادەگیم هەیە، کولتوور و پێکهاتە جیاوازەکانی

هەر کۆمەڵگەیەک، دەکارن لە ڕێگەی بەها ڕۆشنبیرییە کراوەکان بەگیانی لێبوردەیی و لێکگەیشتن سەودایی لەتەک یەکدا بکەن و ڕێز لە تایبەتمەندییە جوگرافییەکان، ئۆلییەکان، جیاوازییەکان بگرن، کە ئەم ئاراستەیەش وا دەکات زەمینەسازی بکات، دایەلۆگێکی کراوە لە هەموو ئاست و ئاراستەکاندا بەرپا بێت، دواتر ئەم ستایلە لە بیرکردنەوە، زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە ڕێکدەخات، کە لە دژی توندڕەوان و بیرتەسکانی کۆمەڵگە بوەستن، پەیڤین و دایەلۆگ وێناکردنی ڕاستییە شاراوەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە ئەنجام دەدات، لەوێشەوە جارێکی دی بونیادی پرۆژەی نوێ دادەڕێژێت بۆ تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لەسەر بنەما و پێوەندییەکی تەندروست، کە واتای نوێ، کولتووری نوێ ، ئاراستەی نوێ بەرهەم بهێنێت، هەموو توانست و وزە و هەوڵەکانیش، بەئاراستەیەکی شیاو و گونجاو دەبات، کە دواتریش هەر ئەم مۆدێلە لە کارکردن لە ڕاژەی مرۆڤەکاندایە، بۆ سەرخستنی تەواوی ئەو پرۆژانەی لە کایە جیاجیاکاندا ئەنجام دەدرێن، جێکەوتێکی کارا و کاریگەر لەسەر هەموو کۆمەڵگە چێ دەکەن.

هەندێک جاری دیکە دایەلۆگ لەگەڵ ئەوەی ونبوونی وەهمی مرۆڤەکانە، ڕەنگە وێرانبوونی نوێی بەدواوە بێت، ئالێرەدا ئەو تەنگژە و ئاستەنگانەی پەیڤین چێی دەکات، ڕەوایەتی دەخاتە ڕوو بۆ دەست نیشانکردنی ئەو هۆکارانەی ئەو تەنگژە و قەیرانەیان هێناوەتە پێشەوە، وایانکردووە وەک ئاریشە و دیاردەیەک لە کۆمەڵگەدا خۆی بەرجەستە بکات. لە هەمان کاتدا دواندن و پەیڤین دەست دەخاتە سەر ئافریدەکاری تەنگژە و ئاریشە هەمەجۆرەکان، وێڕای ئەمەش سروشتی ئەو فەزایەی لە دایەلۆگەوە، قەیران چێ بێت و ئەو پانتاییەش، کە بەبێ دایەلۆگ قەیران دروست دەکات، زۆر لە یەکدی جیاوازن، چونکە لەیەکەمیاندا قەیران لە پێناوی جۆرێکی دیکە لە دایەلۆگدا بێت، لێ دەخوازێت دایەلۆگەکان هەڵگری مەرگ بن و لە پشتیانەوە گۆڕ بۆ بەرامبەر هەڵبکەنرێت.

کۆمەڵگەی ئێمە هەم بۆ ئەوەی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لە بەرامبەر خەڵکانی دیکەدا بەرجەستە بکات و هەم بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شوناسی خۆی بکات، دەبێت دایەلۆگ و پەیڤین بکاتە سەرتۆپی کار و ئیشکردنەکانی ئێستە و ئایندەی خۆی ، کە ئەم ئاراستەیەش دەبێت لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە چیتر کۆمەڵگەی ئێمە مافی نەخورێت، دەبێت بەشێوەیەکی تەندروست پرۆسەی دایەلۆگ ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و کراوە و پێشکەتوو ڕۆبنێین، دەبێ پرۆسەی دایەلۆگ ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی دنیایەکی جوانتر و ئارامتر و ئاسوودەتر بۆ تەواوی تاکەکان فەراهەم بکەین و جێگەی هەموومانی تیادا ببێتەوە.

لە دەسپێکدا دەبێ دایەلۆگ لەگەڵ خودی خۆمان و کۆمەڵگەی خۆمان و پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی خۆمان ئەنجام بدەین، دەبێت لە دایەلۆگەوە هەوڵی چێکردنی ڕای گشتی و لێک نێزیکردنەوەی ئامانج و بەرژەوەندییە باڵا و هاوبەشەکانی هەموو و کۆمەڵگە بدەین، چونکە پەیڤین ساتە ڕابردووەکانی مێژوو بەپرسیارەکان دەسپێرێت، بەرسڤەکانی ئایندەش بۆ خواست و داخوازییەکانی تەواوی کۆمەڵگە دەورووژێنێت.

لێرەوە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستە لەسەری و گوتاری سەردەم وا دەخوازێت، دایەلۆگ و پەیڤین و دواندن بکاتە ئامرازێکی کارا و ئەکتیڤ بۆ بەرز ڕاگرتن و پیشاندانی شوناسی کۆمەڵگە، ئەم پرۆسەیەش ببێتە دەسپێک و پاشخانی پرۆژەکان لە تەواوی کایە و دەلیڤەکانی کۆمەڵگەدا، کە وا بکات واتای نوێ بەرهەم بهێنێت، چونکە هەر لە ڕێگەی پەیڤینەوە دەکارین کۆتایی بەتەواوی ئەو تەوتەم و تابۆ واهیمانەی نێو هەناوی کۆمەڵگە بهێنین، کە کۆسپ و ڕێگری چێ دەکەن، لەبەردەم پێکڤەژیانی و ناهێڵین جیاوازییەکان بەدەربکەون و مرۆڤەکان بەدادپەروەری و خۆشنوودی و خۆشگوزەرانی لەسایەی یەکدیدا وەک مرۆڤ بژین.

# داهاتووی پرۆسەی دیموکراتی له عێراقدا

**کاوە ڕێبوار**

ئاژاوە و کار و کردەوە تیرۆریستی و گێرە شێوێنەکان، وێنە تەڵخەکانی سەر شاشەی تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان، کەناڵە ئاسمانییە عارەبی و بیانییەکان و میدیاکانە بەهەموو ڕەنگەکانیانەوە، دنیایان هێنایە سەر ڕامانێکی دیکە، بەوەی کە هەرگیز ئومێدی ئەوە لە ئارادا نەبێت وڵاتێکی وەک عێراق جارێکی دیکە ئاسایی بەخۆی ببینێتەوە، هەر ئەمانەش وای لە پێکهاتە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە کرد، کە بەنیگەرانی و دوودڵی و دڕدۆنگییەوە سەیری ئەو ئایندەیە بکەن، کە ئومێدی دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت بوو، بەڵام دیارە ئەو خۆزگە و ئومێدانە وەک خونچەیەک نەگەیشتنە ئاکام، گروپە چەکدارە توندڕەوەکان و پاشماوەی بەعسییەکان بوونە پەڵەیەکی دیکەی خراپبوونی ڕەوشی عێراق بەگشتی و بەغدای پایتەخت بەتایبەتی. تەقینەوە و کار و ڕەفتارە تیرۆریستییەکانی ئەو گروپانە جارێکی دیکە بوونەتە وێنەیەکی تەڵخ و کەرەستەیەکی کرێت و قێزەون، بەتایبەت بووەتە بنێشتە خۆشەی بن ددانی کەناڵە ئاسمانییە عارەبییەکان، دیارە ئەو کارە تێکدەر و تیرۆریستییانە، نەک هەر هیچ لە پرسی بەرنامە و ستراتیجییەتی و بەرژەوەندییەکانی وڵاتێکی زلهێزی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناگۆڕن، بەڵکو ئەوەی تا ئێستە باجی ئەو سەرەڕۆیی و لاسارییانەی ئەو گروپانەی داوە و دەدەن تەنیا هاووڵاتییانە و بەس، کەواتە ئەم پێکدادانانەی، کە ناوە ناوە لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەن و بۆ ماوەیەک سەرهەڵ دەدەن و دواتر کپ دەبنەوە و جارێکی دیکە دیسان پەیدا دەبنەوە، خەڵکانی دەرگیری ڕەشبینی کردووە و چاوەڕێی داهاتوویەکی باشتر ناکەن، کە بەم نزیکانە بێتە پێشەوە، چونکە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان ئەو کەتوار و ئەو بویەرانە ئاراستە دەکات.

بەم پێیە لە ئاکامی ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و ناهەموار و ئەو ململانێیە ترسناک و کوشندەیەی لە نێوان بارستە جیاوازەکاندایە، وایکردووە ڕەنگدانەوەی نەرێنی بکاتە سەر تەواوی کایەکانی ژیان بەگشتی و پرۆسەی دیموکراتی و ڕامیاری بەتایبەتی، کە



دەرەنجام وا بکات هاووڵاتییان ڕەشبین و بێ ئومێد بن، بێهودەیی باڵ بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکێشێت، و ئاسۆیەکی تاریک سەرهەڵبدات، چونکە دوای نێزیکەی ١٠ ساڵ بەسەر روخانی دەوڵەتی ترس و تۆقاندن تێپەڕ دەبێت، کەچی ئەو ڕەوشە ڕەنگە بەشێوەی جۆراو جۆر ئامادەگی هەبێت، بەواتایەکی ڕوونتر دەڵێین هەر کاتێک ئەم ململانێیانە لە وڵاتێکی وەک عێراق سەرهەڵبدەن، ئەوا دیاردەی تیرۆریش بەزەقی سەرهەڵدەدات و تارمایی مەرگ بەدووی مرۆڤەکان دەکەوێت ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکە ئەو کەتوارەی ئێستە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەدا تیایدایە لە چەندین دیوەوە شیتەڵ دەکرێ و شیکردنەوەی هەمەلایەن و جۆراوجۆری بۆ دەکرێ، بەڵام هاووڵاتییان دەبێژن بوونی ئەو ژمارە زۆرەی حزب و ئەو گروپە جیاوازانە، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆریان پێگەیەکی جەماوەرییان

نییە، لە هەمان کاتدا بوونەتە بارگرانییەک بۆ سەر بودجەی حکوومەتی عێراق و مانگانە بڕێکی زۆری پارەی هەڵدەلووشن، بەبێ ئەوەی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا هەبێت، جگە لە نانەوەی دووبەرەکی ئاژاوەنانەوە و چێکردنی پشێوی و تەنگژەی زیاتر بۆ پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە، هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری ئەم گروپانە هەڵگری هەمان ئەقڵییەتی بەعسن یاخۆ نەتەوەپەرستێکی توندڕەون، کە لەژێرچەندین ناو و دروشمی جیاجیا هاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسییەوە، کە لە تەواوی دنیادا وڵاتێک بەدی ناکرێت هێندەی وڵاتی عێراق حزب و ڕێکخراوی سیاسی بگرێتە خۆی، ئاخۆ ئەم ژمارە زۆرەی ئەم هەموو حزب و ڕێکخراوانە تا چەند دەتوانن گوزارشت لە بیربۆچوون و پێهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی عێراق بکەن? تا چەندیش دەکارن ببنە کۆڵەگەی بەرقەراربوونی ئارامی و ئاسوودەیی لە عێراقدا? پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە ئاخۆ گەلانی عێراق ئەم هەموو حزبانەی پێویستە? سەرهەڵدانی ئەم هەموو ڕێکخراوانە پێداویستی و پێویستییەکانی سەردەم چێی کردوون یاخۆ زۆربەی هەرە زۆریان ئەجیندای دەرەکی لە پشتەوەیانە? بۆیە ئەم ڕەوشەی ئەمڕۆ و ئەو کەتوارەی ئێستە هەم بۆچوون و بیروڕا جیاوازەکانیشی ئاڵۆزتر کردووە، هەمیش ئەم ڕەوشەی ئێستەی گەلانی عێراق پێویستی بەجدیەتی کارکردن و ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانە، کەچی بەتەواوی پەکیان کەوتووە، لێرەوە گەلانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی دووچاری نائومێدییەک بوون لە ئایندەی خۆیان، کە ئەوان بەزەردەخەنەوە پێشوازیان لە ڕووخانی دیکتاتۆرییەت کرد، بۆیە دەنگۆی جۆراوجۆر لە ئارادایە، وەلێ ئەمەش بەو واتایە نییە، کە گەلانی عێراق خۆزگە بەڕێژیمی پێشوو بخوازن، چونکە ئەو ڕێژیمەی ئەوانی ڕووبەڕووی دەیان کارەساتی جەرگبڕ و دڵتەزێن کردەوە ڕێژیمێک بوو، کە هەرگیز مێژووی مرۆڤەکان دڕندەیەکی وەهای بەرهەم نەهێناوە، بەڵام کە ئێستە خۆری دیکتاتۆریی ئاوابووە، ئەم پێکهاتانە و شەبەنگە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم وڵاتە ئایندەیەکی گەشتر دەخوازن کەچی کەتوونەتە نێوان دوو بەرداشی زل و زەبەلاح و دووڕیانێکی سەخت و چارەنووسساز، کە ئاخۆ لە نێوان دیکتاتۆرێکی دادپەروەر و گەڕە لاوژەی فرەیی و بەناو دیموکراتیدا کامیان هەڵدەبژێرن، ئەمەش ئەو بۆچوونەیە، کە تادێت زیاتر چەکەرە دەکات، لە نێوان تەواوی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە و تا دێت زیاتر گەشە دەسێنێت، ئەویش لە ئاکامی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و کاری تێکدەرانە لە پارێزگەکانی عێراق بەگشتی و بەغدای پایتەخت بەتایبەت، کە نەبوونی تەناهی و ئاسایش وایکردووە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لای هاووڵاتییان جارێکی دیکە سەرهەڵبدات و دووچاری ڕەشبینییەکی تەواو ببن، کە پێیانوایە ئەستەمە بارودۆخی سیاسی بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵێنێت، هەروەها بڵاوبوونەوەی بێکاری بەڕادەیەکی زۆر لە نێو گەنجان و نەبوونی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆر و بنەڕەتییەکان و چەندان کێشەی دیکەی لاوەکی هاووڵاتییان دووچاری ڕەشبینی و نائومێدییەکی ترسناک و ئایندەیەکی تاریک و نادیاری کردوون.

لێرەوە دەکرێ بڵێین ئاخۆ ئایندەی دیموکراتی لە عێراقدا لە ژێر ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ گەلانی عێراقی تیادا دەژی بەرەو کوێ گوزەر دەکات و بەچی دەگات? ئاخۆ ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاست و پایتەخت تیادایە، دەکرێ بڵێین ئازادی بیروڕا دەربڕینە، ئەگەر ئازادی بیروڕا دەربڕین بەو جۆرە بێت، ئەوا زۆربەی گەلانی عێراق بەو شێوەیە ڕەتی دەکەنەوە و مۆدێلێکی دیکەی ئازادی بیروڕا و فرەیی دەخوازن نەک بەم ستایلەی ئێستە?!. ئاخۆ کەتواری کۆمەڵایەتی عێراق و ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی پرەنسیپی دیموکراتییەت وەکو ئەوەیە، کە ئەمڕۆ تێیگەیشتوون? ئاخۆ ڕەوش و هەلومەرجی ئێستەی ئەم وڵاتە لە بارە یاخۆ نا بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم پرەنسیپانە، کە حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بانگەشەی بۆ دەکەن، لەلایەکی دیکەوە چۆنییەتی پیادەکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراتی، ئازادییەکان، مافی مرۆڤ،

مافی نەتەوەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس، کە پێویستە حزبەکان لە عێراقی نوێدا پێیەوە پابەندبن، تا چەند دەتوانن دەگەڵیدا خۆیان گونجاندووەو بەتەواوی بەرامبەرەکەیان قبوڵ بێت، ئەگەر نا هەڵگری هەمان بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی بەعسییە شۆڤێنییەکانن و ناتوانن بەموو خۆیان لێی دەرباز بکەن، هەر وەکو چۆن لیستی حەدبا لە موسڵ ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێت، هەروەها ململنێنی توندی نێوان لیستە گەورەکان، کە دواتر خۆی لە ململانێی ئاینزایی نێوان سونە و شیعە بەرجەستە دەکات ئەم ڕەوشە بەرەو چ ئاراستەیەک دەبات و ئایندەی پرۆسەی اسی و دیموکراتی بەچی دەگەیەنێت، بەتایبەتی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر وەک خۆیان ماونەتەوە و بەتەواوی یەکلایی نەکراونەتەوە. هەروەها زۆربەی وڵاتانی دراوسێی عێراق و دەوروبەری ئەو پرۆسە سیاسییە و ئەو پرەنسیپانەی ئەمڕۆ لە عێراقدا قسەیان لە بارەوە دەکرێ ئەوانی هەراسان کردووە و بەتەواوی خەریکە نیگەران دەبن، ئەمەش وایکردووە ئەم وڵاتانە هەوڵی جۆراوجۆر بدەن لە ڕێگەی هەندێ گروپ و لایەنی توندڕەو تاکو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەئاراستەیەکی دیکەدا بکەوێتەوە، تاکو ئەم پرەنسیپە نوێیانە لە ناوچەکەدا نەتوانێت تەشەنە بکات، چونکە پرۆسەی دیموکراتی، فیدراڵی و فرەیی، وا دەکات گەلانی عێراق ئایندەیەکی گەش و ئێستەیەکی ئارام و سەرفراز بگوزەرێنن، کە زۆربەی گەلانی عێراق لەسەر دەستی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری شۆڤێنی و دەمارگیر لە هەموو مافێک بێبەش کردبوون، ئەو دەمەی چاوەکان ورد و درشتی هەڵسوکەوتەکانی ملاۆڤەکانی لەم وڵاتەدا چاودێری دەکرد.

ڕاستە دوای ڕوخانی دیکتاتۆر ڕەوشێکی نوێ هاتە ئارا بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی و دامەزراندنی حزب و ڕێکخراوی سیاسی و جڤاکی شارستانی، بەڵام ئەم کەشەی ئێستەی عێراق و ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ لە ئارادایە، کە ئازادییەکی باش تیادابوونی هەیە، بووەتە مایەی سەرنجی چاودێران ئەو فرەیە لە هەموو ڕووەکانەوە، کە هەندێک پێیانوایە بۆ کەتواری کۆمەڵگەی عێراق و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی و شەبەنگ و گەلانی عێراق دەگەڕێتەوە، کە بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ دامەزراندنی حزب و ڕێکخراوی سیاسی تیادا قەدەخە و یاساخ بوو، نها لە سایەی ئەو ئازادی و دیموکراتییەی لە ئارادایە دەخوازێت قەرەبووی ئەو چەپاندن و بێبەشبوونانەی خۆی بکاتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەرچەندە هەندێکی دیکە پێیانوایە ئەو هەموو حزبەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەکەدایە دۆخێکی ناسروشتییە و بەڕەوشێکی ناتەندروست تێتە ناسین، چونکە ژیانی حزبایەتی شێواندووە، هەر بۆیە ئەم ژمارە زۆرەی حزب و ڕێکخراوی سیاسی ناتوانرێت پێی بگوترێت دەربڕی فرەیی ڕاوبۆچوون و فرە حزبی دەکات، بەڵکو وایکردووە گەلانی عێراق دووچاری نیگەرانی و پشێوی و ئاڵۆزی زیاتر بکات، بەڵام ئەم ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەش بەچەندین تێز و هزر و ئاراستەی جیاجیاوە شێوێندراوە، ئەو کردە تیرۆریستی و تێکدەرانەی هەندێ گروپ و لێدوان و هەڵوێستە شۆڤێنییەکانی هەندێ گروپی دیکەش ڕەوشەکەی بێزراوتر و قێزەونتر کردووە، بۆیە ئەمڕۆ پێکهاتەکانی

**وڵاتانی دراوسێ هەوڵی جۆراوجۆر دەدەن لە ڕێگەی هەندێ گروپ و لایەنی توندڕەو تاکو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەئاراستەیەکی دیکەدا بکەوێتەوە، تاکو ئەم پرەنسیپە نوێیانە لە ناوچەکەدا نەتوانێت تەشەنە بکات،**

ئەم وڵاتە دەخوازن بەکردەنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی ئاراستەی خۆی وەربگرێت، کە پاشماوەی بەعسییەکان و گروپە تیرۆریستییەکان هەوڵ دەدەن ئەو پرۆسەیە بشێوێنن و ئەجیندای خۆیان کە ئاژاوەنانەوە، دەمارگیری، ڕەگەزپەرستی و ململانێی خوێناوییە بەسەر گەلانی عێراق و کوردستانی بسەپێنن. دیارە جێبەجێکردنی



پرەنسیپەکانی دنیای نوێ هەم پێویستی بەکۆمەڵگەیەکی کراوە و پێشکەوتوو هەیە، لە کاتێکدا زۆربەی تاکەکانی ئەم وڵاتە لە ئاکامی چەندین ساڵەی ژێر دەستی ڕێژیمی بەعس هەڵگری کولتووری شۆڤێنی و دەمارگیری تەسکن، کە ئەوەش بووەتە کولتوورێکی باو و لە ئاکار و ڕەفتاریاندا بەئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمەش وایکردووە، تاکەکانی گەلانی عێراق نەتوانن بیرورا جیاوازەکان و بیرکردنەوە جۆراوجۆرەکان بەئاسانی قبوڵ بکەن دان بەئەویدی مافەکانی بنێنن، هەرچەندە هۆکارێکی زۆری ئەو نائارامی و ئەو ڕەوشە و ئەم هەڵوێستانەش بۆ ئەو حزبانە دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەک ڕەفتار دەکەن، کە لە سیاسەتەکانی بەعس زۆر جیاواز نییە، ئەگەر هەمان سیاسەت دووبارە نەکاتەوە، هەرچەندە ئەو حزبانە قسە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام تاکو نها زۆربەی هەرە زۆریان هەرگیز دەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستاندا نین، ئەمەش ئەو ڕەوشە نالەبار و نا تەناهی و نا سەقامگیرەیەی، ئەو وڵاتەی پێی دەڵێن عێراق، کردووەتە گەرەلاوژەی فرەیی بەناو دیموکراتی و ئازادی بیرورا دەربڕین، بۆیە پێویستە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بیر لە ڕێگە چارەیەکی دیکە بکەنەوە بۆ پێکەوە ژیان، کە ڕەنگە کۆتای بەزۆربەی هەرە زۆری نەهامەتییەکانیان بهێنێت و، سەرەنجام بکارن ئازادانەتر دەگەڵ یەکدیدا ساتوسەودایی بکەن، ئەمەش هەر تەنیا بوێری و ئازادی دەخوازێت، بۆ ئەوەی هەمووان دان بەیەکدیدا بنێن و بڕیار لەسەر مافی چارەنووسی یەکدی بدەن، کەواتە ئەمڕۆ بێت یاخۆ سبەی دەبێت ئەم کەتوارە بێتە دی، کە لە قازانج و بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکاندایە.

# تەنگژەی ئاو لە نێوان بەرژەوەندی وڵاتان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا

***ئەردەڵان ڕەفعەت***

کوردستان ستراتیجێکی گرینگی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی هەیە، کەچی فەرامۆشکردن و بەکارهێنانی نابەجێ و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاو و، نەبوونی هاوپێوەندی لە بەرنامەدانانی پرۆژەکانی ئاو، کە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە ئەنجامی دەدەن و جێبەجێکردنی چەندین بەنداو لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان بەتایبەتی لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لەلایەن تورکیا و ئاوی سیروان لەلایەن ئێرانەوە، بەیەکێک لە هۆکارەکانی





مەترسی خستنە سەر ئاسایشی ئاو دادەنرێت، کە بەبێ گوێدانە پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئەم پرۆژانە ئەنجام دەدرێت، کە زیانێکی یەکجار زۆر بەر کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق بەشێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەگەیەنرێت، ئەم پرۆژانەش لە پێناو سەپاندن و وەک کارتی پاڵەپەستۆ بەکار دەهێنرێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە دەخوازن ئاو وەک کاریگەرترین چەک لە دەڤەرەکەدا بەکار بهێنن. هەڵبەتە ئەم کێشەیە هەر تەنیا لەم ناوچەیەدا لە ئارادا نییە، بەڵکو لەنێوان چەندین وڵاتانی دیکەش سەریهەڵداوە، ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت کارەساتی مەزنی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە هەموو ئەم کێشە و ئاریشانە ڕۆهەڵاتی ناڤینی کردووەتە دەروازەی چێکردنی سەرهەڵدانی ئاو، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوون یاخۆ هاریکاری نەکردنی وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناڤین دەگەڵ یەکدیدا لە بارەی سامانی ئاو. ئەو پێوەندییەی سەبارەت بەئاو، کە ئێستە لەنێوان وڵاتانی سوودمەند لە ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات و سیرواندا کە ئەمانە سێ ڕووباری نێودەوڵەتین، کێشەی مێژوویی لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا هێشتووەتەوە.

پرۆژە و بەنداوە ئاوییەکانی تورکیا و ئێران لەسەر ئەو سێ ڕووبارە وا دەکات ڕۆڵی هاوبەشی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی لە ئایندە کەم بکاتەوە، جگە لەوەی ناوچەکە دەرگیر و دووچاری کێشەی تازە دەکات، لە ئەنجامی ململانێی ئاو، بۆیە هەرێمی کوردستانیش لەو کێشە و گرفتانەی ئاو لە ئایندەدا لە ڕۆهەڵاتی ناڤین ڕوو دەدات بەدەرنابێ، چونکە کوردستان یەکێکە لە ستراتیجیترین هەرێمەکانی ناوچەکە لە ڕووی هەبوونی بڕێکی زۆری ئاوی شیرین، ناوچەی باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا یاخۆ کوردستانی باکور لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانی مەزنی بەخۆیەوە بینی، ئەویش بریتییە لە چێکردنی ژمارەیەک پرۆژە و بەنداوی ئاو لەپێناو چەند ئامانجێکی گرینگ بەناوی پرۆژەی گاپ، کە بریتییە لە بونیادنان و چێکردنی کۆمەڵێک بەنداو و تونێلی ئاودێری و ڕێکخەری کەناڵەکان و

چەند وێستگەیەکی کەهرۆ ئاوی لەپێناو دەستبەسەردا گرتن، گلدانەوەی ئاوی ئەو ڕووبارانە. بۆیە پسپۆڕانی ئاو پێیانوایە وڵاتانی ناوچەکە ڕووبەڕووی ئایندەیەکی ترسناک دەبنەوە، بەو پێیەی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناڤین بەشێوەیەکی سەرسووڕهێن کێشەی ئاوی تیادا سەریهەڵداوە، بەجۆرێک ئاسان نییە چارەسەرێکی بەپەلەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەبێ هاریکاریکردنی تەواو لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا، پێویست دەکات بەجۆرێکی دیکە بیر لە سیاسەتی ئاو بکرێتەوە، کە لە بەرژەوەندی تەواوی وڵاتانی ناوچەکەدا و بەشێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت. ئەگەر ئاورێک لە پرۆژە زلەکەی گاپ بدەینەوە واتە هەڵسەنگاندنی ئایندەی پرۆژەکە لەسەر هەرێمی کوردستان ناتوانرێت گەورەیی ئەو زیانە ئابووری و کشتوکاڵییەی بەر ئێمە دەکەوێت بخەملێنرێت.

بۆیە ڕاستییەکان تا دێت ڕوونتر دەبنەوە، کە کێشەی ئاو گەیشتووەتە ئاستێکی وا، کە لە کێشەی پەترۆل مەزنتر بێ، بۆیە پسپۆڕانی ئاو دەڵێن: «ئاو کلیلی جەنگی داهاتووە لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا، هەر بۆیە لێرەوە دەبێژین هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، هەوڵدانە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیمان، چونکە پاراستنی ئاو ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، لە کاتێکدا وشکەساڵیش هەڕەشەیەکی دیکەیە لە دنیادا، کە ئەوە بۆ چەندین ساڵیشە هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە، چونکە وەک پێویست باران نابارێت، کە ئەمەش کاریگەرێتی نەرێنی بۆ سەر ئاوی ژێر زەوی چێ دەکات، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم پرسانە ئەوا حکوومەتی عێراقی فیدراڵ هەوڵەکانی لەو ڕووەوە بەردەوامن، هەر بۆ هەمان مەبەستیش چەندین جار هەم بەرپرسانی حکوومەتی عێراق، هەمیش بەرپرسانی حکوومەتی کوردستان کە سەردانی

**پسپۆڕانی ئاو دەڵێن: «ئاو کلیلی جەنگی داهاتووە لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا، هەر بۆیە لێرەوە دەبێژین هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، هەوڵدانە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیمان**

تورکیا و ئێرانیان کردووە، ئەو پرسە گرینگەیان دەگەڵیاندا تاوتوێکردووە، کە بەشی پێویستی ئاوی عێراق و کوردستان لەو ڕووبار و سەرچاوانە بدات، بەڵام تاکو ئێستە وەکو پێویست وەدەنگ ئەم داواکارییانەوە نەهاتوون. هەر بۆیەچاودێران و پسپۆڕانی بواری ئاو پێیانوایە و ئاماژە بەوە دەکەن، کە پرس و کێشەی ئاو لە نێوان تورکیا، عێراق و سوریا، تەنها گرفتی کەم ئاوی یاخۆ پرسێکی تەکنیکی نییە، بەڵکو زیاتر ئاریشەیەکی ڕمیارییە، چونکە تورکیا دەخوازێت ئاو وەک کارتێکی پاڵەپەستۆ بەکار بهێنێت بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان، کە پرسی کورد یەکێکە لەو ئامانجانە، بۆیە تورکیا سیاسەتی دەرەوە و ئابووری خۆی دەهەمبەر بەعێراق و سوریا لەسەر پرسی ئاو دامەزراندووە، وەک دەزانرێت تورکیا لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەستیکردووە بەچێکردنی ژمارەیەک پرۆژەی دەست بەسەردا گرتن و گلدانەوەی ئاو و، بەنداو و جۆگە لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا. سەرچاوەکانی ڕووباری فورات لە چیاکانی کوردستانی باکور هەڵدەقووڵێن، لە شاری (گیپان) یەکدەگرن و ڕووباری فورات پێکدێنن، درێژی ڕووباری فورات لە تورکیا نێزیکەی ٤٢٠ کم دەبێت، پاشان دێتە نێو خاکی سوریا، لەوێش ٦٨٠کم دەبڕێت، ڤێنجا لە (حسێبە) دێتە ناو عێراق و درێژی ڕووبارەکە لە عێراق ١٢٠٠کم، کە دەکاتە ٥٢٪ی درێژی ڕووبارەکە و، ئەو خاکەی ڕووباری فوراتی پێدا دەڕوات لە عێراقدا نێزیکەی ٥٩٪ی خاکی عێراق پێکدێنێت و یەک لەسەر سێی دانیشتووانی عێراق لەو دەڤەرە دەژین و نیشتەجێن، شارەزا و پسپۆڕانی ئاو دەڵێن: ڕێژەی خوێ لە ئاوی فورات لە بەشەکانی باشووری ڕووبارەکە، واتە لە عێراق ٣٠٠-٥٠٠ بەشە لە ملیۆنێک، بەکارهێنانی ئاوی فورات لە باکوردا بۆ ئاودێری نیشانەی باشی ئاوی ڕووبارەکەیە، بەڵام لە بەشەکانی باشووری عێراقدا بەتایبەتی لە بەسرا


خوێ لە ناو ئاوەکەدا زۆرە و دەگاتە ٥٠٠ بەش لە ملیۆنێکدا بۆیە شتێکی سروشتییە بەشی خوارەوەی ڕووبارەکە تووشی گرفتی سوێری و شۆرەکات بێ. پرۆژەی (GAP) کە تورکیا ئەنجامیداوە و بەردەوامە لە ئەنجامدانی بریتییە لە چێکردنی ٢٢ بەست لەسەر ڕووباری دیجلە و فورات بۆ گلدانەوەی ١٢٨ ملیار مەتر سێجا ئاو، ئەنجامدانی ١٩ کۆمەڵەی کەهرۆ ئاوی، گرینگترین پرۆژە ئاوییەکان بریتین لە: * بەستی گیپان کە توانای ئەمبارکردن و گلدانەوەی ٣٠،٧ ملیار مەترسێجایە. * بەستی ئەتاتورک توانای گلدانەوەی (٤٨،٧) ملیار مەترسێجایە. * بەستی قەرەتایەتوانای گلدانەوەی (٩،٥٤) ملیار مەترسێجایە. * بەستی ئورفە، پرۆژەی بەستی ئەدامیان، پرۆژە بەستی کێشەی ئاوی ئاشتی لە هەموو پرۆژەکانی دیکە گرینگترە، لە ڕووی ئابوورییەوە، بەپێی ئەو پرۆژەیە تورکیا دەخوازێت ئاو بگەیەنێتە وڵاتانی دەوروبەر و باشووری تورکیا لە ڕێگەی لوولە کێشەکان لە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا بۆ وڵاتانی عارەبان، کە دەکرێتە دوو لوولەکێش:» دوو لوولەکێشی یەکەم لە ئەدەنە دەست پێدەکات بەحەلەب حیمس، دیمەشق، عومان، قودس، ئیسرائیل، تەبووک، مەدینەی منەوەرە، یەنبع و مەدا دەڕوات تا دەگاتە جرە بەمەبەستی گەیاندنی ئاوی پاکی خواردنەوە و هەروەسا بەکارهێنانیشی لە کەرتی کشتوکاڵیدا بۆ هەموو ئەو شوێنانە، کە درێژییەکەی دەگاتە ٢٦٥٠کم، کە توانای گەیاندنی ٣،٥ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە لە ڕۆژێکدا». لوولەکێشی ڕۆهەڵات یاخۆ کەنداو، کە درێژییەکەی ٩٠٠کم، ئەویش لە ئەدەنە دەست پێدەکات بەرەو دیمەشق، کوێت، جیل ئەلخەیر، هفوف، بەحرێن، قەتەر، ئەبوزەبی، عەجمان و ڕەئس ئەلخەیمە تێ دەپەڕێت تا دەگاتە مەسقەت، ئەم هێڵەش ٢،٥ ملیۆن مەتر سێجا ئاو لە ڕۆژێکدا دەگوازێتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، کە عێراق لە هیچ لەم هێڵانە یاخۆ لوولەکێشانەدا ناوی نەهاتووە، بڕیاربوو کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی ئەم کارە ئەنجام بدات و توێژینەوە لەسەر پرۆژەکە بکات، ئەوەبوو ساڵی ١٩٦٨ دەست بەکارەکان کرا، بەڵام دوای ماوەیەک لەبەر ئەو شەڕ و شۆڕانەی کە لەو دەڤەرانە لە ئارادابوو کارەکان ڕاگیران، هەروەها تەنگژەی ڕامیاریش هۆکارێکی دیکەبوو، ئەمە جگە لەوەی پرۆژەکە پارە و بودجەیەکی یەکجار قەبە و زلی دەویست، کە ئەو کاتە بەهاکەی دەگەیشتە ٢١ ملیار دۆلار. هەروەها تورکیا ژمارەیەک پرۆژەی لەسەر ڕووباری دیجلەش ئەنجامدا وەک: * پرۆژەی دەریاچەی (هیزار) بۆ ئاودانی ٤٠ هەزار دۆنم. * پرۆژەی گلدانەوەی ئاوی (بەتمان-سو) بۆ ئاودانی ١٢٠ هەزار دۆنم. * ئەنجامدانی بەستێک بۆ ئاودێریکردنی دەڤەرەکانی دیاربەکر، کە نێزیکەی ٢ ملیۆن دۆنمە. ئەم پرۆژانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە عێراق دوورخراوەتەوە و حیسابی بۆ نەکراوە، لە هەموو ئەو پرۆژانەی وڵاتی تورکیا ئەنجامی داوە، یاخۆ ئەنجام دەدرێت، دیارە ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی ئەو ئاوەی، کە بۆ عێراق دێت، بۆیە ڕێژەی ئاوەکە یەکجار کەمی کردووە، کە دەگاتە ٢٤،٢ ملیۆن مەترسێجا، ئەمەش دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی بەڕێژەی ٧٥٪، بێ گومان بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشەش کارەساتی مەزنی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، مافی وڵاتانی ناوچەکەیە لەم دوو ڕووبارە سوودمەند بن، بۆیە تاکو ئێستە وڵاتی عێراق زەرەرمەندی سەرەکی پرۆژە ئاوییەکانی تورکیایە.. هەردەم لە میانی سەردانەکانی گەورە بەرپرسانی عێراق بۆ تورکیا پرسی تەنگژەی ئاو لە نێوان هەردوولا قسە و باسی زۆری لەسەر کراوە، ئەگەر ئەم ڕەوشە لە نێوان هەردوولا چارەسەر نەکرێت، ڕەنگە لە چەند ساڵی ئایندە وەک پسپۆڕان پێیانوایە سروشت و بارودۆخی عێراق لە وڵاتێکی سەرچاوەی ئاوی زۆر بەرەو وڵاتێکی وشک و برینگ و کەم ئاو بڕوات، کە زۆربەی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی ئەم وڵاتەش لەم ئاوە سوودمەندن، کە گرینگی و بایەخی ئاو سەبارەت بەعێراق لەسەر حیسابی ئەم وڵاتە ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش پێچەوانەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە.

# چەوسانەوەی ئافرەت لە مێژوودا

شیرین ئەکرەم

مرۆڤی دێرین بەر لەوەی فێری کشتوکاڵ بێ، لەسەر ڕەگ و ڕیشاڵ یاخۆ بەری درەختە کێویەکان بژێوی ڕۆژانەی دابین دەکرد، واتە ئەو دەمەش ڕەفتاری گروپ و خێڵەکان نەدەزانرا، بەڵام تەنیا خێزانی دایک بێ باوک دەناسرا، تا ئاستێکی یەکجار زۆر خێزانی مرۆیی بەشێوەیەکی نیمچە ئاژەڵی دەژیا یاخۆ دەکارین بڵێین خێزانی ئەو دەم لە دایک و ڕۆڵەکان پێک دەهاتن، کە لە تەمەنی شیرەخۆرە یاخۆ کەمێک پتربوون، تا ئەو کاتەی وای پێویست دەکرد، کە لە دایکیان دابڕێن و جوایەز ببنەوە.

لە خێزانە سەرەتاییەکاندا هیچ شوێن و پلە و پایەیەک بۆ باوک دیارنەکراوە یاخۆ ڕۆڵی باوک هەر نەزانراوە، چونکە پێوەندی زایەندەیی لە نێوان ژن و پیاودا لە



تێرکردنی ئاڵوشی جنسی تێپەڕی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ژن بەتەنیا بەبێ پیاو منداڵی دەبێ، تەنانەت تاکو نها ئەم بیروبۆچوونە لە نێو هەندێک لە خێڵە سەرەتاییەکان باوە، هەر لەو بارەیەوە کۆمەڵناسێکی وەکو (مالینۆمسکی) لە پەڕتووکە بەنێوبانگەکەیخۆیدا بەنێوی (پێوەندی جنسی لە نێو خێڵە سەرەتاییەکاندا) ئاشکرای دەکات، کە خێڵە سەرەتایەکییەکان دەبێژن ئافرەت بۆیە ئاوس دەبێ، چونکە ئەو دەمەی نووستووە ڕۆحێک یاخۆ شەبەنگێک سەردانی دەکا و تۆوی کۆرپەلەیەک دەئاخنێتە کەللەی سەریەوە، لەوێوەش ئەو تۆیە بەرەو منداڵدانی ئافرەتەکە دەخزێت و جێگیر دەبێ و گەشە دەکا، تاکو لە دایک دەبێ، بۆیە منداڵی شیرەخۆرە پێویستە ساڵێک یاخۆ پتر هەڵبگیرێت و بحەوێنرێتەوە، ڤێجا پێویستە لە دڕندە و جانەوەر بپارێزرێت، ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکە وا دەکات، کە مانەوەیان لەتەک دایکیاندا بۆ ماوەی ٨- ١٠ ساڵ یاخۆ پتر پێویست بێ، لە دواییدا پێویستیان بەوە هەیە، چۆن خۆیان لە دوژمنان بپارێزن و بەری دەرختی کێویش کۆ بکەنەوە بۆ بژێوی ژیانیان.

بەم پێیە خێزانی دێرین لە دایک و منداڵەکانی بە بێ باوک پێکدێت، بەڵام لە دوای ئەوەی ئامرازەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و ئامێری نوێتر چێ بوون، مرۆڤی سەرەتایی فێری ڕاوکردن بوون، ئیدی ئەم جۆرە خێزانە لە خێزانی دایکەوە بۆ خێزانی باوک گوازرایەوە، کەواتە ڕاوکردن دوو ئەنجامی بەدەست هێنا یەکەمیان: بووە هۆی ئەوەی چەند پیاوێک چاودێری ئاژەڵێک بکەن و لە چەندین

> **خێزانی دێرین لە دایک و منداڵەکانی بە بێ باوک پێکدێت، بەڵام لە دوای ئەوەی ئامرازەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و ئامێری نوێتر چێ بوون، مرۆڤی سەرەتایی فێری ڕاوکردن بوون، ئیدی ئەم جۆرە خێزانە لە خێزانی دایکەوە بۆ خێزانی باوک گوازرایەوە**

شوێنەوە بۆی بکەونە بۆسەوە، ئینجا لە چەندین لاوە پەلاماری بدەن، بەو ئامێر و ئامرازە بەردینانە یاخۆ لە دار دروستکراوانەی بەدەستیایەوە بوو بکەونە وێزەی و هەلا هەلای بکەن، بەڵام ئەگەر گیاندارەکە بەهێز بووایە، بۆ نموونە وەکو فیل یاخۆ کەرکەدەن یاخۆ جوانەگا ئەوا چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەند و سەریان بەپوش و پەلاش دادەپۆشی لە چەندین لاوە تەنگیان پێ هەڵدەچنی یاخۆ تەنگەتاویان دەکرد، ئاژەڵەکەش لەتاو خۆدەرباز کردن ملی بەهەموو لایەکەوە دەنا و لە ئاکامدا دەکەوتە نێو چاڵەکەوە، ئا بەم ئاوایە پیاوان دەستیان بەسەر نێچیرەکاندا دەگرت، لەبەر ئەوەی ئافرەت بەبەردەوامی سکپڕ یاخۆ خەریکی شیردانی منداڵەکانی بوو یاخۆ سەرقاڵی پاراستن و بەخێوکردن بوو، هەر ئەم هۆکارانە وایان دەکرد ئافرەتان نەکارن بەشداری لە ڕاووشکار بکەن، لەبەر ئەوەی مەترسی مەزنی لەسەر چێ دەکردن، چونکە ڕاوکردن تایبەت بوو بەپیاوان و کەسی دیکە لە توانایدا نەبوو، بەشداری لەو پرۆسە ترسناکەدا بکات. لێرەوە کۆمەڵگەی باوک سالاری سەریهەڵدا، لێتۆژان پێیانوایە هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە لەبەر ئەوەی ئافرەت لە توانایدا نەبوو بەشداری لە ڕاوکردن بکات، ئەمە وایکرد قایل بێ بەفەراهەمکردنی دامرکاندنەوەی ئارەزووە زایەندییەکانی پیاوان، ئا لێرەوەش دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژناندا سەریهەڵدا، دەهەمبەر ئەو بەشە گۆشتەی کە پیاو لە ڕاوکردندا پێی دەبەخشی، کەواتە پیاو ڕاو دەکات، لەو ڕاوکردنەشدا بەشە گۆشتی خۆی بەر دەکەوێت، ئافرەتانیش لە بەرامبەر ئەو پاداشتە،

کە پیاو پێی دەبەخشێت ملکەچی ئارەزووەکانی دەبێ. ڕاوکردن لەو دەورانەدا لە توانای تاکە کەسێکدا نەبوو، جا بۆیە هاریکاری لە نێوان پیاواندا هاتە ئارا، واتە لە نێو کۆمەڵگەی سەرەتاییدا هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ئافرەت لەبەر ئەوەی بەبەردەوامی ئاوس بوو یاخۆ خەریکی پاراستنی زارۆکان بوو، نەدەپەرژایە سەرڕاوکردن، جا بۆیە ئافرەت پێویستی بەپیاو بوو، کە بژێوی ڕۆژانەی بەهۆی ئەو نێچیرەی، کە دەبوو خۆراکی ڕۆژانەیان بۆ دابین بکات، ئەمە وایکرد ئافرەت لە شوێنێکی دیارکراودا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی پیاو بکات، تا وەکو ئەو بەشە گۆشتەی خۆی، کە لە ڕاوکردندا بەری دەکەوت بهێنێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی، ئەمەش بووە مایەی چێبوونی خێزان، لێرەوەش خێزانی باوکسالاری هاتە کایەوە، پیاو توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژندا بسەپێنێت.وەکو چۆن کوشتن لای میسرییە کۆنەکاندا هاوواتای خواردنی دەگەیاند، کاتێ بکوژێن دەخۆین، کەواتە لەسەردەمی ڕاوکردن «خواردن نییە، بەبێ کوشتن»، کە ئەم قۆناخەش بۆ پتر لە ١١٤ هەزار ساڵ بەر لە نها دەگەڕێتەوە، قۆناخی ڕاوکردنیش بەسەرهەڵدانی قۆناخی کشتوکاڵ بەکۆتا دێت. بەڵام ئێستەش قۆناخی ڕاوکردن هەر ماوەتەوە، ئەگەرچی قۆناخی ڕاوکردن لە چاو قۆناخەکانی بەر لە خۆی بەپێشکەوتووتر دێتە ناسکرن، هەر چەندە سەروەرێتی و دەسەڵاتی خستە دەست پیاوەوە، بەڵام ئەمانە هیچیان بەمەترسیەکی




ئەوتۆ لەو سەردەمەدا دانەدەنران، چونکە ئەوەی لەو سەردەمەدا ترسناک و تۆقێنەرە بێژەی (خوێن) بوو، چونکە هیچ ڕاوکردنێک بەبێ خوێن واتە بەبێ کوشتن بەڕێوە نەدەچوو، تەنانەت ئەگەر ئەو ئاژەڵە بەزیندوویەتیش بکەوتایە نێو چاڵ و دەستگیر بکرابایە، ئەوا هەر نەدەخورا تەنیا دوای ئەوەی دەکوژرا، خوێنی دەرێژرا، کەواتە خوێن لە قۆناخی ڕاوکردن، واتە کوشتن یاخۆ مردن، ئەمە وای لێهات سەرەتا لە قۆناخی ڕاوکردن لای وابوو، کە شومترین و بەدترین وشە و دیمەن گوێبیستی بێ یاخۆ ببینێت وشەی خوێن و

دیمەنی خوێنە، بەڵام ئەم واتایە لە بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆی هەڵاوگێڕ کرایەوە و (خوێن) بووە هێمای شوم و نغرۆبوون، ئەگەر یەکێک دیمەنی خوێن ببینێت، ئەوا دەبێ! چاوەڕوانی خوێن ڕشتن یاخۆ مەرگ یاخۆ بەلای کەمەوە زامدار بوونی خۆی بکات، جا لێرەوەش تەلیسم و کارە فروسماوی و سیحر ئامێزەکان سەریانهەڵدا، ئەمە وایکرد بیروباوەڕی سیحر و جاد و سەرتاپای هزر و هۆش مرۆڤی دێرین بتەنێت و جیهانی تژی بکات لە ترس و بیم، مەزنترین شتیش، کە لێی بترسایە بینینی خوێن بوو، ئەگەر بهاتایە لە جێگەی خۆی نەبوایە، کە پێویستی بوو بیبینێت، کە ئەویش تەنیا لە کاتی ڕاوکردنە، ئەگینا پێیوا بوو دیمەنی خوێن دەرگیر و دووچاری بەدبەختی و شوومی دەکات، کەواتە لە ڕاوشکار بترازایە خوێن ببووە مۆتەکە و، هەردەم سواری ملی ببوو یخۆ بینەقاقای گرتبووە بەتەواوەتی لەو دەورانانەدا تەنگی پێ هەڵچنیبوو، بەواتایەکی دیکە ترسناکترین و ناخۆشترین بێژە، کە مرۆڤی دێرین گوێبیستی ببوایە (خوێن) بوو، بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر لێی دەترسا بینینی ئەو خوێنەی ئافرەت بوو، کە بەهۆی بێ نوێژی یاخۆ ئەو خوێنەی، کە لە کاتی منداڵبوون لەبەری دەڕۆیشت،

ئەمە بووە مایەی ئەوەی لە قۆناخ و دەوارانە مێژووییەدا ئافرەت بەبوونەوەرێکی گڵاو و شوم دابنرێ، بۆیە وا پێویستی دەکرد ئەو پیاوانەی، کە دەچن بۆ ڕاوکردن دەبوایە بەر لە چەند ڕۆژێک لە ئافرەت دوور بکەونەوە، تەنانەت دەبوایە بەر لە ڕاوکردن بەهیچ جۆرێک نە ئافرەت بینن، نە ئافرەتیش ئەو پیاوانەی دەچن بۆ ڕاوکردن ببینن، تاکو کە دەچن بۆ ڕاوکردن بەدبەختی و شومی خوێن بەرۆکیان نەگرێ و ڕوویان تێ نەکات.

لێرەوەش وێرد خوێندن و نزا و پاڕانەوە لە ڕۆحە پیرۆزەکان و تەلیسم و کارە سیحرییەکان زیاتر بەهەرمێن بوون و برەویان پەیدا کرد، بۆ دەرکردنی گیانی گڵاو و پاکبوونەوە لە پیسبوون و گڵاوبوون بەهۆی بینینی خوێنی ئافرەتەوە، خوێندنی ئەو وێردانەش بۆ ئەوە بوو کاتێک بۆ ڕاوکردن دەردەچوون هیچ شوومی و بەدبەختییەک نەیەتە ڕێگەیان یاخۆ هیچ ئازار و دەردەسەرییەک ڕووبەڕوویان نەبێتەوە و، لە کۆڵی شومی و بەدبەختی خوێن ببنەوە، هەر بۆیە ئافرەت خۆی لە پیاوان دەشاردەوە، کاتێک پیاوان بۆ ڕاوکردن دەچوون یاخۆ نیازی ڕاوشکارییان هەبووایە، تەنانەت ئەگەر بێ نوێژ و لە کاتی منداڵبوونیش نەبوایە، لەبەر ئەوە پیاوان هەردەم خۆیان لە ئافرەت دەپاراست، نەک ئافرەتان ڕووبەڕووی خوێن ڕژان یاخۆ برینداربوون یاخۆ مەرگیان بەکاتەوە.

ئەمە ستایلی بیرکردنەوەی مرۆڤانی سەرەتایی بوو، کە ترسی مەزنیان لەو ئافرەتانە بوو، کە تازە منداڵیان بوو بوو، چونکە پێیان وابوو ئەو ژنەی مێردەکەی مردووە،


**ئەو پیاوانەی، کە دەچن بۆ ڕاوکردن دەبوایە بەر لە چەند ڕۆژێک بەهیچ جۆرێک نە ئافرەت بینن، نە ئافرەتیش ئەو پیاوانەی دەچن بۆ ڕاوکردن ببینن، تاکو کە دەچن بۆ ڕاوکردن بەدبەختی و شومی خوێن بەرۆکیان نەگرێ و ڕوویان تێ نەکات.**

ڕەنگە ئەو شوم و بەدبەختییەش بۆ ژنێکی دیکە یاخۆ پیاوێکی دی بگوازێتەوە ئەگەر بیبینێت، یاخۆ چاویان بەیەکدی بکەوێت، هەر بۆیە ئەمە وایکرد ئافرەتان هەردەم خۆیان بشارنەوە و خۆیان لە ڕەگەزی نێرینە گوم بکەن، تاوەکو شومی و بەدبەختی نەتەنێتەوە بۆ کەسێکی

دیکە، هەر ئەمەش بووە مایەی لە یەکدی جیابوونەوەی هەردوو ڕەگەز لە یەکدی و دوورکەوتنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ لە نێو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا.

تەنانەت کاریگەرێتی ئەم بیروبۆچوونانە تاوەکو ئێستەش لە زۆر کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام کاتێک مرۆڤ فێری کشتوکاڵ بوو ئیتر قۆناخە نوێیەکە وای خواست، کە تا ئەندازەیەک دەسبەرداری ڕاوکردن بێ، کشتوکاڵیش وا پێویستی دەکرد، کە ئافرەت و پیاوان شان بەشانی یەکدی پشکداری لە ئیشوکارەکانی کێڵگە و گردکردنەوەی بەرهەم بکەن، کەواتە بەهاتنی قۆناخی نوێ و بەپەیدابوونی کشتوکاڵ جارێکی دیکە ئافرەت بووە ئاوەڵ و یارمەتیدەری پیاو، نەک ببێتە نەیاری شوومی، بەدبەختی، هێمای خوێن ترس و ئازار لە لایدا بڕسکێن، وەک ئەوەی کشتوکاڵ جارێکی دی مرۆڤی گەڕاندەوە قۆناخی بەر لە ڕاوکردن ئەو دەمەی، کە ئافرەت خۆی بنچینە و بنەمای خێزان بوو. کەواتە قۆناخی کشتوکاڵی گلاوبوون و پیسبوونی ئافرەتی وەلانا، ئەو ماوە دوور و درێژە وایکرد پیاو شوومی و بەدبەختی خوێنی لە بیر بچێتەوە.

بەم پێیە هەر لەو دەورانە هەر دورانەوە ئەو نەریت و چەمکانە لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا



تاکو نها هەر ماوەتەوە، چونکە تاکو ئێستە هەر هەمان قۆناخی ڕاوکردن پیادەکەن، لە دوای ئەمەش قۆناخێکی دیکە واتە سەردەمی کۆیلایەتی سەریهەڵدا، کە بەجۆرێکی دژوارتر ئافرەت ڕەفتاری دەگەڵ دەکرا، ئەگەرچی بەهۆی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕێکی مەزن بەسەر بیروبۆچوونی زۆربەی کۆمەڵگەکاندا هاتووە بەرامبەر بەئافرەتان، تا ڕادەیەکی دیار و بەرچاو بەمافەکانی خۆیان گەیشتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دیاردەی ترسناکی وەکو تیرۆرکردن، توندوتیژی، لێدان، کوشتن و دیاردەی سووتاندن لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا و ویژدانی مرۆڤ دەهەژێنێت، بێ گومان تاکو ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە تەواوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەیەتەدی، ئەستەمە ئافرەتان لەهەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا بتوانن بەتەواوی مافەکانیان بگەن.

زۆرن ئەو نووسەر و ڕۆشنبیر و چالاکڤانانەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان دەکەن، کەچی سەیرەکە لەوەدایە دایک، خوشک و هاوسەرەکانیان کردووە بەکۆیلە و دەیانچەوسێننەوە، هەڵگری هەمان تێڕوانین و فۆرمی بیرکردنەوەن، کە کەسێکی نەخوێندەوار سەودایی لە تەک ڕەگەزی مێینەدا دەکات.

پرسی ئافرەتان باکگراوندێکی مێژوویی و کولتووری هەیە و بۆ چەندین هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، کە هەر لێتۆژێک ئەم گرفتە بەشێوەی

جیاواز لێک دەداتەوە، ئەوەش بۆ ئەو میتۆدە دەگەڕێتەوە، کە لێتۆژ پشتی پێ دەبەستێ، کەواتە دیرۆکی چەوسانەوەی ئافرەتان بۆ دەوران و سەردەمانێکی یەکجار کۆن دەگەڕێتەوە، کاتێک چارەنووسی ئافرەتانی خستە سەر لاپەڕەیەکی ڕەش، بەمەش وەک کۆیلە نەک وەک مرۆڤ سەودایی لە تەکدا دەکرا، ئەگەرچی لە قۆناخە مێژووییە کۆن و سەرەتاییەکاندا هەردوو ڕەگەزەکە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی یەکسان ژیانیان دەبردە سەر، کە لە ئەرک و مافدا وەک یەک بوون، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە هەندێک قۆناخی مێژووییدا ئافرەتان بەتەواوەتی کاروباری کۆمەڵ و گرووپەکەیان هەڵدەسوڕاند و بەڕێوە دەبرد، کەچی لە قۆناخەکانی دواتردا لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکار ئافرەت لە هەموو پلە و پایەکانی داماڵدرا و ناچار کرا وەک بوونەوەرێکی سووک و پلە دوو تەماشا بکرێ.

لێرەوە دەڵێین هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیرۆکی ئافرەتان، هەڵدانەوەی لاپەڕەی ستەمەکانی ژیان و بەرەنگاری ئافرەتانە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو کۆت و بەندەی کراوەتە گەردنیان، بەو ئاراستەیەش ئافرەتان دەخاتەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان، لە پێناو فەراهەمکردن و بەهرەمەند بوون لە تەواوی مافەکانیاندا. پرسی ئافرەتان لە لایەن پسپۆر و چالاکڤان و هزرڤانان چەندان بابەتی جیا جیا لە بارەی مێژووی چەوسانەوەی ئافرەتان، ئازادی ئافرەتان، ماف و ئەرکەکانی ئافرەتان، پێشێلکارییەکان لە دژی ئافرەتان و ... هتد نووسراوە و بەتێرو تەسەلی قسەیان لە بارەوە کراوە پێشنیازی جۆراو جۆر خراوەتە ڕوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەم پرسە.

ئافرەتان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا کەم تا زۆر لە تەک پیاودا لە کارکردن بووە، لێ ئەم کارکردنەی نەبووەتە مایەی هەستکردن بەوشیاری وەکو تاکێکی کارا، بەڵکو لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکار نەیتوانیوە وەکو پیاو ئەرک و فرمانەکانی خۆی هەڵسوڕێنێت، ئەمەش زیاتر ئافرەتی بەماڵەوە گرێداو ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و کاروبارەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕادەستی ئافرەتان کرا، ئەمە وێڕای ئەرکی کارکردن و کاری دەرەوەش شان بەشان پیاو لەو لاوە بوەستێ، کە بارگرانییەکی دیکە بوو لەسەر ئەستۆی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا، بەم پێیە چەوسانەوە و پێشێلکارییەکان تا دەهات زەقتر و فرەوانتر بوونەتەوە و کاریگەری نەرێنییان لەسەر ئاکاری ئافرەتان چێکردووە، هەروەها خاڵێکی دیکەش ئەوەیە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ڕۆهەڵاتدا کارکردن ئافرەتی نەکردووەتە خودان داهات و دەرامەتی خۆی، ئەگەر ئەم شتە ڕوویشی دابێ، ئەوا بەهەمان پێودانگی پیاو ڕەفتاری کردووە، یاخۆ سێبەری پیاوی هەر بەسەرەوە بووە و نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونی ئەو سیستەمە مەعریفی و کولتوورییەی، کە ئەم کۆمەڵگەیە لە ورد و درشتی شتەکان دەبێ بۆی بگەڕێنەوە، ئەگەر نا لە لایەن کۆمەڵگەوە هەرگیز لێیان قبوڵ ناکرێ، لە لایەکی دیکە بزاوتی ئافرەتان لەم کۆمەڵگانەدا لە تەک ڕەگەزی نێرینەدا لەئاکامی بەرخودان و خەباتی ڕزگاری نەتەوەیدا ئاوێتەی یەکدی کراون، لەپێناو ژیانێکی ئازاد و بێ چەوسانەوەدا، چونکە خەباتی ئافرەتان لەم کۆمەڵگانەدا پاشکۆی بیرکردنەوەکانی پیاوانە، چونکە هەرگیز بزاوتی ئافرەتان نەتوانراوە یەکانگیر و تێکەڵاوی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێ، کە ئەمەش وا بکات ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکان بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەت بۆ ئاست و ئاراستەیەکی دیکە سەر بکەوێت، کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی ئافرەتان خۆیانیش هەستیان

بەچەوسانەوە و ئەو پێشێلکاریانە نەکردووە، کە دەهەمبەریان ئەنجام دەدرێ، بۆیە هەوڵ و تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوە و یاخیبوونەکانی ئافرەتان لە بەرامبەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان و بەندو باوو نەریتە چەقبەستووەکان، هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو لە بەرامبەر هەموو ئەمانە دەبێ ئەقڵی




پیاو و تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی دەهەمبەر ڕەگەزەکەی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا بێ، ئەگەر نا ڕەوشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و ڕابوون و یاخیبوونەکانی ئافرەتانیش دەبنە قوربانییەکی هەرزان.

هەروەسا چەندین هۆکاری جۆراوجۆری دیکە بوونەتە مایەی ئەوەی ئافرەتان لە ڕەگەزەکەی دیکەی کۆمەڵ لە ئاستێکی نزمتردا بن، هەرچەندە ڕێژەیەکی چاکی ئافرەتان لە بوار و کایە جیاوازەکانیشدا پلە و پایەی جۆرا و جۆریان هەیە و خودان بڕوانامەی بەرزیشن، بەڵام هۆکاری هەرە گرینگ و لە پێش ئەوەیە چۆن ئافرەتان بتوانن لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا لەو کۆت و بەند و پێوەندییە داسەپاوانە دەربازیان بێ، چونکە هەر بەتەنیا ڕێژەی خوێندەواری و هاتنە مەیدانی کارکردن بەس نییە، بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن لە تەواوی مافەکان بەهرەمەند بن، بەڵکو ئەوەی زیاتر ئافرەتان بەدەستییەوە دەناڵێنن و پێیەوە گیرۆدە بوونە و بەردەوام دەچەوسێنرێنەوە پێوەندی بەبیرکردنەوە و ئەقڵییەتی پیاو سالارانەی کۆمەڵگەوە هەیە، هەرچەندە بزاوتی ئافرەتانیش لەم کۆمەڵگانەدا لە ئاستی پێویستدا نییە و هەوڵی جدی نادەن بەئاراستەی گۆڕانکارییەکان، بۆیە ئەمە وایکردووە لە دۆخ و ئاستێکی دیاریکراودا بمێننەوە.

کەواتە بۆچوون و تێڕوانینی سەرلەبەری تاکەکانی کۆمەڵگە بەو شێوەیەیە، کە دەڵێن پیاو پیاوە و ژنیش ژنە. هۆکاری بنەڕەتی مانەوەی ئافرەتانیش لەو دۆخەدا ڕاستە پێوەندی بەئەقڵییەتی پیاوسالارییەوە هەیە، بەڵام پێوەندی بەئاستی وشیاری و تێگەیشتنی ئافرەتان خۆیانیشەوە هەیە، کە هۆکاری بنەڕەتی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، کە کارەکان لەم کۆمەڵگانەدا دابەش نەکراوە، هەرچەندە ئافرەتان لە دەرەوە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن و پلە و پایەی جۆراو جۆریان لە داودەزگاکاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ڕۆهەڵاتدا ئیشوکارەکانی ماڵ و منداڵ بەخێوکردنیش هەر بەتەنیا لە

ئەستۆی ئافرەتاندایە وەک ئاماژەمان پێکرد، کە ئەم هەموو کارانەی ماڵەوە و دەرەوە وایکردووە، ئافرەتان جگە لە سەرقاڵبوون بەئیشکردن و هەڵسوڕاندنی کار نەپەرژێنە سەر ئەوەی، کە بتوانن داوای خواست و مافەکانی خۆیان بکەن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە، کە ئافرەتان نەتوانن کاتێکی تەواو بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن تەرخان بکەن و ئەمە وا بکات ئاستی ڕۆشنبیری و وشیارییان بۆ پلەیەکی باڵاتر هەڵکشێن، کە زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی بیر لە ماف و خەون و خواستەکانی خۆیان بکەنەوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە کۆمەڵگەکانی ڕۆهەڵات کۆمەڵگەی باوکسالارییە، ئەمەش وایکردووە ئافرەتان تەنیا بەماڵدارییەوە سەرقاڵ بن، هەر بۆ ئەوەی ئافرەتان لەمە زیاتر نەچەوسێنەوە و کۆژان و ناسۆررییەکانیان بەکۆتا بێن، پێویستە ڕۆشنبیران، چالاکڤانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و هەڵسوڕێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەجدی لە هەوڵی ئەوەدا بن، کە ئافرەتان زیاتر خۆیان داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن، ئەمەش پێویستی بەوشیاری و کولتوورێکی کراوە هەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵگری بن، هەر بەم ئاراستەیەش ئافرەتان دەتوانن لە تەواوی مافەکانی خۆیان بەهرەمەند بن، لێرەوەش ئەم فۆرمە لە بیرکردنەوەی تاک وا دەکات، تەواوی کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێ، تاکو ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، سەرەنجامیش ئەم ئاراستەیە وا دەکات ئەو گرفت و کێشانەی سەدان ساڵە ئافرەتان پێیەوە گیرۆدە بوون ڕێگە چارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی لە هەوڵی زیاتر چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی و بوونی فەزای ئازادی بن، بۆ ئەوەی نەک هەر ئاستی وشیاری ئافرەت بەرز بکرێتەوە، بەڵکو بەبێ بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری تەواوی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە هیچ دەرەنجامێکی ئەرێنی لەم ڕووەوە بەدی نایەت، بەتایبەتی ئەم وشیارییە دەبێ دابەزێتە نێو ئەندامانی خێزان، بۆ ئەوەی ئافرەت بەچاوێکی نزمەوە سەیر نەکرێ و ببێتە خاوەن کەسایەتی خۆی، ئەمەش وا دەکات هەر جیاکارییەک و پێشێلکارییەک بەرامبەر بەئافرەتان نەمێنێت.

هەروەها دەبێ هەوڵ بدرێ داهاتی تاکەکان بۆ ئاستێکی باشتر ببردرێت و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان فەراهەم بکرێ، پێویستە پێشێلکاری و دەست درێژییەکان لە ڕێگەی یاساوە بەرەنگاری ببینەوە و بەکردەنی هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بدەین، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ئافرەتان هەر سەرقاڵی ئیشکردن نەبن، پێویستە ژمارەیەکی زۆر لە دایەنگە و باخچەی ساوایان بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک لە ماندووبوونەکانیان کەم بکرێنەوە، پیاوانی ئێمەش لەو فۆرمەی بیرکردنەوە دەربازیان بێ، کە پێیان وا بێ، کە هەموو ئیش و کارەکانی ماڵەوە، هەر بەتەنیا لەسەر ئافرەتە، بەڵکو دەبێ بگەنە ئەو ئاستە، کە پێویستە هەموو ئیش و کارەکان بەشێوەیەکی یەکسان لە نێوان هەردوولادا دابەش بکرێ، ئەمە وا دەکات بوارێکی باش بۆ ئافرەتان بڕەخسێت کە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن.

هەڵبەتە دوای شۆڕشی پیشەسازی، ئافرەتان زیاتر هاتوونەتە مەیدان و هەنگاوی گەورەیان بەرەو پێشەوە هەڵهێناوە، کە پێشتر بەسەدان ساڵ هەنگاوی لەو جۆرەی بەخۆوە نەبینبوو، ئەم سەرزەمینە نوێیە وایکرد ئافرەتان بەدوای شوناس و کەسایەتی خۆیان وەک مرۆڤ بگەڕێن و هەوڵی چەسپاندن و بەدەستهاتنی خواست و مافەکانیان بدەن، ئەمەش بووە مایەی ئەوە ڕۆڵێکی کاراتر بگێڕن و زیاتر وەدەر بکەون.

کەواتە شۆڕشی پیشەسازی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هەموو بوارەکاندا هێنایە ئارا و لە سایەی زانست و تەکنۆلۆجیادا پەرەسەندن و گەشەسەندنێکی مەزن لە بواری ئامێر و ئامراز بەدی هات، ئەمە



42 شوبات ٢٠١٢



وایکرد کۆمپانیا و کارخانە و کارگەی بەرفرەوان چێ بکرێن، ئەم ڕەوشە نوێیە و ئەم قۆناخەی دوای دەسکەوتە زانستیی و تەکنۆلۆجییەکانیش لە وڵاتانی ئەوروپا بووە مایەی ئەوەی پێویستییەکی زۆریان بەکرێکار هەبێ، لێرەوە ئافرەتان هاتنە نێو جیهانی کارکردنەوە و، بوونە خاوەنی دارایی و ئابووری خۆیان، کە پێشتر بژێوی ژیانیان پیاوان دابینیان دەکرد.

لێرەوە دەکارین بێژین ئەم ڕەوشە نوێیە دەلیڤە و دەرەتان و هەلێکی بەرفرەوانی لە بەردەم ئافرەتاندا کردەوە تاکو لێزانی و لێهاتوویی خۆیان لە هەموو مەیدانەکاندا بخەنە ڕوو بەتەواوی بەرجەستەی بکەن، هۆکارێکی دیکەش، کە زیاتر وایکرد بەلێشاو ڕوو لە کارکردن بکەن هەڵگیرسانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو، کە کاریگەری جۆراوجۆری لەسەر هەموو کایە و ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگە چێکرد، بۆیە کاتێک پیاوان بەڕێژەیەکی زۆر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کرابوون، بۆشاییەک چێبوو، کە دەبوایە پڕ بکرێتەوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە مووچەی ئافرەتان لە چاو پیاوان لەو وڵاتانەدا کەمتر بوو ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو، کە خاوەن کۆمپانیا و کارخانەکانی وا لێ بکات ئافرەتانێکی زۆر بێنێتە

مەیدانی کارکردنەوە، بەم پێیە جەنگ زەمینەسازییەکی زۆری کرد بۆ ئەوەی ئافرەت لە چوار دیواری ماڵ بێتە دەرەوە، چونکە ئەم کارخانانە لە کاتی شەڕدا، دەبوایە پێداویستییەکانی بەرەکانی جەنگ لە فیشەک و تەقەمەنی جۆراوجۆر دابین بکەن، بەهۆی گەرمی شەڕەکان، تەنانەت کارخانەی چەک و تەقەمەنی دوو شەفت و هەندێک جار سێ شەفتیش لە کارکردندا بوون، کەواتە ئەمە وای دەکرد ئەگەر لە کاتە ئاساییەکاندا کارگەیەک پێویستی بە ٥٠٠ کرێکار بێ، ئەوا لەم ساتە نائاساییانەدا پێویستییان بە ١٥٠٠ کرێکار ببێ، ئەمە بووە مایەی زۆر بوونی رێژەی کرێکارانی ئافرەت لەو کارخانانەدا، هەرچەندە ئێمە ناتوانین ئەو رەوشە بەئەرێنی پەسن بکەین، بەڵام ئەوەی گرینگە لەم بابەت هاتنە مەیدانی کارکردنی ئافرەتانە لە ئاکامی نەبوونی پیاوان، خاوەن کارخانەکان ئیشوکارەکانیان بەم توێژە هەڵدەسووڕاند.

هەرچەندە پێشتر کۆت و بەندێکی زۆر لەسەر ئافرەت هەبوو، بەڵام کاتێک هاتە مەیدانی کارکردنەوە کۆت و بەندەکانی تا رادەیەکی زۆر کەم بوونەوە، بەڵام ئافرەتان هەم وەک دایکێک بەخێوکردنی منداڵەکان و کاری باوکێکیش کە نان پەیدا کردن بوو دەگێڕا، بەمەش رەوشی جەنگ بارگرانییەکی زۆرتری بۆ ئافرەتان هێنایە پێشەوە، کە وایکرد کۆژانەکانیان پتر بێت و بەدەستییەوە بناڵێنن، هەرچەندە هەمان کاری پیاوانیشی ئەنجام دەدا، بەڵام لە رووی مافەوە وەک ئەوان سەودابیان دەگەڵدا ناکرا، ئەمە یەکەم جیاوازی بوو، کە لە شوێنی کارکردندا رووبەڕوویان ببێتەوە، ئەمە بووە مایەی پێشێلکردنی مافەکانیان، بۆیە ناچار بوون، کە هەوڵ بدەن و خەبات بکەن، لەپێناو فەراهەمبوونی ماف و خواستەکانیان.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە مافی ئافرەتان لە ئەوروپادا بەکۆمەڵێ هۆکاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجی و ژینگەییەوە بەندە، کەواتە مافی ئافرەتان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، دەبێ بگەڕێینەوە سەر رەگوڕیشەی کێشە و گرفتەکان، بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، هەوڵ بدەین قسە لەسەر ئەو مافانە بکەین و هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەکان بدەین لە پێناو مافەکانی ئافرەتدا، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک خودان تایبەتمەندێتی خۆی و بارودۆخی دیارکراوی خۆیەتی، کە رەنگدانەوەی هەلومەرجی ئابووری، کولتووری و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەتی، هەر ئەم کەتوارەش وا دەکات و وا دەخوازێت هەر لەو چوارچێوەیەدا رێگەچارەکان دیار بکرێن بۆ ئەوەی بکارین بەشێوەیەکی تەندروست لەوێوە مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان دەستەبەر بکرێن.

بەم پێودانگە ئافرەت وەکو رەگەزێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا، هەردەم پلە و پایە و رۆڵی بەشداریکردنی لە پرۆسەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی دیارو کاریگەرە، بێ گومان پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکیش وابەستە و بەندە بەوەی ئاخۆ تا چەند ئافرەتان ئازادن لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بەڵام پێویستە نەک بەتەنیا ئافرەتان، بەڵکو تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە هەوڵەکانی خۆیان چڕ بکەنەوە و بێ دەنگ نەبن دەهەمبەر بەهەموو ئەو پێشێلکارییانەی دژ بەئافرەتان ئەنجام دەدرێن، کە هەر بەو ئاراستە و ئاستەی بیرکردنەوانەش بوون و مرۆڤبوونی خۆیان بەرجەستە دەکەن، کە ئەم هەڵوێستەش هەم وا دەکات ئافرەتان جۆش بدات و چالاکانەتر بێنە مەیدانەکەوە، هەم دەبێتە مایەی ئەوەی چاوی ئافرەتان زیاتر کراوە بێ لەوەی کە چیتر ملکەچی ئەو بەند و باوانە و ئەو کولتوورە نەبن، کە بەردەوام هەوڵ دەدات ئافرەتان

له نێوان چوار دیواردا بەند بکات و نەتوانێت بەشداری لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا بکات وەک مرۆڤێک.

کەواتە هەر ئافرەتان خۆیان دەبێ وا بکەن، کە دنەی ئافرەتانی دیکە بدەن، کە ئازادانەتر و ئازایانەتر ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکانی خۆیان ببنەوە و پاشەکشە بەو کولتوور و نەریتە دواکەوتووانە بکەن، کە هەوڵ دەدات ئافرەتان دوور بکەونەوە لەو دەرتانانەی، کە بەشێک لە مافەکانی خۆیان تیایدا دەستەبەر دەکەن، هەڵبەتە کارکردنی ئافرەتان بەئاراستەی فەراهەمبوونی مافەکانیان و ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەیە، کە دەبێ ئەوانیش وەک ڕەگەزێکی سەرەکی کۆمەڵ ئەنجامی بدەن، هەر لێرەوە ئەوان دەتوانن ئازادی و مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، کە ئەمەش دەبێتە مایەی گەشبینییەکی زۆر بۆ سەرجەم ئافرەتان، کە تاڕادەیەکی باش توانیویانە هەنگاوی یەکەم دەست پێبکەن لە بڕینی ڕێگەیەکی هەزار میلیدا، ڕاستە ئەمڕۆ ئافرەتان بەئەندازە و ڕێژەیەکی بەرچاو لە تەواوی بوارە ئابووری، کارگێڕی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و داودەزگە حکوومییەکاندا دەبینرێن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر تەواو ئافرەتان بەمافەکانی خۆیان گەیشتوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە شوێنی کارکردنی ئافرەتان کۆژان و ناسۆرییەکان دەست پێ دەکات، ئەویش پێوەندی بەو پاشخانە هزری و ئەو کولتوورە دۆگما و چەقبەستووەوەیە، کە شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکان لێیەوە سەرچاوە دەگرن و تێڕوانینێکی نەرێنی دەهەمبەر ئافرەتان بەرهەم دەهێنێ و لە بۆتە و چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەبێ ڕەفتار بکا، کە هەموو کێشەکان لێرەوە سەرهەڵدەدەن، هەتا ئەم کولتوورەش لە کۆمەڵگەدا ئاوا ڕەگی هەبێ، ئەوا هیچ پێشکەوتن و بەرەو پێشڤەچوونێک لە مافەکانی ئافرەتان لەمە زیاتر بەدی ناکرێ، چونکە ئەم ستایلە لە بیرکردنەوە هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە بەئاراستەی پەرەسەندن و پێشکەوتن، هەر بۆیە تاکو ئافرەت و پیاو شان بەشانی یەکدی و بەکردەنی بەشداری نەکەن لە فۆرمۆڵەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی ژیان و فەراهەمکردنی تەواوی مافەکانی هەردوو ڕەگەز، ئەستەمە ئافرەتان لە تەواوی ماف و خواستەکانیان بەهرەمەند بن. بەڵام بۆ ئەوەی ئافرەت بوونی خۆی وەک مرۆڤێک بسەپێنێ پێویستە بەکردەنی ئامادەبوونی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بسەلمێنێ، کە ئەمەش بەبێ قوربانیدان ئەستەمە بێتە دی، کە ئەم ئاست و ئاراستەیەش پتر ئافرەتان دنە دەدا، لە پێناوی هاتنەدی تەواوی خەون و خواست و مافەکانیان، بەڵام ئەم بزاوتەش دەبێ خودان پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی واقیعیانەی دوور لە ڕۆمانسیەت بێ، بەواتایەکی دی هەڵگری بەرنامەیەک بێ، کە بتوانرێت بەکردەنی جێبەجێ بکرێ و، بوێرانە پرس و کێشەکانی ئافرەتانی تیادا خرابێتە ڕوو، ئەم ئاراستەیەش لە کارکردن، وا پێویست دەکات لە دەسپێکدا پرۆسەیەکی سەرتاپاگیری وشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان لە ئارادا بێ، کە ئەم پرۆسەیەش دەبێ درێژخایەن و بەردەوام بێ، لەپێناو گۆڕانکاری کەتواری ئافرەتان بۆ ئاستێکی باڵاتر، ئەمە وا پێویست دەکات هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ئەرێنی تیادا بگێڕن و تەواوی کایەکانی دیکەش سەرزەمینێکی تەندروست بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی ئەو پرۆسە درێژخایەنە دابنێن، کە ئەم ئاراستەیەش لە ئایندەیەکی دووردا دەتوانێت ئازادبوونی ئافرەتان و مافەکانیان فەراهەم بکات، چونکە بەهرەمەندبوونی مرۆڤەکان لەو دوو ڕووەوە هۆکارێکن بەئاراستەکردنی تاکەکانی بەرەو جڤاکێکی شارستانی و کراوە.

# جیهانگەرایی کۆتای بەئایدۆلۆجیا هێنا

بروسان هاوار

لە دوای هەرەسهێنانی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران، چاودێران پێیانوا بوو، کە ئیدی سەردەمی ئایدیۆلۆجیا بۆ هەمیشە بنە و بارگەی تێکنا و جارێکی دی سەر دەرناکەن، بەڵام ئەوەی لە ئەوروپا و ئەمەریکای باشوور و لاتینیدا بەدەرکەوت، پێچەوانەی ئەو پێشبینیانە بوون، ئەگەر ٢٠ ساڵ لەمەوبەر روویان بدایە، رەنگە شتێکی ئاسایی و نامۆ نەبوایە، ئەویش لەو دوو کیشوەرەدا، ئەم دیاردەیەش وەک هەر گۆڕانکارییەکی رمیاری دیکە سەرنجی درایێ، کە لە دەرەنجامی تەرازووی هێزەکانی هەڵبژاردن روو دەدەن، ئەم دیاردەیەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئایدیۆلۆجیا تەنها بەخشکەیی بەرێوە دەڕوات، وا پێدەچێ ئەو گۆڕانکارییە دژی هەرەسهێنانی سیستەمە ئایدیۆلۆجییەکان و پاشەکشەی پایەی ئایدیۆلۆجیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا بێ، چونکە حزبە چەپەکانی ئەوروپا بەگشتی لە بارگرانی ئایدیۆلۆجیا دەربازیان بووە، تەنیا هەڵگری چەند بۆچوونێکی گشتی و چەند هەڵوێستێکی دیارکراوی ئایدیۆلۆجین، ئەویش بۆ داگرتن و سازدانی پێگەی جەماوەر و گردبوونەوەی لایەنگران بەکاری دەهێنن، بەواتایەکی دیکە ئەو پرەنسیپ و بەهایانەی ئەوان بەدەستیانەوە ماوە تەنیا بۆ ئەوەیە، تاکو بەو مێژووەیان ببەستێتەوە، یاخۆ بۆ ئەوەی نیشانی بدەن ئەو ئایدلۆجیایە سەر بەو رەوتەیە، تەنانەت کاتێک لە گێرمە و کێشە و مشتومڕیشدا بن لە تەک رەوتەکانی دیکەدا، کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەگەڵ ئەواندا نابنە مایەی جیاوازی و ململانێ و سەرهەڵدانی توندوتیژی.

بێ گومان ئەوروپا رۆڵێکی سەرەکی لەو گۆڕانکارییانەدا دەبینێت، بەم ئاوایە ئەمڕۆ چەندین رەوت و ئایدیۆلۆجیای جیاواز لە ئەوروپا و ئەمەریکای لاتین و تەنانەت ژمارەک وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیاش جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بەڵام دوور لە دید و تێڕوانین و خۆبەستنەوە بەئایدیۆلۆجیا دوگما و کولتوورە وشهەڵات و دنیابینییە تەسکەکان، بەتایبەت ئەو رەوتە ئاینی و ئاینزاییيانەی رۆهەڵاتی ناڤین کە هەڵگری ئایدۆلۆجیایەکی دیارکراون و لەژێر پەردەی ئاین هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات و هەڵپەی حکوومەتدارییانە، بێ

گومان پەرەسەندنی پرۆسەی گۆڕانکارییەکان بۆ ئەم ئاستە، کە هیچ کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، حزبە ڕاستڕەوەکانی دیکەی لاوازکرد، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە چەپەکانی ئیتاڵیا کۆت و بەندی ئایدیۆلۆجیایان وەلا ناوە، ئێستە سەرجەم ئەم حزبانە بوونەتە حزبی بەرنامەیی، لەپێناو فەراهەمکردنی خواستەکانی جەماوەر، نەک بەرزکردنەوەی دروشمکاری، ئەمە وایکرد هەم لە چەندین وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکای لاتین زۆربەی دەنگدەران بۆ لای خۆیان بکێش بکەن، بەڵام تێڕوانین و بەرنامەکانیان لە بەرژەوەندی ژیان و گوزەران و سەرفرازی سەرجەم کۆمەڵگەیە، چونکە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییان دەکەن، دوای ئەو ڕیفۆرمەی لە ڕیزی حزبە ئایدیۆلۆجیاکان هاتەکایەوە، بووە سەنگی مەحەکی ئەو قۆناخە، دواتریش مێژوو دەریخستووە، کە تەواوی ئەزموونەکانی کۆنترۆڵکردنی ئایدیۆلۆجیای تۆتالیتاری، کە بەزەبری ئاگر و ئاسن و خوێن حکوومەتەکانیان دەهێشتەوە، ئەوە ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتاندا ڕەتدەکرێتەوە، چونکە ئەو حکوومەتانە ئایدیۆلۆجیایان شێواندبوو، خستبوویانە خزمەتی بەرژەوەندی تەسک و تایبەتی چەند کەسانێکەوە، بەڵام ئەوەی لەم چەند ساڵەی دوایی هاتۆتە کایەوە ڕەتکردنەوەیەکی زەقی ئایدیۆلۆجیا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆجیا وەک سیستەمێک تا ئێستە هەر ماوە، سەرکەوتنی چەپەکانی ئەمەریکای لاتین و ئەورووپا باشترین بەڵگەی ئەم لێکدانەوانەی سەرەوەن، جا لەبەر زۆربوونی باوەڕهێنانی جەماوەر بەو بەرنامەیەی پیادەی دەکەن، بۆیە وەک حزبی بەرنامەیی هاتوونەتە گۆڕێ، نەک لەبەر ئەوەی هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکی دیارکراون یاخۆ خودان تێڕوانینێکی دیارکراوبن، بەڵکو خەڵک کە دەنگیان پێ دەدات لەبەر ئەوەی خودان بەرنامەیەکی دیارکراو بۆ حکوومەتداری بۆ ماوەی خولێک یاخۆ گەڕێکی هەڵبژاردن نەک بۆ ئەوەی هەموو داودەزگەکان بگۆڕن و ئایدلۆجیای خۆیان بسەپێنن، کە ئەمە بەهیچ جۆرێک لەو کۆمەڵگە و لەسیەی ئەو حکوومەتانەدا ڕێگە پێدراو نییە، چونکە ئەمڕۆ بیرۆکەی پێکەوە ژیانی ئایدۆیۆلۆجیا جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا ئەگەر سەر بەدوو سیستەمی جیاوازیش بن، بەڵام ئەگەر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەدا بن، ئەوە زۆر ئاساییە پێکەوە هەڵبکەن و ئەو بەرنامەیەی، کە لە هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد پیادەی بکەن. بەکردەنیش ئەم پێکەوە ژیانە چەند پێشکەوتنێکی گرینگ لە هەموو داودەزگەکانی ئەو حکوومەتانە، بەدەست دەهێنێ، هەر ئەمەش سەلماندی، کە ئەو حزبانەی بەرنامەیەکی دیارکراو ڕوونیان هەیە، دوورن لە شەڕە دروشم و چەواشەکردنی جەماوەر و ئەو بەڵێنانەی، کە بەدەنگدەرانیان دەدەن، دەتوانن جێبەجێی بکەن، بۆیە چاودێران پێیانوایە ئەم حزبانە کەمتر گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی حکوومەتەکانیان دەبینرێ، بەپێچەوانە کە هەندێ چاودێران وای بۆ دەچن، کە دوو سیستەمی جیاوازی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە مایەی پەکخستنی داودەزگەکانی دەوڵەت، بەڵکو بەپێچەوانە ئەم مۆدیل و فۆرمە لە پێکەوە ژیانی و پێکەوە کارکردن، گوزارشکردنە لە گیانی سەردەم و گەیشتنە بەقۆناخێکی پێشکەوتووتر، کە دەتوانن پێکەوە باشتر خواستەکانی نەتەوەی ئێمە و ئەو بەڵێنانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەیان بۆ دەکەن، بۆ تەواوی هاووڵاتییان فەراهەمیان بکەن، دیارە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش لەم ڕووەوە باشترین گەواهیدەرە، هەرگیز هەوڵی نەداوە چەواشەی هەوڵاتییان بکات، بەڵکو دوور لە مزایەدەی حزبایەتی دوور لە ڕۆمانسییانە ساتوسەودایی دەگەڵ تەواوی پرس و کێشەکاندا کردوو، هەردەم بەرژەوەندییە بالاچکانی گەلی کوردستانی بەهەند هەڵگرتووە و سازشی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان نەکردووە و ناکات.

# تەکنۆلۆجیای نوێ و ڕۆڵی لە بواری بازرگانیکردندا

هێڤی فوئاد

لەم

بیست ساڵەی دوایدا گۆڕانکاری مەزن لە هەموو کایەکاندا هاتەدی، ئەویش لە سایەی پێشکەوتن و ئەو پەرەسەندنە سەرسووڕهێنەی تەکنۆلۆجیا و شۆڕشی زانست و زانیاری و گەیاندن، کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە و وەک دەڵێن جیهانی کردە گوندێکی بچووک، بەڕادەیەک خەریکە گوێمان لە هەناسە و چرپەی یەکدی دەبێت، بۆیە ئەم سەردەمەی ئەمڕۆمان مەزنترین ئاڵوگۆڕی لە بوارە جیاوازەکاندا هێنایە دی بۆ مرۆڤەکان، قەڵەمبازی گەورەی تیادا بەدی دەکرێت، کە لەم ماوە کورتەدا ئەو ژمارە زۆر و زەبەندەی ئامێر و ئامرازە تەکنۆلۆجی و زانستییەکان بەرهەم هاتن، بەشێوەیەک کات و مەوداکانی بۆ کورتکردووینەتەوە، کە لە ئەندێشە و خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەبوو ئەو پەرەسەندنە مەزنانە لەم ماوە کورتەدا بێنە دی، کە ئەمەش بەدەسکەوتی گرینگ دادەنرێن بۆ سەرفرازی و ئاسوودەیی مرۆڤەکان، کە بتوانن لە بەرژەوەندی قازانجی خۆیان بەکاری بهێنن. دنیای ئەمڕۆ و پێوەندییەکانی وڵاتان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان بونیاد دەنرێت، ئابووری و بازرگانی بەشا دەماری ژیانی هەر کۆمەڵگەیەک و ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی دەژمێردرێن، لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، کە ئێستە لە دنیادا ئابووری و بازرگانیکردن بەهەموو جۆر و شێوازەکانییەوە گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری پێ دەدرێت، بۆیە حکوومەتەکان ئەوپەڕی تواناکانی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین داهات و سوود بەدەست بهێنن، لە پێگەی ساناترین و هەرزانترین نرخ، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ئامرازە نوێیەی ئەمڕۆ، کە هەموو ژیانی مرۆڤەکانی تەنیوەتەوە، کە هیچ فەرمانگە، نووسینگە، کارگە، کۆمپانیا و نووسینگەکانی بازرگانی و... هتد نییە ئەگەر تۆڕی ئینتەرنێت تیادا نەبێ، بۆیە پچڕانی تۆڕی ئینتەرنێت بۆ چەند خولەکێک ڕەنگە هەندێک جار بەهەزاران دۆلار زەرەر و زیان لە کۆمپانیایەک بدات. کەواتە ئەم شێوازە نوێیە لە بواری ئابووری و بازرگانیدا بەدەسکەوتێکی گەلەک مەزن دێتە ناسکرن، کە ئەمەش شارەزایی و لێزانی و

هێمنی و ئارامی دەخوازێت، ئەم جۆرە بازرگانیکردنەش بەبازرگانی ئەلیکترۆنی دەناسرێت، چونکە مۆدێل و کوالیتە جۆراوجۆرەکانی

لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەکاردێنێت دەکارێت کامە کەلوپەل یاخۆ کەرەستە و ئامراز دەخوازێت دەکارێت بەسانایی هەڵیبژێرێ، کە

web لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بوار بۆ بەکارهێنان دەرەخسێنێ، کە زانیارییان هەبێت لەسەر ناونیشان و نرخەکانی خزمەتگوزاری، کە




کەلوپەل و شمەکەکان و بەها و نرخ و هەموو جۆرە پەسنەکانیان لەسەر ئەو تۆڕە ئەلەکترۆنییەدا نمایش دەکرێن، ئەوەی ئامێری کۆمپیوتەر

ئەمەش کرێی گواستنەوە و ناخۆشی هاتووچۆکردن و چەندێک ئاریشەی دیکە لە کۆڵ کڕیار دەکاتەوە، هەروەسا کڕین لەسەر لاپەڕەکانی

یەکجار بەربڵاون، وەک بانکەکان، هوتێلەکان، شانۆکان، بریکارە جۆراوجۆرەکان و دابینکردن و بڕینی بلیت لە کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی

و هێڵەکانی ئۆتۆمبێل و... هتد. چۆن پرۆسە و ڕێکەوتنی بازرگانی ئەلیکترۆنی چێ دەبێ و چۆنیش پرۆسەی کڕین و فرۆشتن دێتە دی؟ ئەو کاتەی کە بەکارهێنەرەکە، بەشی تایبەت بەجۆری کەلوپەل و کەرەستە و شمەکە بازرگانییە داواکراوەکە هەڵدەبژێرێ، دواتر لە نێو بەشەکە، شتێکی دیارکراو هەڵدەگرێ، لە کۆتایدا ئەو شتەی داوایکردووە یاخۆ ئەوەی پێی دەڵێین شمەکە داواکراوەکە هەڵدەبژێرێ، بەدیارکراوی لە لیستی کۆتای، کە لەسەر سکرینی کۆمپیوتەرەکە دەردەچێ، کۆمپانیاکە یاخۆ هەر داودەزگەیەک یان بەکارهێنەرەکە هەرچییەک بخوازێت لە خانەی شت کڕین دایدەنێ، کە لە خوارەوەی سکرینەکەیە، ڤێجا ئەو بڕە دیار دەکات، کە ئەو دەیەوێت پرۆسەی کڕین و دانانی نرخەکانیش بەپێی کەلوپەل و کەرەستەکان دەست نیشان دەکرێ، بۆ نموونە ئەگەر ئەو شتە مۆز بێ داتا و زانیارییەکانی کەسی بەهۆی کۆمپیوتەر لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە زانیاری دەدا، کارتی دڵنیایی تێدایە، پاشان ئەم زانیارییانە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمپانیای (تیسکۆ) بەهۆی کۆدی نهێنی و پارێزراو، کە پشت بەتەکنۆلۆجیای (ئەکتڤ ئەکسی) دەبەستێ، کە لە ڕێکخستنی مایکرۆسۆفتە، لێ دەگەڵ ئەمەشدا هەندێ کۆمپانیای بازرگانی و ئابووری ئەلیکترۆنی هۆیەکانی تەکنۆلۆجیای پرۆگرامی دیکە، بۆ دابینکردنی لایەنی تەناهی بەکار دێنن وەک هۆیەکانی چڕ لەسەر زمانی (جافا)، هەروەسا کۆمپانیای (تیسکو) هەڵسا بەبڵاوکردنەوەی ڕاژەی تایبەت، کە بەتۆڕەکەوە نەبەستراوەتەوە، بۆ تەواوکردنی ڕاژە بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکان، کە بەتۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەستراوە، کە لەسەر پرۆگرامەکانی تیسکۆ، هۆم شوبەر دەوەستێ، لەم دواییەدا ڕاپرسییەک، کە کۆمپانیای (یانکیلۆ بارتنرز) ئەنجامی دابوو، ڕای گەیاند کە ٨٠٪ - ٩٥٪ لە بەشداربووان لە تۆڕی ئینتەرنێت، کە پێشتر بازرگانی ئەلیکترۆنییان نەکردبوو دەخوازن پشت بەتۆڕەکانی ئینتەرنێت لە ئایندەدا ببەستن، لە بوارەکانی وەک دابینکردنی هوتێلەکان یاخۆ کڕینی بلیتی گەشتوگوزاری یان بڕینی بلیتی شانۆ و کۆنسێرتەکان یاخۆ دیسکەکانی موزیک، کە لە بازرگانی ئەلیکترۆنی کاری لێکراوە، هەروەسا سەنتەری تۆژینەوە و نوێکردنەوەی زانیاری دارایی (CSFI) لە بریتانیا لەم دواییەدا تۆژینەوەیەکی سەبارەت بەگۆڕانکارییەکان، کە بەنیازە لەسەر تۆڕی ئینتەرێت چێی بکات، بۆ پرۆسەی دارایی گرینگترین خاڵەکانی ئەمانەن: * زیادبوونی کێبەرکێ لە بازاڕی ڕاژە داراییەکان، دەگەڵ هێنانە ناوەوەی لایەنی نوێ، کە ئەمەش ئێستە ڕوو دەدات. * ئاگەدارکردنی بەکارهێنەر بەشێوەیەکی بەرفرەوانتر لەسەر ڕاست و دروستی پرۆسەکان، دەگەڵ پێدانی زانیاری زیاتر لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان. * سەرکەوتنی ئەو کۆمپانیایانەی، کە پشت بەتەکنۆلۆجیای نوێ دەبەستن و شێوەکانی کڕین و فرۆشتنی نوێ و پێشکەوتوو بەیاریدەی تۆڕەکانی زانیاری بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی، کە پشت بەشێوە و هۆکارە ئاساییەکان دەبەستن. * زیادکردنی دەسەڵاتی میوان لە پێدانی توانا بۆ ئەوەی یەکسەر بچێتە نێو بانکە زانیارییەکان و پێدانی هۆیەکانی، کە دەتوانێ پلانە تایبەتییەکان جێبەجێ بکات. * لابردنی سنوورە ڕامیاری و جوگرافییەکان، ئەگەر لە نێوان داودەزگە داراییەکاندا هەبێ، لێرەش بەکارهێنەرەکە ئەو کۆمپانیایە یاخۆ دامەزراوەیە دەست نیشان دەکا، کە دەگەڵ ئارەزووەکانی دەگونجێ، نەک لەسەر بنەڕەتی ڕەگەزەکەی. هەروەسا بواری گەشتوگوزار، مەیدانێکی دیکەیە لەسەر لاپەڕەکانی WEB تێبینی دەکرێن، کۆمپانیا ئاسمانییەکان زۆر بەگوڕن بۆ بیرۆکەی فرۆشتنی بلیتی گەشتکردن بۆ بەکارهێنەران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. بۆ ئەوەی کرێیەکەی بڕیارەکانی گەشت یەکلا بکرێتەوە، کە لە ئەمەریکا بۆ نموونە دەگاتە ١٠٪ لە نرخی بلیت، هەروەها چەندان تۆڕی کتێب فرۆشتن لە ئەمەریکا و وڵاتانی

دیکە هەڵسان بەنیشاندانی ناونیشانی کتێبەکانیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەمڕۆ لەسەرانسەری دنیا هەزاران نووسینگە و قاوەخانەی تایبەت هەیە بۆ تۆڕەکانی ئینتەرنێت، لەلایەکی دیکەوە بازرگانیکردن و فرۆشتن و کڕینی ئۆتۆمبێل لە زۆربەی بازرگانییەکانی دیکە بەرهەمهێنتر و زیاترە، لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، لە چەندین وڵاتانی دنیادا، بەکارهێنەران دەکارن پێوەندی بکەن، بەشوێنی تایبەت دەگەڵ دیارکردنی جۆری ئۆتۆمبێلەکە، کە دەخوازن بیکڕن یاخۆ لەبارەیەوە بپرسن، دواتر داواکارییەکان لە فرۆشیاران و کۆمپانیاکان پێ دەگات، ئەوانیش کێ پارەی زیاتر بدات ئەوانە هەڵدەبژێرن، پاشانیش بۆ بارەگەی فرۆشیار و بۆ وەرگرتنی ئۆتۆمبێلەکە نرخی ئەو ئۆتۆمبێلەی، کە لەسەر ئینتەرنێت نیشاندراوە کەمترە بەنێزیکەی ١٠٪ لە نرخی ئەو ئۆتۆمبێلانەی، کە بەشێوەیەکی ئاسایی فرۆشراون، هۆیەکەشی ئەوەیە، کە خەرجی هاوبەشیکردنی فرۆشیاری ئۆتۆمبێل لە تۆڕی دابینکردنی ڕاژەکانی فرۆشتن لە تۆڕەکە زۆر کەمترە لە خەرجی ڕێکلام و بازاڕ بەشێوەی بازرگانی ئاسایی، پار ساڵ ڕێژەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە ڕێگەی بازرگانی ئەلیکترۆنی گەیشتە زیاتر لە ٢٤ ,٢٧٪ لە ئەمەریکادا. نها کاری ڕێکلام و ئاگادارییەکان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی یەکجار سەرسووڕهێنەر گەشە دەکات و پەرەدەستێنێت، کە ئەمەش موژدەیەکی دڵخۆشکەرە، کە لە ئایندەیەکی یەکجار نێزیکدا بوارێکی بەرفرەوانتر بۆ ڕێکلام و ئاگادارییە جۆراجۆرەکان ساز دەبێ، کە زانیاری هەمەجۆری بەشداربووان پەخش بکەن و بەشێوەیەکی زۆر ڕێک و بەرنامە داڕێژاو، هەروەها بوار و زەمینەسازی بێتە کایەوە بۆ ئەنجامدانی کۆڵینەوەیەکی ورد و

**نها کاری ڕێکلام و ئاگادارییەکان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی یەکجار سەرسووڕهێنەر گەشە دەکات و پەرەدەستێنێت، کە ئەمەش موژدەیەکی دڵخۆشکەرە**

تەندروست سەبارەت بەگرینگی و چالاکی ئاگادارییەکان. داهاتی ڕێکلام و ئاگادارییەکان، تەنها ئەوانەی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەخش دەکرێت لە ساڵی ڕابردوو هەر تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەیشتۆتە زیاتر لە ٩٦٧ ملیۆن دۆلار، پسپۆڕان پێیانوایە، کە بازرگانی ئەلیکترۆنی پێشکەوتنێکی بەرفرەوانتر بەخۆیەوە ببینێ، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ نرخی کۆمپیوتەر بەشداربوون لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە بازاڕەکانی دنیادا داشکاندنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە، واتە ئەمڕۆ تاکەکان دەکارن بەنرخێکی گونجاو کۆمپیوتەرێکیان دەست بکەوێت و ببنە بەشدار لە هێڵەکانی ئینتەرنێت. لە ساڵی ١٩٩٧ (بۆندی) کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەسەرانسەری دنیا گەیشتۆتە زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی، لە ساڵی ٢٠٠١ گەیشتۆتە ٢٢٠ ملیۆن دۆلار، لە ساڵی ٢٠٠٢ش گەیشتۆتە زیاتر لە ٤٢٦ دۆلاری ئەمەریکی، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێژەیە بۆ ٨٩٤ دۆلاری ئەمەریکی بەرزبووەتەوە، پار ساڵیش ڕێژەکە دەیان جار بەرزتر بۆتەوە.

هەرچەندە تاکو نها ئاریشەی مەزنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ ئەنجامدانی کاروبارە بازرگانییەکان ئەوەیە، کە نەیتوانیوە دابینکردنی تەواو برەخسێنێ لە بواری پاراستنی تایبەتمەندییە بازرگانییەکاندا و کۆڵینەوەی ناسنامەی بەشداربووان لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکاندا، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، بازرگانی ئەلیکترۆنی بەکارێکی یەکجار پێشکەوتوو لەم سەردەمە تێتە ناسین، بۆیە خەریکە هیچ داودەزگە و کۆمپانیایەک نەبێ، کە بکارێت بەدەر لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت ئیشوکارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت.

# ڕۆڵی ڕێکخراوی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا

ڕابەر سەباح

چەندین فاکتەر و هۆکاری جۆراوجۆر کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بەسەر پێکهاتەی دەوڵەت و ئایندەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، بەتایبەتی لەسەردەمی جیهانگەراییی، ئەم ڕەوشە نوێیە وایکردووە پێناسەی دیکە و جیاوازتر بۆ تەواوی چەمکەکانی ئەمڕۆ بکرێت، لە هەموو کایە ڕامیارییەکان، ئابوورییەکان، پیشەسازییەکان، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا، هەر بۆیە کاریگەرییەکانی ئەم قۆناخە نوێیە زیاتر لە بواری ئابووری، بازرگانی و پیشەسازیدا ڕەنگی داوەتەوە، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناخەش زیاتر لە دوای هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیالیستی و سەرهەڵدانی تاک جەمسەری بەدەرکەوت، کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕەوشی پیشەسازیی، ئابووری، بازرگانی و بەرهەمهێنان هێنایە کایەوە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین لەم سەردەمەی جیهانگەراییەدا هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرییان کەمتر نییە، لە هۆکارە نێوخۆییەکان سەبارەت بەتەواوی کێشە و گرفت و تەنگژە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، جا لە هەر وڵاتێکدا بێت، بۆ نموونە ئەم تەنگژە ئابووری و داراییەی، کە نها هەموو دنیای گرتۆتەوە، هۆیەکەی تەنیا داتەپین و داڕوخانی ئابووری نێوخۆ نییە، بەڵکو چەندین فاکتەری دیکە لەو ڕووەوە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن، کە هەموویان هۆکاری دەرەکین وەک هەژمونی کارتلە جیهانییەکان، کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بەسەرکەرتی پیشەسازی و ئابووری و تەکنۆلۆجیای زۆر پێشکەوتوو، کە هەموو ئەمانە لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی زلهێزە و زۆر بەئاسانی دەکارن بەکاری بهێنن، چونکە بخوازین یاخۆ نەخوازین ئەمڕۆ هێزی ئابووری، سەربازی، مەزنە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان هەموویان لە ژێر هەژموونی ئەواندایە، بۆیە هێز و توانای ئەوان لە هەموو ڕووەکانەوە یەکجار گەورەتر و لە ئەندازە بەدەرترە لە ڕووی هێزی سەربازی، ئابووری و تەکنۆلۆجیای وڵاتانی دیکەی دنیادا، بۆیە هەردەم وڵاتانی بەهێز لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە دەتوانن ژیار، شارستانییەت و کولتووری خۆیان



بەسەر کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکەدا زۆر بەئاسانی بسەپێنن، کاریگەری جۆراوجۆر لەو ڕووەوە چێ بکەن و ڕۆشنبیریی، هزر و شارستانییەتی وڵاتانی زلهێز و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ببێتە باو و خۆ بسەپێنێت. بۆیە ئەو دواکەوتنە ئابووری، پیشەسازی و تەکنۆلۆجیایەی، کە چەندان وڵات بەدەستییەوە دەناڵێنن ناتوانین بەتەنیا پێوەستی بکەین بەهۆکاری ڕامیارییەوە، بەڵکو فاکتەری هزری و چۆنێتی ساتوسەودایکردنی وڵاتان ڕۆڵێکی هەرە دیار دەگێڕن لە دواکەوتن یاخۆ بەرەو پێشڤەچوونی ئاستی ئابووری و ڕۆشنبیری دەگەڵ ئەو کەتوارە نوێیەی، کە نها لە ئارادایە، بۆیە وێڕای هەوڵ و خواستەکانی کۆمەڵگە و وڵاتان بۆ سەودا و کارتێکردن و کارلێکردنی هاوبەش و هاوئاهەنگی جۆراوجۆر لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان و وڵاتانی دنیادا، لەپێناو گەیشتن بەمۆدێلێکی هەرە باش و بەهێزی هاریکاری و هاوبەشی نێوان میللەتان لە بواری ئابووری و پیشەسازییەوە، لێ بزاڤی دیپلۆماتی و کرانەوەی وڵاتان لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت. هەڵبەتە ئەمڕۆ شێوازی بەرهەمهێنان گرینگی زۆری هەیە لە دەست نیشانکردنی خەسڵەت و ڕەوتی ئەم بزاوتە ئابووری و پیشەسازی و

گواستنەوەی تەکنۆلۆجیای سەردەم لە نێوان وڵاتاندا.

ئابووری و بزاوتە بازرگانییەکان ڕۆڵی دیار دەگێڕن لە گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی کەتواری هەرکۆمەڵگە و وڵاتێکدا، کە هەموو ئەو ململانێیە ئابووری و بازرگانییەی ئەمڕۆش لە نێوان وڵاتان لە ئارادایە، گەڕانە بەدوای زۆرترین قازانج و دەسکەوتی ئاسان و دەستی کاری هەرزان و هۆکاری نوێی بەرهەمهێنان و سەپاندنی فۆڕمی ژیان، کولتوور، هزری و ئابوورییەکی دیارکراو لە تەواوی دنیادا، بۆ نموونە پێوەندی ئابووری نێوان تورکیا و یەکەتیی ئەورووپا پێشتر ناهاوسەنگ بوو، بەڵام لە ئاکامی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی یەکەتیی گومرکی لە ساڵی ١٩٩٦دا، ئەورووپا قازانجێکی زۆری بازرگانی هەبوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەم پێوەندییە بازرگانییانە زیاتر پەرەیانسەند و، گرینگی تورکیاش لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا بووەتە دەروازەیەکی پڕ بایەخ لە نێوان ئەورووپا و چەندین وڵاتانی ئاسیادا، ئەویش بۆ ئەو بۆڕییە نەوتییانە دەگەڕێتەوە، کە نەوتی لێوە بۆ کەناری دەریای سپی ناوەڕاست دەگوازێتەوە، ئەگەری زیادبوونی توانای گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکی، بەهۆی گواستنەوەی نەوتی دەریای قەزوینەوە، هاوکات وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بەبازاڕی سەرەکی بۆ هەناردەکانی تورکیا دادەنرێت و، بەسەرچاوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەژمێردرێت، چونکە ڕێژەی وەبەرهێنانی وڵاتانی ئەورووپا دەگاتە ٧٠٪ سەرجەم وەبەرهێنانی بیانی لە تورکیادا، سەرچاوە ئابوورییەکانیش پێشبینی دەکەن یارمەتی زۆرتری دارایی لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاوە بگاتەوە ئەنقەرە، دەگەڵ ئەوەیشدا هەر بەتەنها لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا پتر لە ٣ ملیۆن مرۆی تورکان لەو وڵاتەدا کاری جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، ئەمە

**گرینگی تورکیا لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا بووەتە دەروازەیەکی پڕ بایەخ لە نێوان ئەورووپا و چەندین وڵاتانی ئاسیادا، ئەویش بۆ ئەو بۆڕییە نەوتییانە دەگەڕێتەوە**

جگە لە ژمارەیەکی لەمە زیاتریش دابەش بوونەتە سەر چەندین وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، ئەمەش پێوەندی تورکیا بەئەورووپاوە زیاتر گرێ دەدات، کە ئەو تورکانەی لەو وڵاتانەدا دەژین، دراوی قورس بۆ وڵاتەکەیان دەنێرنەوە، کە ئەم بروسانە مەزنەی تورکان لەو وڵاتانەدا وایکردووە پاڵپشتییەکی باشی ئابووری وڵاتەکەیان بکەن و، ببێتە هۆکاری کاریگەر بۆ بووژانەوەی ئابووری تورکیا، بەشێوەیەکی دیکە دەکارین بێژین وڵاتان ئەمڕۆ زۆر بەسانایی دەکارن تەنگژەی ئابووری و بازرگانی بۆ یەکدی چێ بکەن، تەنانەت ڕێکخراوەکانی ئەو بوارەش ناکارن ببنە فریادڕەسیان و لەو تەنگژانەی دووچاریان دەبێت دەربازیان بکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین ئێستە لە سایەی ئەم ڕەوشەی تورکیا تیایدایە، ئەو ژمارە زۆرەی بروسانی تورکان لە وڵاتانی یەکەتیی ئەورووپادا، ئەورووپییەکان لە ژێر هێزی ئابووری و ئەو کارەکتەرە بەهێزەی لەبەردەستیاندایە دەتوانن زۆر شت بەسەر وڵاتێکی وەک تورکیادا بسەپێنن ئەگەر بخوازن، بەم شێوەیە ئەمڕۆ پێوەندی نێوان وڵاتان، پێوەندییەکی هاوبەشە و دەتوانن بەئاسانی ببنە کارتی هەڕەشەکردن لەسەر یەکدی، تەواوی ئەم ڕەوشە نوێیەی ئەم سەردەمە و دەرهاویشتەی ئەم قۆناخە جیهانگەرایی چێی کردوون، بۆیە وڵاتان کەم تا زۆر هەژموونی جیهانگەرایی و کاریگەرییەکانی بەهەند وەردەگرن و ناتوانن دەرهاویشتەکانی ئەم کەتوارە نوێیە فەرامۆش بکەن، چونکە سەبارەت بەهەندێک لە وڵاتان ڕووبەڕووبوونەوەی باهۆزی جیهانگەرایی و پێشگرتن پێی و ئاستەنگ چێکردن لەبەردەمیدا دەبێتە مایەی نەهامەتی و ڕەنگە زۆرجاریش تەنگژەی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە و ڕەنگە کارەساتی دڵتەزێن و تەنگژەی

ئابووری سەختیش بەدوای خۆیدا بهێنێت
ئەرجەنتین یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەمەریکای باشوور و یۆنانیش یەکێکە لەوڵاتانی ئەوروپا، ئەم دوو وڵاتە دووچاری دارمانی ئابووری گەورە هاتوون، کە لە مێژووی ئەم دوو وڵاتەدا هاوشێوەی نەبووە، بەتایبەتی وڵاتێکی وەک یۆنان، ئەم تەنگژە و قەیرانە ئابووری و داراییەی یۆنان و ئەرژەنتین بەشێکە لەو تەنگژە ئابووری و داراییەی، کە وڵاتانێکی زۆر دووچاری بوون، ئەم بارودۆخە ئابوورییە نالەبارەش ئاژاوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە ناسەقامگیری ڕامیاریش بەدوای خۆیدا بهێنێت و کاری توندوتیژی زیاتری لێ بکەوێتەوە.. لە کاتێکدا ڕەوشێکی لەم جۆرە، کە لە توانای ئەو دوو حکوومەت بەدەرە و، هەر دوو حکوومەتی ئەو وڵاتانەش ئەو توانایەیان نییە.
سەبارەت بەم ڕەوشە دژوار و ناهەموارەی ئابووری و دارایی هەوڵی وڵاتان بەردەوامە بۆ هاریکاریکردن و کۆمەک و قەرزپێدان و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە نەوەکو بەئاراستەیەکی ترسناکتردا گوزەر بکات، هەر بۆیە هەر یەک لە واشنتۆن و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، کە خۆیان بە بەرپرسیاری یەکەمی تەنگژەی ئابووری ئەو دوو وڵاتە دەزانن، ئاماژەی خۆیان نیشانداوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەم ئاریشەو تەنگژە مەترسیدارە، هەرچەندە پێشتر ناڕازیبوون بەیارمەتی و کۆمەکی حکوومەتی پێشووی یۆنان، کە لە کاتوساتەدا داوای قەرزێکی مەزنی کردووە لەو ڕێکخراوانە بۆ دەربازبوون لەم تەنگژە ئابوورییەی کە تەنها دووچاری وڵاتەکەی بۆتەوە.
لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک لە ئیدارەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، کە ئەمەریکا و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و داودەزگە داراییەکانی دیکە ئامادەن پاڵپشتی لە پلانی بەردەوامی بوژانەوەی ئەو دوو وڵاتە بکەن. لەلایەکی دیکەوە دراوی وڵاتی یۆنان بەتەواو دابەزیوە و بەهای خۆی لە دەستداوە، لەو بارەیەوە حکوومەتی یۆنان خەرجکردنی دراوی بۆ ماوەیەک لە زۆربەی بانکەکان ڕاگرتن تاوەکو فریای دەربازکردن و ڕزگاربوونی وڵاتەکە بکەوێت لەو ڕەوشە ئابووری و داراییە ترسناکەی تێی کەوتووە، بۆ ئەوەی دۆخەکە لەمە زیاتر نالەبارتر و ئاڵۆزتر نەبێ، هەروەها دەبێ بەزووترین کات ڕێوشوێنە دارایی و ئابوورییە توندەکان و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێڕەو بکات، کە ئەویش برێتییە لە ڕامیاری دەست پێوەگرتن لە کەمکردنەوەی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت و خانەنشیان خۆی بەرجەستە دەکات، ئەگەر نا ئەو ڕێکخراوانە ئامادن نین هیچ هاریکاری قەرزێکی پێ ببەخشن، ئێستەکەش کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشیان بووتە گەورەترین ئاریشە لەو وڵاتەدا تا ئێستە حکوومەتی ئەو وڵاتە نەیتوانیوە ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکات، بۆیە تاکو ئێستە نەتوانراوە قەرزی پێبدرێت.
پسپۆڕان و شارەزایانی ئابووری وڵاتانی ئەمەریکای لاتین سەبارەت بەم تەنگژە و قەیرانە دەڵێن: «تەنگژە و قەیرانی ئێستە، پرسی چارەنووسی هاووڵاتییانی وڵاتی ئەرجەنتین

**دراوی وڵاتی یۆنان بەتەواو دابەزیوە و بەهای خۆی لە دەستداوە، لەو بارەیەوە حکوومەتی یۆنان خەرجکردنی دراوی بۆ ماوەیەک لە زۆربەی بانکەکان ڕاگرتن تاوەکو فریای دەربازکردن و ڕزگاربوونی وڵاتەکە بکەوێت**

دەخاتە سەنگی مەحەکەوە ئاخۆ تا چەند بەرگەی ئەم ڕەوشە ئابوورییە ترسناکە دەگرن»، لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕێکی ئابووریناسی ئەمەریکی گوتی: «پلانە دراوییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، کە ئازادکردنی خەرجی دراوی پیرۆی ئەرجەنتینی لە سەرەتای ئەمساڵدا دەرکردبوو، بۆ ئەوەی جێگەی سیستەمی دانانی نرخی دوو سەرەی خەرجکردن



بگرێتەوە، وا لەو وڵاتە دەکات، کە دراوە کەڵەکەبووەکانی خۆی لە پیزۆوە بکاتە دۆلار».

هەرچەندە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٥ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی سەرمایە تەرخانکراوەکانی ئەرجەنتینی بۆ چەند مانگێک ڕاگرت، چونکە ئەو وڵاتە نەیدەتوانی بەرنامەی دەست پێوەگرتن لە بودجەی خۆیدا جێبەجێ بکات، کەچی دوای حەوت ساڵ لەو تەنگژە و قەیرانە ئەمڕۆ تەنگژەیەکی توندتر و دژوارتر ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بووەتەوە، بەڵام ئەمجارە هەوڵەکان بەچڕوپڕی لە ئارادان بۆ هاریکاریکردنی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، تاکو یۆنان و ئەرجەنتین لەو ڕەوشە ئاڵۆزە بەزووترین کات، دەرباز بکەن.

ڕەوشی داتەپیوی ئابووری یۆنان درێژەپێدەری ئەو ڕەوشەیە، کە لە سەرەتای (٢٠٠٠)ەوە لەو وڵاتەدا سەریهەڵدا، بەڵام ئەمجارەیان زۆر توندتر و ترسناکترە، بۆ ئەوەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی یارمەتی بدات، ئەوا دەبێت پلانێکی ئابووری توند و تۆکمە پیادە بکات بۆ دووبارە بوژاندنەوەی ئابووری لەو وڵاتەدا، ئەمە جگە لەوەی ئەمەریکا تاوەکو ئێستە وەک پێویست کۆمەکی ئەو وڵاتەی نەکردووە، بەڵام بەرپرسێکی ئەمەریکی سەبارەت بە ئەرجەنتین گوتی: ئەرجەنتین دراوسێ و دۆستی ئەمەریکایە و ئەو بارودۆخە نالەبارەش کاریگەری لەسەر ئەمەریکاش دەبێت، ئەگەر زوو هەوڵی چارەسەرکردنی نەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بەپێوەندییە ئابوورییەکانی ئەمەریکا دەگەڵ هاوپەیمانانیدا وا بڕیارە ئیدارەی ئۆباما کۆمەک و هاریکارییەکی مەزن بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری پێشکێش بەهەردوو وڵاتی ئەفغانستان و تورکیا بکات، ئەمە جگە لەوەی ئەمەریکا کۆمەک و باربۆی دەیان وڵاتی دیکە دەکات، چونکە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەن، کە هاوپەیمان و دۆستی ئەمەریکان لە شەڕی دژ بە تیرۆردا.

هەروەها ئەمەریکا هەڵوێستی خۆی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وا نیشانداوە، کەوا جۆرێک لە گۆڕان هەیە لە سەوداییکردن دەگەڵ ئەو وڵاتانەی، کە لە هەوڵی بوژانەوەی ئابووریدان و ساڵانێکی دوور و درێژیشە گەمارۆی ئابووری ئەمەریکایان لەسەرە، کوبا یەکێکە لەو وڵاتانە، کە چاودێران پێیانوایە، ڕەنگە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیکردنی رائولی برای ڤیدل کاسترۆدا، ئەو وڵاتە کرانەوەیەک بەخۆیدا ببینێت و، ئاراستەی پێوەندییەکانی کوبا و ئەمەریکا قۆناخێکی نوێ دەست پێ بکات، ئەم قۆناخەی ئیدارەی ئۆباماش گۆڕانکاری جۆراوجۆر و مەزنی بەخۆوە بینی، کە بەسەردەمی گۆڕانکاری هاوکێشە ڕامیارییەکان دێتە ناسین، کە ئەمەش لە قازانج و بەرژەوەندی میللەتاندایە، ئەگەر حکوومەتەکان بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتان لە پێش لاساری و کەللە ڕەقییەکانی خۆیان دابنێن، بۆیە ئەم قۆناخە نوێیە چاودێران پێیانوایە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی نوێی لێ بکەوێتەوە، کە هاوکێشە دیکەی جیاوازتر شوێنی ئەو هاوکێشانە دەگرێتەوە، کە تیایدا تەنها ئایدیۆلۆجیا بەهەند وەربگرێت، لە سەردەم و دەورانێکدا، هەموو بەرژەوەندییەکانی میللەتان دەکرایە قوربانی ئایدیۆلۆجیا.

هەرچەندە تاکو نها لێتۆژ و ئابووریناسان پێیانوایە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ناتوانێ بەتەنیا وڵاتان لەو تەنگژە و قەیرانە ئابوورییانە ڕزگار بکات، هەرچەندە ئابوورناسەکانی هەندێک لەو وڵاتانەی دووچاری قەیرانی ئابووری و دارایی بوونە، پێیانوایە و بەو شێوەیە شرۆڤەی ئەم تەنژە و قەیرانە دەکەن، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی خۆیەتی، بەڵام پسپۆڕانی ئابووری ڕۆئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی وای دەبینن، ئەگەر هەر وڵاتێک ڕووبەڕووی گرفتە ئابوورییەکان بووەوە، ئەگەر هاتوو هەوڵ نەدات بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئابووری خۆی، ناکرێ چاوەڕوانی یارمەتی و کۆمەک و هاریکاری بکات لە حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان.

هەژی گۆتنە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەرجەنتین ماوەی

چەند ساڵێکە بەوردی ڕێنماییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی دراوی جیهانییان پیادە کردووە، کە ئەمەش هۆکارێکی گرینگی ئەو دارِمانە ئابوورییە، کە ئێستە ئەو ولآتە دووچاری بووەتەوە، تا ڕادەیەکیش زۆریش سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵایەتی تێکداوە، ئەگەر زوو ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە ڕامیاری ولآتەکە بەئاقارێکی هەرِەشە ئامێزدا دەبات، مەترسی ئەوەش لە ئارادایە توندوتیژی زیاتر و هەژاریشی بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرۆکی هاوولآتییانی ئەو یونان و ئەرجەنتین بگرێت و بەتەواوی ئەو دیاردەیە تەشەنە بکات، کە چارەسەرکردنی زەحمەت بێ، بۆیە حکوومەت و هاوولآتییانی ئەم دوو ولآتە چاوەرِوانی یارمەتی و پاڵپشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ولآتانی دەوڵەمەندی جیهانن لە سەرووی هەمووانەوە چاوەرِێن ئیدارەی ئۆباما بەدەنگ داواکارییەکانی حکوومەتەکانییانەوە بچێت.

بەڵام دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە زۆر لەو ڕێکخراوە ڕامیاری و ئابوورییە نێودەوڵەتییانەی کە لە سەردەمی جەنگی سارددا لە کایەدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە خولگەی یەکێک لە دوو جەمسەرە زلهێزەکان دەخولانەوە، هیچ ڕۆڵێکیان نامێنێت و چیتر پێویستییان پێیان نەمێنێت، نها خەریکە ببنە بارگرانییەک بەسەر ڕەوتی مێژوو و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمەش سەرنەکەوتن و شکستی و پەککەوتنی ئەم ڕێکخراوانە دەسەلمێنێت کە نەیانتوانیوە ڕێگە چارەی پێویست و گونجاو بۆ زۆربەی پرسە ڕامیاری و ئاریشە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بدۆزنەوە. یەکێک لەم ڕێکخراوانەی کە نها ئێمە دەخوازین قسەی لەسەر بکەین سەندوقی دراوی نێودەوڵەتییە، ئەم ئاوڕدانەوە و ئاماژە پێکردنەش

**بۆرسەی ئەندەنووسیا هەرەسی هێنا سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی ۲۴۰ ملیار فرەنکی فرەنسی تەرخانکرد بۆ یارمەتیدانی ئەو ولآتە، کە ئەم برِە پارەیەش ئەو گاڤە دەیکردە خەرجیی تەنها یەک ڕۆژی جەنگی بەڵکان**

لەسەروبەندی ئەو تەنگژە و قەیرانە ئابوورییەی ولآتانی دنیای زۆر و کەم گرتووەتەوە، کە ئاخۆ ڕۆڵ و کاریگەریی چۆنە و دەکارێت ببێتە فریادرِەسێک لە پاڵ ئەو نەخشە و پلانانەی، کە لەنێوخۆی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە ئارادایە؟! زۆرمان لە بارەی توانست و تواناکانی سەندووقی دراوی نێودەوڵەتی بیستووە، بۆ نموونە لە چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە ئابوورییانەی بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر ڕوو دەدەن، هەر وەک ئەم ڕێکخراوەیە خودان گۆچانێکی ئەفسوناوی بێ، لەوانەیە ئەویش یەکێک لەو هۆیانە بێت، کە هانی ژمارەیەک لە پایەتەختەکانی ولآتانی جیهانی دابێت، کە لەسەر زیاتر لە پێخەفێکی گەرم و نەرمونیاندا ڕابکێشن، بەو پێیەی فریادرِەسیان هەیە نێزیکە لە گیرفان و گەنجینە گشتییەکاندا، بەڵام تەنگژەکانی ولآتانی ئاسیا و ئەفریقیا شکست و توانای ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی پتر بەدەرخست، لەمەڕ زانین و زانیاری لە بارەی ئەو ڕەوشە شلۆقانەی، کە لە ئارادان بۆ نموونە: کاتێک (بۆرسەی ئەندەنووسیا هەرەسی هێنا سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی ۲٤٠ ملیار فرەنکی فرەنسی تەرخانکرد بۆ یارمەتیدانی ئەو ولآتە، کە ئەم برِە پارەیەش ئەو گاڤە دەیکردە خەرجیی تەنها یەک ڕۆژی جەنگی بەڵکان.. پسپۆرانی سەندوقی دراویش ئەو کاتە سەرمایەدار و وەبەرهێنەرانیان دڵنیا دەکردەوە، کە تەنگژەکە سنووردارە و بەهیچ جۆرێکیش پێویست بەنیگەرانی ناکات، لێ ڕەوشەکە ئاراستەیەکی دیکەی گرتەبەر، کاتێک لە ناکاودا تایلەند و کۆریا کەوتنە هەمان تەڵەزگە و ئاستەنگەوە، کە ئەمەش سەندوقی دراوی ناچارکردن ڕێگە چارەیەکی کاتی بەبەهای ٤٤٥ ملیار فرەنکی فرەنسی پێشکێش بەو دوو ولآتە بکات، چونکە بودجەی ئەم ولآتانە برێتییە

له سەرمایەی کارگەکانی چێکردنی ئۆتۆمبێل لە هەردوو وڵاتدا. ئەگەرچی پێشتر وڵاتانێکی زۆری دنیا بەتایبەتی ئەوانەی دووچاری تەنگژەی ئابووری و زەرەر و زیانی جۆراجۆر دەبوونەوە، بەگەشبینییەوە دەیانڕوانییە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی، لەبەرئەوەی بەلایەنی کەمەوە دەستی کۆمەک و هاریکاریکردنی بۆ وڵاتە زیان لێکەوتووەکان درێژ دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی لە ئاکامی دانەوەی قەرزەکان بپێچێتەوە، لێ باهۆز بەو ئاراستەیە کە پێچەوانەی حەز و ئارەزووی کەشتییەکانی ڕێکخراوی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی هەڵیکرد. دواتریش بۆرسەی تۆکیۆ و بازاڕەکانی مۆسکۆش هەرەسیان هێنا، ئەم ڕێکخراوەش نەیتوانی قەرەبووی سەرمایەداران و زەرەرمەندان بداتەوە، بەڵکو بەپێچەوانە سیناریۆی سازشکاری و مەرج دانان هاتنە پێشەوە چونکە وەک دەڵێن: « مرۆڤی خنکا و دەست بۆ پووش و پەڵاش درێژ دەکات، تاکو بیگەیەنێتە کەناری دەربازبوون»، لەکاتێکدا فریادڕەس بەڵێنی باشترین شمەک و خۆراکی پێ دەدات، کە تاکو نها نەگەیشتۆتە دەستی لێقەوماوان، زیان لێکەوتوان، لەکاتێکدا لە چەندین وڵاتانی ئاسیا، ئەمەریکای باشوور و ئەفریقیا بەتایبەتی، لە ئاکامی ئەو شەڕ و شۆڕ و ململانێیە ئەتنی و خێڵەکی و جەنگە نێوخۆییانەی ئەو وڵاتانە و سەرباری کارەساتە سروشتییەکانی وەک وشکەساڵی و لافاو و بوومەلەرزە و زریان، بەملیۆنان مرۆڤ ژیانیان لە لێواری مەرگدایە، ئەگەرچی هەندێک لەو کێشە و ئاریشانە درێژخایەنن و هی ئەمڕۆ نییە، لێ هیچ ئاوڕدانەوەیەکی پێویست لەلایەن سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ ئەو وڵاتانە ئەنجام نەدراوە، بۆیە ئاریشەکانی ئەو وڵاتانە تا دێت ئاکامی دژوار و نەرێنی لێ دەکەوێتەوە، لەکاتێکدا لێتۆژ و پسپۆڕانی بانکی نێودەوڵەتی ڕای دەگەیەنن، باهۆزی ئەو وڵاتە لێقەوماوانە کاریگەرییەکی نەرێنی وەهای نەخستۆتەوە، کە جێگەی هەڕەشەکردنێکی ڕاستەوخۆ بێت، ئەگەرچی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن زیاتر لە ٥٠ ملیۆن هەلی کارکردن



بەفیڕۆ چوون، ئەمەش بووە مایەی پەشیمانی و هەراسانکردنی هەندێ لە دامەزرێنەرانی سەندوقەکە، بۆ نموونە هێنری کیسنجەر وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا دەبێژێت: «ڕێگەچارە و نەخشەڕێگەکانی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی کۆژان و ناسۆری و مەینەتییەکان پتر دەکات لەوەی کە هێور و سارێژی بکات»، هەروەها جۆرج شۆڵتز لەو بارەیەوە دەڵێت: «سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی چیتر سوودی نەماوە و کاتیشی بەسەرچووە، چونکە ئەم سەندوقە ناکارێت ئەرکەکانی خۆی وەک پێویست و بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکات». لە هەمووشی سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە دۆزەخی قەیران و تەنگژەکاندا برینەکانیان سارێژ و خۆیان ئامادە کردووە بۆ بەدواداچوونی بویەری وڵاتانی لێقەوماوی دنیا، کەچی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی چاو تەنگ و دەستکورتە لە یارمەتیدانی ملیۆنان مرۆڤ، کە لە ئاکامی هۆکاری جۆراوجۆرەوە هەڕەشەی ترسناکیان لەسەرە، وەک ئەوەی ئاگای لە مەرگەسات و تراژیدیا مرۆییەکان نەبێت، کە ڕۆژانە لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنەکاندا نمایش دەکرێن، یاخۆ پێوەندیدار نەبێت بەبەدواداچوونی ئەو ئاریشە ترسناکانەی لە جیهانی سێیەم و چەندین وڵاتانی ئەمەریکای باشوور ڕوو دەدەن، بەو پێیەی بڕیاردان لە مانەوەی ئەم ڕێکخراوە و چالاکییەکانی دوورن لەم دەڤەرانەدا، بۆ جەختکردنیش لەسەر ئەم لایەنە، ئەوەبوو ساڵی ١٩٩٦ لەسەر ڕاسپاردەی هەر حەوت سەرۆکی وڵاتانی پیشەسازی، بڕیاردرا کە پلان و نەخشەیەک دابڕێژرێت بۆ کەمکردنەوەی قەرزی وڵاتە هەژارەکان، لێ دواتر ئەمە جێبەجێ نەکرا، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە لەنێو ٤٠ وڵاتی دنیا تەنها (ئۆگەندا و پۆلیفیا) سوودیان لەم ڕاسپاردەیەی سەنتەری

**ساڵی ١٩٩٦ لەسەر ڕاسپاردەی هەر حەوت سەرۆکی وڵاتانی پیشەسازی، بڕیاردرا کە پلان و نەخشەیەک دابڕێژرێت بۆ کەمکردنەوەی قەرزی وڵاتە هەژارەکان، لێ دواتر ئەمە جێبەجێ نەکرا،**

وڵاتانی پیشەسازی وەرگرت، لەمەش سەیرتر هیچ کەس لە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی نە پێچایەوە لە بارەی وازهێنانی بەرپرسیارێتی خۆی، چونکە لەوانەیە ڕاژەکردنی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە سەرووی هەر بەهایەکی ڕەوشتمەندی دیکە دەبێت، بەتایبەتی ئەو دەمەی تەنگژەکە بەرۆکی بازاڕەکانی بەرازیلی گرتبۆوە. سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیدارە بەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بێل کلینتۆن سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکاش جەخت لەسەر ئەمە لایەنە دەکاتەوە و دەڵێت: «ئێمە لە ماوەی ئەم ٥٠ ساڵەی دواییدا، ڕووبەڕووی خراپترین و دژوارترین تەنگژەی ئابووری بووینەتەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ خەرجییەکانی جەنگی (بەلکان) و دواتریش لە ئاکامی جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم و جەنگی ئەفغانستان و عێراق و ،جەنگی ئەمەریکا لە دژی تیرۆر و تیرۆریستان، کە لێتۆژان پێیانوایە، ئەم تەنگژەیەی ئێستەی ئەمەریکا، بەهیچ جۆرێک لە تەک تەنگژە ئابوورییەکانی دیکەی ئەمەریکادا بەراورد ناکرێت، کە یەکجار ترسناک و هەڕەشە ئامێزە، بۆیە ئایندەی ئەم وڵاتە ئێستە لە دووڕیانێکی ترسناکدایە، بۆ ئەو پرسیارەی بەزەقی خۆی دەنوێنێت ئەوەیە ئاخۆ ڕێکخراوی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەکارێت چی بکات و چۆن کۆمەکی زلهێزێکی وەک ئەمەریکا دەکات؟ لێرەوە پسپۆڕان پێیان وایە مانەوەی ڕێکخراوەکەش پێوەستە بەدەربازبوونی ئەو ڕەوشە تەنگژاوییەی کە نها ئەمەریکا و دەیان وڵاتانی دیکە لە دنیادا پێیان گوزەر دەکات!.

# ئاراستەی بویەرەکان بەرەو کوێ گوزەر دەکەن

د: ئەڤین عومەر

باهۆزی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لە سەرەتای‌نەوەدەکانەوە دەستی‌پێکرد، تاکو نها بەردەوامە و درێژەی هەیە، ئەو ئاڵوگۆڕانەش وایانکرد پێکهاتەی ڕامیاری چەندین حکومەتی دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرست گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆیانەوە ببینن و چاو بەسیاسەتە چەوت و ناڕەواکانیاندا بخشێننەوە، بەهەموو شێوازێک لە هەوڵی ئەوەدا بن تا بۆیان بکرێ خۆیان دەگەڵ ئەو ڕەوتە نوێیەی سەردەم بگونجێنن و دەستوور و یاساکانی وڵاتەکانیان لەتەک ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاوتەریب بکەن، بەتایبەت لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان، دیموکراتیەت، ئازادی بیروڕا دەربڕین و چەندین لایەنی دیکەی پێوەست بەو پرسانە.

لە هەندێ وڵاتانی دیکەشدا زۆر لە گەورە بەرپرسان و سەرۆک دەوڵەتان دەستیان لەکار کێشایەوە یاخۆ دەروازەکانیان بەڕووی هاووڵاتیاندا خستە سەرپشت، تاکو لە ڕێی سەندوقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو پرس و ئاریشە ئاڵۆزانەی وڵاتەکانیان بدۆزنەوە. کەچی حکومەتی بەغدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لەبری ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگەڕێنەوە بۆ دەستوور و یاسا، بەڵکو بەپێچەوانە هەوڵیان دەدا دەستوور پەکبخەن، کە ئەم ئاراستەیەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنێکی زەقی دەستوور و بازدان بوو، بەسەر پرۆسەی دیموکراتیەت و گەڕانەوەشە بۆ سیاسەتی حکومەتە شۆڤێنییەکانی ڕابردوو، لە هەمان کاتدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتی و سەرگەردانیانەی دووچاری گەلانی عێراق بەگشتی و، بەتایبەتی گەلی کوردستان بوون، کە ساڵانێکی دوورودرێژ شەڕێکی نابەرابەر و ناڕەویان سەپاندبووە سەر میللەتی ئێمە، هەموو جۆرە شێوازێکی سەرکوتکردن و داپڵۆسین هەر لە ئەنفال و کیمیابارانکردن و سۆتماککردنی خاکەکەیەوە تا ڕاگوێزانی بەزۆرەملێ و عارەباندن و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی لە دەهەمبەردا پەیڕەو دەکرا، کە ئەمڕۆش هەندێک لە سیاسەتمەدارە نوێیەکانی عێراق لە هەوڵی ئەوەدان بەهەمان ئەقڵییەت ئەو سیاسەتە کرێت و دزێوانەی ڕابردوو بەشێوە

و شێوازێکی دیکە درێژە پێ بدەن. کەواتە تەواوی ئەو ئەزموونە تاڵانەی سەدام بەسەر گەلانی عێراق و کوردستانی هێنا بوو، نەبوونەتە هێڵی سوور و هۆکارگەلێکی ئەوتۆ، کە بیرکردنەوەکانی گەورە بەرپرسانی عێراق بەئاراستەیەکی تەندروستدا بەرێت و سوود لەو هەڵە و سیاسەتە چەوتانەی ڕابردووی بەعس وەربگرن و چاو بەهەڵوێست و ڕەفتارە دزێوەکانیاندا بخشێننەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە تاکو نها، هەندێک لە بەرپرسانی عێراق بەهەمان ئەقڵییەتی جاران و لەسەر هەمان سیاسەتی ڕابردوو بەردەوامن، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە، ئاخۆ ئەو جۆرە ئاراستانە ئایندەی وڵاتێکی وەک عێراق بەکوێ دەگەیەنێت. هەردەم کە دەبێژین ئایندە، هزر لە ئاریشە و ململانێی مەزن و تژی لە کارەسات وماڵوێرانی دەکەینەوە، بۆچی؟ لەوانەیە تەواوی کۆمەڵگەی ئێمە بکارن بەرسڤی ئەو پرسیارە بدەنەوە و بێژن، ئەی مێژوو گەواهیدەری ئەو بویەرە تاڵ و جەرگ بڕانە نییە، کە میللەتی خۆشباوەڕی ئێمە چەندین جار بەئاگری ناگەهان و تژی لە کارەسات سووتاین، هەردەم بەرامبەرەکانمان لە کاتی بێ هێزی و نەبوونی توانای پێویست پەنایان بۆ دایەلۆگ و ئاشتەوایی بردووە، دواتریش کارەساتی جەرگبڕیان بەرپاکردووە، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، کە ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات لە



ئایندەدا ئاکامی ڕەش و ترسناکی لێ بکەوێتەوە، هەر چەندە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئایندەی گەلی کوردستان ڕوونە و ئەوەی لە ڕابردوو بەسەرکوردا هات، جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە. چونکە ڕەوشی نێودەوڵەتی گۆڕاوە و، ڕۆژگاری مەینەتی و ناسۆرییەکان بەکۆتا هاتوون، لێ ئەو ئایندەیەی ئێمە تەماشای دەکەین، ئاستەنگ و لەمپەری مەزنی لە بەردەمدایە، هێشتە ئاسۆ و ئایندەی ئێمە بەپەڵە هەوری چڵکن تەنراوە، بۆیە خوێندنەوەی ئاینده لە چوارچێوەی تەواوی ئەو ئاریشانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی گەلانی عێراق و کوردستان دەبێتەوە، ئەوە بەدەردەخات، دەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر بویەرێک شتی نوێتر سەر هەڵدەدات، ڕەنگە ئەو هۆکارانەش پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەئایندەی میللەتی ئێمەوە هەبێ، بۆیە هەڵوەستەکردن و هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر بویەرەکان بەهەر شێوەیەک بێت، ئایندەی کۆمەڵگەی ئێمە دەخاتە بەردەم پرسیار و دید و تێڕوانینی جیاجیاوە، خۆت لە توله ڕێیەک دەدۆزیتەوە، بەدیوەکەی دیکە بێ هەڵوێستیت.. لەبەر ئەوەی ئەوان هەوڵ دەدەن تێڕوانینەکانی خۆیان بەسەر تەواوی پێکهاتەکانی عێراق و کوردستاندا بسەپێنن، لێرەوەش تۆ دەبیتە بەشێک لەو هەڵوێستە، لێ کاتێک پرسیار لە میللەتی ئێمە دەکرێت، ئەوا بویەرەکان بەجۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، چونکە لە دیدی منی کوردەوە دەخوازین بەر لە هەر هەڵوێستێک بزانین ئەویدی چۆن بیر دەکاتەوە، چۆن لە پرس و ئاریشەکانی میللەتی ئێمە دەڕوانێت، ئاخۆ هەڵوێستەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی بەرپرسانی عێراق بۆ ئێمەی کورد چۆن لێک دەدرێتەوە، ئەی نها بێدەنگییەکانی ئەوان لەو پرس و

**ڕۆژگاری مەینەتی و ناسۆرییەکان بەکۆتا هاتوون، لێ ئەو ئایندەیەی ئێمە تەماشای دەکەین، ئاستەنگ و لەمپەری مەزنی لە بەردەمدایە، هێشتە ئاسۆ و ئایندەی ئێمە بەپەڵە هەوری چڵکن تەنراوە**

ئاریشانەی میللەتی ئێمە دەبێ چ دید و تێڕوانینی جیاجیا چێ بکات، لە ئایندەدا بە چ ئاراستەیەکدا بکەوێتەوە. هەرچەندە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام ڕووداوەکانی دەڤەرە جیاکانی کەرکووک ناوچە کێشەدارەکان لە چەند ساڵی رابردوو بەدەریانخست، کە ململانێیەکی توند لە نێوان هەولێر و بەغدا لە ئارادایە، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ئاریشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا، کە هەولێر دەخوازێت لە ڕێگەی دەستوور و یاساوە ئەو پرسانە چارەسەر بکرێن، کەچی حکوومەتی بەغدا هەردەم هەوڵ دەدا دەستوور فەرامۆش بکات و ڕێگەیەک بگرێتە بەر، کە چەندین حکوومەتی عێراق لە ڕابردوودا ئەزموونیان کرد و بەهیچ نەگەیشتن جگە لەماڵوێرانی و کارەساتی زیاتر، کە ئەمڕۆش هەر بیرکردنەوەیەک بەو ئاراستەیە ئاکامەکەی زانراوە و گرەوکردنێکە لەسەر ئەسپێکی تۆپیو، هەرچەندە چاودێران پێیان وایە ئەم تەنگژە و قەیرانانە ئەگەر بەسەر داپۆشراوی بمێننەوە، سبەی جارێکی دیکە ڕەنگە بەتوندترین شێوە سەرهەڵدەدەن.

وا پێدەچێ سەدەی نوێ، سەدەی ململانێی بەرژەوەندییەکانە و بەتەواوی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی بوارە ئابوورییەکاندا بەرجەستە دەکات، هەر بۆیە حکوومەتی بەغدا پێویستە جموجۆڵ و چالاکی و تەواوی هەوڵەکانی خۆی بەئاراستەیەک بێت، کە بەکردەنی بەرجەستەی بکات حکوومەتێکی فیدراڵییە، لەسەر هەموو ئاست و ئاراستەکاندا، چونکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی بەغدا لە بیری چوو بوو، کە حکوومەتێکی فیدرالی لە ئارادایە، هەمیش ئەو سیستەمە فیدراڵییەی، کە بەگوێرەی دەستوور گەلانی عێراق و کوردستان لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوان تاکو

چەمکی فیدراڵییەت یاخۆ قسەی لەبارەوە ناکەن یاخۆ زۆر بەشەرمەوە ئاماژەیان بۆ کردووە، بەواتایەکی دیکە سیستەمی فیدراڵی لە شارە عارەبنشینەکان بەکردەنی بوونی نییە، بۆیە وەک سیستەمێکی فشۆڵ تەماشا دەکرێت، چونکە هەم سیستەمی هەرێمەکان جگە لە کوردستان لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق بوونی نییە. لە ئاکامی پرسی بەهەرێمبوونی پارێزگە سونەنشینەکان و کۆمەڵێک کێشە و ئاریشەی نێوان هەردوو بارستەی دەوڵەتی یاسا و عێراقییە، جارێکی دیکە ململانێیەکان یەکجار بەتوندی بەدەرکەوتن و سەریانهەڵدا، کە ئەمە وایکردووە تاکو نها بەترسەوە سەیری فیدراڵییەت بکرێت، هەم ڕەفتاری حکوومەتی بەغدا و سەرانی ئەو حکوومەتە زیاتر، وەک حکوومەتێکی ناوەندی سیاسەت دەکەن، کە دەخوازن ڕەوشی بەر لە ڕووخانی دیکتاتۆرییەت جارێکی دیکە لە سەرانسەری عێراق بسەپێنێت، کە ئەمەش نیمچە ئەستەمە لەم قۆناغەدا، نیازەکانیش زیاتر پێوەندارن بەلایەنی ئابووری و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و مانەوەی پرسی کەرکوک بەهەڵپەسێردراوی، بۆیە هەوڵ و ئاماژەکانی بەغدا بەئاراستەی پەلکێشکردن و هێنانی وڵاتانی دەوروبەر لە پرسی کەرکووکدا بەمەبەستی ئاڵۆزکردنی زیاتری ئەو کێشەیە و دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمایەتییە لە کێشەیەکی نێوخۆی عێراقدا، ئاخر کاتێک عێراقییەکان خۆیان قسە لەسەر سەروەرێتی عێراق دەکەن، هەر خۆیان ئەو سەروەرییە پێشل دەکەن، وەک پێویست هەڵوێستیان لە بەرامبەر بۆردومانەکانی تورکیا و ئێران نەبوو، دەهەمبەر دەڤەر و گوندەکانی هەرێمی کوردستان.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەبێژین: دەبێ ئێمەی کوردیش بزانین چۆن بەشداری لەو ململانێیانەدا دەکەین و، بە چ ئاراستەیەکی دەشکێنینەوە، چونکە ئەو وڵات و حکوومەتەی نەکارێت پێگەی ڕامیاری و ئابووری و پیشەسازی خۆی سەقامگیر و قایم بکات، ڕەنگە لە ئایندەدا دووچاری هەڕەشەی توانەوە و لەنێوچوون ببێتەوە، بۆیە دەبێ بەوریایی و وشیارییەوە پشکداری ئەو ململانێیە نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیانە بکەین، لێ سەقامگیربوون بەرەو پێشڤەبردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە تەواوی کایەکاندا و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێماسی و کەموکورتی و ئاریشەکان زەمینەسازی زیاتر دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێیەکان لە هەموو ئاستەکاندا، کاتێک کە لە هەموو لایەکەوە دوژمنان و داگیرکەران گەمارۆیان داوین، کەواتە بخوازین یاخۆ نەخوازین دەکەوینە نێو ململانێی جۆراوجۆر دەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتیدا، بۆ ئەوەی ئێمە بکارین لە بویەرەکانی دەوروبەرمان دوا نەکەوین، دەبێ بزانین چۆن ئەو ململانێیانە بەئاراستەی تەندروستی خۆیدا دەبەین و ئاگەداری ئەوە بین، کە هۆکارە دەرەکییەکان و ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی دەورووپشتمان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەزموونی گەلی کوردستان چێ نەکەن، چونکە بەدرێژایی مێژوو هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەری هەڕەشە ئامێزیان لەسەر بویەرە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان هەبووە، بۆ ئەوەی ئەو ئاراستانە جارێکی دیکە لە دژی بەرژەوەندییەکانی میللەتی ئێمە تەواو نەبێت، پێویستە دید و تێڕوانین و خوێندنەوەی ئایندەی ئێمەش، لە چوارچێوەی ئەو بویەرانە و ئەو هەڵوێستانەوە سەرچاوە بگرن، چونکە کەتواری نها پێمان دەڵێ ئایندەی میللەتی ئێمە کەوتۆتە بەردەم چارەنووس و نادیارییەک لەوەی، کە دوژمنەکانمان لە ئێستەدا دیارن، لێ دۆستەکان و هاوپەیمانەکانی ئێمە دەبێ هەڵوەستەیان دەهەمبەردا بکەین، ئاخۆ هەڵوێستیان لە ئایندەدا چۆن دەبێ و چۆن دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا کە هەموو هەڵوێست و هەڵوەستەکان لە دنیای ئەمڕۆی سیاسەتدا وابەستەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە.

# باهۆزی گۆڕانکارییەکان ڕەگەزپەرستی ڕادەماڵێت

**سەنگەر بێباک**

بێ گومان دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام، عێراق ڕەوشێکی نوێی سیاسی و تەناهی بەخۆیەوە بینی، ونبوونی دەسەڵات و نەبوونی کۆنترۆڵێکی تۆکمە لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، بوونە هۆکارگەلێک، کە ڕەوشی ئاڵۆزی عێراق زیاتر ڕووە و ئاقاری قووڵبوونەوە بچێت، کە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیشی بەرنامەڕێژی دوای ڕووخانی ڕێژیمیان لە ئاستی ئەو هەلومەرجە چاوەڕوان نەکراوە نەبوو، کە هاتنە پێشەوە، سەرکەوتنی ئەمەریکا لە ڕووخانی ڕێژیمی تاڵیبان و، دواتریش ڕێژیمی بەعس لە عێراقدا، ناڕۆشنییەکی بۆ ئیدارەی ئەمەریکی خوڵقاند و، وایلێکرد ڕەوشەکە بەتەمومژاوی ببینێ، هەر بۆیە ئەو خەمساردییەی لە چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ وڵاتێکی بەرفراوانی وەکو عێراق وایکرد زۆر بەتوندی خۆی لە نێو گێژاوی هاوکێشە و ململانێیە دژ بەیەکەکاندا بمێنێتەوە، ئەمەیان لەسەر ئاستی نێوخۆدا، لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش ئەو مەترسی و هەڕەشەیەی لێوان لێوی سیستمی تۆتالیتاری و میلیتاری باڵادەستی لەو وڵاتانەدا، بوونە ئاستەنگێکی دیکە، کە ڕۆڵی نەرێنی بگێڕن لەسەر ناسەقامگیری و ئاشتی و تەناهی لە عێراقی دوای گۆڕنکارییە نوێیەکاندا لەو قۆناخەدا. بۆیە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و دوای نێزیکەی ١٠ ساڵ لە روخانی دیکتاتۆرییەت، هەرێمی کوردستانی لێ دەربچێت، وڵاتێکی وەک عێراق بەڕەوشێکی نالەبار و دژوار و ئاڵۆز تێپەڕ دەبێت، بەتایبەتی لە ڕووی تەناهی و ئاسایشەوە، کە نها ململانێیەکی زەق لە نێوان لایەن سونە و شیعەکان لە ئارادایە، کە تەواوی ئەو کێشە و گرفتانەش لە نەخوێندنەوەی یەکدی و یەکدی نەبینینەوە لە عێراقی نوێ سەریانهەڵداوە، کە ئەم دەوڵەتە نوێیەش لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی فرەیی فیدڕاڵی داڕێژراوە، فیدڕاڵییەتیش وەک چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی ئەم وڵاتە ڕەنگە بەباشترین نەخشە ڕێگە دابنرێت، کە لە دەستوور چەسپاوە و بڕیاری لەسەر دراوە، هەر ئەم مۆدێل و سیستەمەی ئەمڕۆ وایکرد وڵاتە هەرێمایەتی و دراوسێیەکانی عێراق هەراسان ببن، سەیر لەوەدایە تەنانەت هەندێک وڵات بەشێوەیەک

هەڵوێست و لێدوانیان دەدا وەک ئەوەی پێیانوایە «هێشتە مەلیک هەر ماوە»، کە دەخوازن لەوپەڕی دنیاوە خۆیان بکەن بەکوێخا و وەک ئەوەی تەواوی گەلانی ئەم وڵاتە لە سەردەمی جەهالەت و بەر لە مێژوودا بن، ئەوان دەیانویست لەبری گەلانی عێراق و کوردستان، بەئارەزووی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی زیاتر لە ٣٠ ملیۆن مرۆڤی وڵاتێکی دیکە بدەن، کە بەهیچ کلۆجێک بۆیان نەبوو ئەو کارە بکەن، تەنانەت لە ترسی ئەوەی نەوەک پریشکی ئەو ئاگرە ئەوانیش بگرێتەوە و باهۆزی گۆڕانکارییەکان ئەوانیش ڕابماڵێت، بۆیە سەیرەکە لەوەدا بوو سەرۆکی حکوومەتێک لەوپەڕی کیشوەری ئەفریقیاوە پاڵپشتی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری دیکەی دەکرد، بەتوندی لێدوانی دژ بەسیستمی فیدراڵی دەدا، لەبری گەلانی عێراق هەڵوێستی دەنواند، هەروەسا لەوەش زیاتر وڵاتە دراوسێیەکانی عێراق لە دەسپێکدا بەردەوام خەریکی سەردانی یەکدی و دیدار و دانیشتن بوون، تەنها لە پێناو ئەوەی بتوانن کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بڕیاری چەسپاندنی سیستمی سیاسی لە عێراقی نوێدا چێ بکەن، بەشێوەیەک کە ئەو دەستوورە دوور و نێزیک خواستەکانی گەلی کوردستان و ئارمانجە دوور و نزیکەکانی فەراهەم نەکات. لە کاتێکدا پێویستە ئەو وڵاتانە ئەگەر بەتەنگ ئەوەن، کە ئەو بویەر و ڕووداو و گۆڕانکارییە نوێیانە بەبۆچوونی خۆیان کاریگەری نەرێنی نەبێت لەسەر ڕەوش و سیستمی وڵاتەکانیان، ئەوا دەبێ بەخۆداچوونەوەی ورد لە ڕابردووی خۆیان بکەن و بەرنامەیەکی ورد و تۆکمە و ستراتیجییەتێکی نوێ بۆ ئایندەی خۆیان دابڕێژن، کە لە ئاست ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەدا بێت، کە ئەمڕۆ لە سەرانسەری دنیا هاتووەتە ئاراوە، هەڵبەتە بەهەندهەڵنەگرتنی ئەو گۆڕانکاریانە و، مانەوە لە هەمان

**هەندێک وڵات بەشێوەیەک هەڵوێست و لێدوانیان دەدا وەک ئەوەی پێیانوایە «هێشتە مەلیک هەر ماوە»، کە دەخوازن لەوپەڕی دنیاوە خۆیان بکەن بەکوێخا و وەک ئەوەی تەواوی گەلانی ئەم وڵاتە لە سەردەمی جەهالەت و بەر لە مێژوودا بن**

چوارگۆشە و ئەنجام نەدانی پرۆسەی چاکسازی لە سیستمی وڵاتەکانیان، ئەوا شالاوی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و دنیا لەوان بەهێزتر دەبێت ئەو دنیا قەتیسماوەی، کە ئەوان تیایدا دەخولێنەوە و بەو شێوە کلاسیکییەی بوونی هەیە، هەتا سەر ئەستەمە وەک خۆیان بمێننەوە، بۆیە پێویستە لەجیاتی ئەوەی سەر ئێشە و ئازار و مەینەتییەکانی گەلانی عێراق و کوردستان زیاد بکەن، بەلێدوان و کار و کردەوە ژێرە و ژێرەکانیان، کە لە ژوورە تاریک و داخراوەکاندا ئەنجامی دەدەن، وا چاکە بێن بەوردی لێکۆڵینەوە لە کایە ڕامیاری و ئابووری ستراتیجییەکانی خۆیاندا بکەن و، لە مەیدانی ململانێیەکاندا هەنگاوی مەزن هەڵێنن بەئاراستەی داننان بەماف و خەون و خواستەکانی گەلان و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکانیان و بەشێوازێکی ئەقڵانییانە و حەکیمانە سەودایی لە تەک پانۆرامای گۆڕانکارییەکانی دنیا و ناوچەکەدا بکەن و چیتر دەستە و یاخە نەبن، دەگەڵ ئەو نەهامەتی و کارەساتە دڵتەزێنانەی، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆژان و ناسۆرییەکانی میللەتانی ناوچەکە ڕوو لە قوڵبوونەوە دەکەن، بۆیە پێویستە میکانیزمەکانی ئەم سەردەمە و ئەم قۆناخە بەهەند وەربگیرێت و کێشە و ئاریشەکان ئەگەر لە نێوان وڵاتان و تەنانەت میللەتانی خۆیانیشدا، کە هەبێت بەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، بەهەرمەند بوونی پێکهاتەکانیش بەماف و خواستەکانیان هەم وابەستەبوونی ئەو میللەتانە بەو وڵاتانەوە بەهێزتر دەکات و هەست بەهاووڵاتیبوونی خۆیانیش دەکەن، هەمیش تاکەکان زیاتر پابەند دەبن بەیاسا و دەستووری وڵاتەکانیان.

# قەرزەکانی سەر عێراق.. چارەسەر و ئاکامەکان

هێمن عەزیز

سیاسەتە چەوت و سەرەڕۆیيە بەردەوامەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام وایکرد وڵاتێکی وەکو عێراق دووچاری قەرزێکی زۆر بکات، پسپۆڕانی بواری ئابووری پێیانوایە، کە ڕەنگە بۆ دەیان ساڵی دیکەش هاووڵاتییانی عێراق دەبێ باجی ئەو لاسارییانەی ڕێژیمی پێشووی عێراق بدەن و بەئاسانی لەو قەرزانە ڕزگاریان نەبێ، هەرچەند وڵاتانێکی زۆر لە هەندێک لە قەرزەکانیان خۆشبوون، بەڵام دیسان هێشتە بڕێکی زۆر ماوەتەوە، کە عێراق ناچارە بیانداتەوە، ئەگەرچی قەرزی دەرەکی هەردەم ئاکامی نەرێنی لێ کەوتووەتەوە، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە باجەکەیان داوە و بەدەست کاریگەرییەکانییەوە ناڵاندوویانە. هەڵبەتە ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام ئەو پارانەی قەرز نەکردووە، لەپێناو پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی پیشەسازی یاخۆ کەرتی کشتوکاڵ یاخۆ هێنانی تەکنۆلۆجیای پێشکەتوو لە بوارەکانی پزیشکی و خوێندنی باڵادا، بەڵکو تەواوی ئەم قەرزانە بۆ کڕینی چەک و پێداویستی سەربازی و جبەخانەی جەنگ خەرجکراون، کۆی ئەم قەرزانە بەسەر یەکەوە بووە مایەی بەکاربردنی زۆرترین یەدەگی نەوت و نزمبوونەوەی ئاستی هاوردن و هەڵایسانی ئابووری، قەیرانی دارایی، نالەباری ڕەوشی ئابووری لەسەر تەواوی بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردندا ڕەنگی دایەوە، کە لە ئاکامیشدا ڕێژیم پەیڕەوی کەمکردنەوەی داهاتی هاووڵاتییان و سیاسەتی دەست پێوەگرتنی پیادەکرد، ئەم ڕەوشە و ئەم سیاسەتەی ڕێژیمیش هەموو چین و توێژەکان گیرۆدەی بوون و هەر کەسە و بەپێی هەڵکەوتەی خۆی زیانی بەرکەوت، تەنانەت چینە هەژار و کەم دەرامەتەکان لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر بەدەست ئەم سیاسەتەوە هەراسان بووبوون. هەر ئەم قەرزانە هۆیەکی سەرەکی داتەپینی ژێرخانی ئابووری و خراپی بار و گوزەرانی خەڵک و هاووڵاتییانی لێ کەوتەوە، کە تاکو ئەمڕۆش ئەو ڕەوشە درێژەی هەیە و بەردەوامە. لە ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتیدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕێژیمی عێراق بەر لە هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی ئێران لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە بوو، کە داهاتی تاکە کەسیان مام ناوەندە و، دەشێ داهاتی تاک لە ماوەیەکی کورتدا بەرز ببێتەوە، بەو پێیەی

عێراق دووەم وڵاتی نەوتییە لە دنیادا و یەدەگی نەوتی دەگاتە زیاتر لە (١٥٠) ملیار بەرمیل، واتە لە (١١٪) یەدەگی پەترۆڵی هەموو جیهان لە عێراقدایە، هەروەها بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵ بەر لە جەنگی ئێران و عێراق، لە ئاستێکی باشدابوو، پیشەسازی تا رادەیەک تیایدا پێشکەوتوو بوو، ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕ و شارەزایی تەکنیکی لە بوارە جیاوازەکاندا هەبوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتە چەوت و لاسارییەکانی رێژیم و شەڕە یەک لە دوای یەکەکانی ژێرخانی ئابووری هەرەسیهێنا، وایکرد وڵات لە رەوشێکی یەکجار ناهەمواردا بهێڵێتەوە و، وڵاتێکی وەک عێراق دووچاری قەرزێکی خەیاڵی و سەرسووڕهێن بکات. راپۆرتی ئابووری، کە کۆمکاری عارەبی دەری دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە قەرزەکانی سەر عێراق لە کاتی جەنگ لە دژی ئێراندا گەیشتە زیاتر لە (٨٤) ملیار دۆلار، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی رەسیدی عێراق لە بانکەکانی دەرەوە، کە زیاتر لە (٧٠) ملیار دۆلاربوو، زیانەکانی داگیرکاری، لە ئاکامی راکردن و کۆچکردن و کۆچپێکردنی عێراقییەکان بۆ دەرەوەی وڵات ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکە بەهۆی جەنگە جۆراوجۆرەکانی سەدامەوە هەموو کۆمەڵگەی عێراق ناچار کرابوون، کە بەشێوە و شێوازی جیاجیا چەک هەڵبگرن و لە جەنگە سەرشێتییەکانی رێژیم بەشدار بن، بۆیە ئەم رەوشە وایکرد دەستی کار و ئیشکەر لە دەرەوە بێنێت، بەتایبەت لە وڵاتی میسر و چەندین وڵاتانی عارەبی دیکە ئاڵوگۆڕ پێکردنی دراوی ئەمانەش بۆ دەرەوەی عێراق بەزیاتر لە (٣) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، کە ئەمەش هۆیەکی دیکەی تەنگژە و قەیرانی ئابووری ئەم وڵاتەیە، کە رێژیمی سەدام بۆ گەلانی عێراق بەدوای خۆیدا جێیهێشتووە، هەروەها رێژیمی سەدام بۆ پڕوپاگەندەکردن ساڵانە دراوێکی زۆری تەخشان و پەخشان دەکردە سەر کەس و گروپ و وڵاتان، هەر تەنیا بۆ ئەوەی بەشان و باڵیدا هەڵبدەن و سیاسەت و رەفتارە قێزەون و چەپەڵەکانی خۆی لەوێوە بشارێتەوە. دەکرێ قەرزەکانی سەر عێراق بکەینە سێ بەش، یەکەمیان: ١- کڕینی چەک و جبەخانەی جەنگی بەگوڕمەی زیاتر لە ٢٩ ملیار دۆلار. ٢- قەرزەکانی بانک کە ١٤ ملیار دۆلار بوو، جگە لە سوودەکانی ساڵانە، کە دێتە سەری. ٣- قەرزەکانی وڵاتانی کەنداو ٤١ ملیار دۆلارە. کاتێک شەڕی ئێران و عێراق بەکۆتاهات، نرخی نەوت دابەزی، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بوو لە عێراقدا، لێرەدا دەکرێ بپرسین ئاخۆ کەی و چۆن و بەماوەی چەند ساڵ عێراق دەتوانێ قەرزەکانی بداتەوە؟ ئەم پرسیارەش پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ئابووری و دارایی جیاوازن لە بارەیەوە بەشێکیان پێیانوایە بەماوەی ١٣ ساڵ و بەشەکەی دیکە پێیوایە لە ماوەی ٢٨ – ٥٦ ساڵی دیکە، بەڵام سێیەمیان پێیانوایە عێراق تاهەتایە لە ژێر بار و قورسایی ئەم قەرزانە دەمێنێتەوە و بەئاسانی لێی دەرباز نابێت. بۆیە ئەم رەوشە کە دیکتاتۆر لە عێراقدا چێی کرد، هەرچەندە تەنگژە و قەیرانی ئابووریی و دارایی نێودەوڵەتیش باندۆر و رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر رەوشەکە هەیە، وێڕای وێرانکردنی زۆربەی دامەزراوە پیشەسازییەکان لە ئاکامی دووەمین جەنگی کەنداودا، هەروەسا کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی بەتەواوی لەم وڵاتەدا پەکی کەوتووە، بەهای دراوی عێراق ئەگەر دەگەڵ ساڵانی بەر لە جەنگ لە دژی ئێران بەراورد بکرێ یەکجار دابەزیوە، هەر لە ئاکامی ئەم رەوشە نالەبارەش پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک خۆیان نەماون، تەنگژە و قەیرانی دارایی لە عێراق بەئاسانی ناتوانرێت رێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، هەرچەندە پێویستی بەگۆڕان و چاکسازی هەیە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا، دەبێ ئەم گۆڕان و چاکسازییەش بەهاریکاری نێودەوڵەتی و پسپۆڕانی شارەزای بواری دارایی و ئابووری ئەنجام بدرێت، کە ئەم پرۆسەی گۆڕانکاریی و چاکسازییەش پێویستە بەرژەوەندی و خواستەکانی هەموو گەلانی عێراق و کوردستان تیادا بەهەند وەربگیرێ.


# ئاراستەی تەنگژەکان بەرەو کوێ؟

وریا کامەران

تەنگژە و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی وەک عێراق باکگراوندێکی دوور و درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکان، دواتریش چۆنێتی دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراق و هاتنی ڕێژیمی دیکتاتۆری تۆتالیتاری بەعسییەکانە لە ساڵی ١٩٦٨دا، کە لە ماوەی هەشتا ساڵی فەرمانڕەوایکردنی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دوو پێکهاتەی سەرەکی تەواوی ماف و خواستەکانیان کرابوونە قوربانی پێکهاتەیەکی کەمینە، لەجیاتی ئەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێ و هیچ پێکهاتەیەک فەرامۆش نەکرێ، کەچی بەپێچەوانەوە زیاتر هەوڵی بەپەراوێزخستنی ئەو دوو پێکهاتەیە دراوە تاکو گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی، کە بەهەموو شێوە و شێوازێک هەوڵی لە نێوبردن و پاکتاوی نەژادی لە سایەی بەعسییەکان و ڕێژیمی سەدام هاتە کایەوە و یەکێکە لە داهێنراوە قێزەوکانی ئەوان. بۆیە ئەو حکومەتانەی عێراق یاخۆ هەوڵیانداوە تەنگژە و قەیرانەکان بشارنەوە، کە هەرگیز ئەوەشیان بۆ نەدەکرا، چونکە قەبارەی ئەو کێشە و ئاریشە و گرفتانە هێندە گەورەبوون، کە هی شاردنەوە نەبوون یاخۆ لەجیاتی ئەوەی ڕێگەچارەی سەردەمیانە بۆ ئەو تەنگژە و قەیران و گرفتانە بدۆزنەوە، کەچی بەتوندترین شێوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە مافەکانی هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق شیعە و کورد پێشێل دەکران، هەڵبەتە بەهیچ جۆرێک قەیرانەکان ناتوانرێن سڕ بکرێن، چونکە بۆیان هەیە لەهەر ساتێکدا بتەقنەوە، وەک هەمووان دەزانێت وڵاتێکی وەک عێراق لە سێ پێکهاتەی سەرەکی کورد، سونە و شیعە پێکدێت، فەرامۆشکردنی هەر لایەکی ئەم هاوکێشەیە لەنگی تێدەکەوێت و ئەم وڵاتە ڕووبەڕووی تەنگژەو ئاریشەی قوڵ دەبێتەوە.

جا بۆیە پێویستە بەزووترین کات ئەو کێشە و گرفتانەی کە ئەمڕۆ سەریانهەڵداوە چارەسەر بکرێن، دواخستن و مانەوەیان بەهەڵپەسێردراوی، ڕەوشی عێراق بەگشتی ئاڵۆزتر دەکات، بۆیە ئەگەر کێشە و قەیرانەکانی گەلانی عێراق

بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی چارەسەرێکی ڕیشەییان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوا کێشە و ئاریشەکان تا دێن ڕوو لە زیادبوون دەکەن، هەرچەندە پێویستە مادە دەستوورییەکان بەهەند وەربگیرێت و چارەسەرەکان لەو چوارچێوەیەدا بن، ئەگەر نا، ئەلتەرناتیڤی دیکە تەنگژە و قەیرانەکان قەبەتر دەکەن، لە کاتێکدا دەبێ هەمووان ئەو ڕاستییە بزانن، کە ناوچە کێشەدارەکان هەر تەنیا ناوچەی کوردنشین ناگرێتەوە، ئا ئەوەتا ئەمڕۆ هەمان کێشە لە نێوان ئەنبار و کەربەلا لە ناوەڕاستی عێراق لە ئارادایە، بۆیە جێبەجێکردنی مادەیەکی دەستووری وەک مادەی ١٤٠ تەواوی ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، ئەگەر پاڵپشتی تەواو لە جێبەجێکردنیدا هەبێت. هەرچەندە تا ئەندازەیەکی زۆر هەوڵدەدرا لە دەرەوەی ئەو نەخشە ڕێگە و میکانیزمانە ئەو کێشانە ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە مایەی سەرهەڵدان و چێبوونی ناهاوسەنگی و نادادپەروەری لە چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە و قەیرانانەدا، سەبارەت بەوڵاتانی دراوسێ و عارەبانیش نەک هەر نەیانتوانیوە، هاریکار و یارمەتیدەری چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە و قەیرانانە بن، بەڵکو ئاستەنگ و گرفتیشیان چێکردووە، خودی گەلانی عێراقیش لەبەر چەندین هۆکاری جۆراوجۆر ئامادەگی تەواویان تیایدا نییە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕیشەیی



بۆ ئەو تەنگژە و پرسە جۆراوجۆرانە. دەستە بژێری سیاسی و ڕۆشنبیرانی عارەبیش لەو ڕووەوە دابەش بوونەتە سەر دوو بەرە، ڕاستە بەرەیەکیان دەخوازێت ئەو کێشانە بەپێی یاسا و دەستوور و پرەنسیپەکانی ئەم قۆناخە چارەسەر بکرێن، کە ئەوانیش ڕۆشنبیرانی لیبراڵ و دیموکراتخواز و ئازادیخوازی وڵاتانی عارەبن، هەرچەندە قورسایی و دەنگێکی دیارە، بەڵام لە نێو گەڕەلاوژەی ڕای گشتی عارەبی ئەو دەنگانە ڕێگە نادرێن بەتەواوی بگەنە شەقامی عارەبی تاکو بەتەواوی ببیسترێن، بۆیە نەیانتوانیوە باندۆر و کاریگەرییەکی زۆر چێ بکەن، بەرەی دووەمیش دەنگە توندڕەو دەمارگیر و شۆڤێنییەکانی عارەبن، کە تاکو ئەم ساتە وەختە جگە لە هەرا و زەنا و خۆ گیڤکردنەوە هیچ پرۆژەیەکی دیکەیان پێ نییە، بەڵام تاکو ئێستە لەبەر ئەوەی ئەم دەنگانە حکوومەتە عارەبییەکان پاڵپشتییان لێ دەکەن، بۆیە لە نێو ڕای گشتی و شەقامی عەرەبیدا دەنگی ئەوان بەچاکی دەبیسترێت. کەواتە تاکو نها نە شەقامی عارەبی بەشێوەیەکی گشتی و نە شەقامی عارەبی عێراقیش بەشێوەیەکی تایبەتی نەیانتوانیوە هیچ سوودێک لەو ئەزموون و ڕەفتارە تاڵانە وەربگرن، کە دیکتاتۆرەکانی وڵاتەکانیان بەسەریاندا سەپاندوون یاخۆ هەر هیچ نەبێ دیکتاتۆرێکی وەک سەدام قێزەونترین مۆدێلی

فەرمانڕەوایکردن بوو لە ماوەی چل ساڵی ڕابردووی حکوومەتە عارەبییەکاندا، هەرچی وڵاتانی دراوسێی عێراقیشن ئەوانیش دەگەڵ ئەوەدا نین ئەو تەنگژە و قەیرانانە بەکۆتا بێن، بۆیە هەموو لایەنەکان هەوڵ دەدەن قەیران و کێشەکان بەشێوەیەک قسەیان لەسەر بکرێت، کە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێ، نەک گەلانی عێراق و کوردستان، ئەوان دەخوازن ئەو مەینەتی و نەهامەتییانە هەر بەردەوام بن، بۆیە دەگەڵ هیچ نەخشە ڕێگەیەک نین، کە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، ئەمە وایکردووە هەم وڵاتانی عارەبی و هەم وڵاتانی هەرێمایەتیش لە عێراقێکی دیموکراتی فرەیی فیدراڵی بترسن، تەنانەت نیگەرانییەکانی خۆیانیش لەو ڕووەوە ناشارنەوە، چونکە ئەو وڵاتانە هەموویان چاک دەزانن ئەگەر دیموکراتییەت لە عێراقدا وەک خۆی پیادە بکرێت، ئەم هەموو کوشتن و تیرۆرەی ئێستە و، ئەو هەموو شەڕوشۆڕە و جەنگ و قەیران و پێشێلکارییانەش لە ڕابردوودا ڕوویان نەدەدا، کە ڕوویاندا، تاکە ڕێگەچارەش بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق و کوردستان بەشیعە و سونە و کوردەوە لە وەیشومە و تارمایی شەڕ خۆیان دوور بخەنەوە، دەبێ تەنگژە و قەیران و ئاریشە و گرفتەکان لە ڕێگەی یاسا و دەستوورەوە چارەسەر بکرێن، کە

شکۆمەندی تەواوی عێراقییەکانیش بەم ئاراستەیە دابین دەکرێ. لێرەدا ئێمە بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ باشتر نییە حکوومەتە عارەبییەکان و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵ بدەن بەبێ دەستێوەردان لە کاروباری گەلانی ناوچەکە، تەنگژەکان ڕووە و ئاراستەی چارەسەر کردن برۆن، نەک بەپێچەوانەوە دەبێ گەلانی ناوچەکە و هەمووان ئەو ڕاستییە چاک بزانن لە سایەی حکوومەتە شۆڤێنییەکانیان جگە لە داپڵۆسین و ڕاوەدوونان و سەرکوتکردن ئەو ڕێژیمانە چییان بەدیاری بۆ میللەتانیان هێناوە، بۆیە هاریکاری و پاڵپشتیکردنی گەلانی عارەبی و گەلانی ناوچەکە لە هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق بەبێ جیاوازی، وا دەکات دیموکراتی و فیدراڵی بچەسپێت و ئاشتی و تەناهی لە ناوچەکەدا بەرقەرارتر ببێت، هەمیش حکوومەتەکانیان ناچار دەبن، کە پاڵپشتی لە گۆڕانکارییەکان بکەن، ئەمەش پێویستی بەهەوڵ و ماندووبوونی جدی هەیە لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد و عارەبی عێراق و ڕۆشنبیرانی میللەتانی ناوچەکە و دوورتریش، تاکو بتوانن زەمینەیەکی لەبار چێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی هەڵوێستێکی هزری و هاودەنگییەک لەلایەن ڕۆشنبیرانی عارەبەوە لە بەرابەر پرس و کێشە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولادا.

# دیاردەی خۆپڕچەککردن و کاریگەری لەسەر ئابووری وڵات

تاڵیب عەبدولکەریم

محکوومەتەکان بەشێکی یەکجار زۆری بودجە و سەرمایەی وڵاتەکانیان لەجیاتی ئەوەی بۆ بوارە گرینگەکانی دیکەی ژیان تەرخان بکەن، کەچی بەردەوام هەوڵی خۆ پڕ چەککردن دەدەن، ئەمەش لە ئاکامی چارەسەر نەکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی، کە هەڕەشەن بۆ سەر دەسەڵات و حکوومەتەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە هەندێک جار بەململانێی خوێناوی و هەندێک جاری دیکەش بەدابەشبوونی دەڤەرەکانی ئەو وڵاتانە بەکۆتا دێت. ئەم وڵاتانەی جیهانی سێیەم دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییان، لەباتی ئەوەی کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن، کەچی هەوڵ دەدەن چەک و جبەخانەیەکی بێ ئامان بەدەست بهێنن، بەمەش پارە و پوول و داهاتێکی گەورەی وڵاتەکانیان لەم ڕووەوە خەرج دەکەن، ئەگەر لەم دیاردەیەش وردبینەوە دەبینین لە ٧٠٪ چەکی فرۆشراوی دنیا لەلایەن حکوومەتەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین کڕیویانە، ئەمەش لەبەر چەندین کێشە و گرفت و ململانێی درێژخایەن لە نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، کە نەتوانراوە هەم بەڕێگەی دانوستاندن و دایەلۆگ کێشە نێوخۆییەکان و، هەمیش کێشەکانیان لە تەک وڵاتانی هاوسنووریان چارەسەر بکەن، بۆیە ئەم ڕەوشەی خۆ پڕ چەککردن بەردەوامە، تا دێت هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتووتر دەدەن. بۆ نموونە هەردوو وڵاتی ئێران و عارەبستانی سعودی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٣-١٩٨٠) بایی زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار چەکیان بەتەنها لە ئەمەریکا کڕیوە، ئەمە جگە لەوەی نێزیک لە هەمان ڕێژەش ئەو دوو وڵاتە چەکیان لە وڵاتانی دیکە کڕیوە، حکوومەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری سەدامیش لە هەمان ماوەدا بایی زیاتر لە (٦) ملیار دۆلار چەکی تەنها لە سۆڤیەتی جاران کڕیوە، دیارە ئەو ئابوورییەی لەم وڵاتانەدا توانیویەتی ئەم خەرجییە زۆرەی چەک و جبەخانە سەربازییەش دابین بکات، بریتییە لە پەترۆڵ، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە ماوەی (٣٠) ساڵی ڕابردوودا سەدان ملیار دۆلار چەک لەلایەن وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناڤین کڕاوە، قەبارەی هێنانی چەک لە

پێشی پێشەوەی تەواوی هاوردەکانی دیکەی وەک ئۆتۆمبێل و خۆراک و ئامێری کشتوکاڵی و تەکنۆلۆژیا و پیشەسازییە مەدەنییەکانەوەیە. لە دەرەنجامی تۆژینەوەیەک، کە لە کۆتایی نەوەدەکاندا ئەنجامدراوە، ئەوە نیشان دەدات، کە زۆربوونی ڕێژەی خەرجی و بودجە سەربازییەکان کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان هەبووە، جگە لەمەش بووەتە مایەی دروستبوونی گرفتی دارایی و ئابووری و قەرزاری و نائارامی لە ٦٩ وڵاتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لەمانەش بوارە خزمەتگوزارییەکان لە زۆرێک لەم وڵاتانەدا لە پاشەکشەکردنایە، ئاشکرایە هەر ملیار دۆلارێک، کە لە بواری سەربازیدا خەرج دەکرێت دەتوانرێت ٢٨ هەزار بواری خزمەتگوزاری جۆراوجۆری پێ دابین بکرێ، هەروەسا ناوەندی خەرجی و تێچوونی بۆ هەر سەربازێک ٢٠ هەزار دۆلارە، کەچی ناوەندی تێچوونی قوتابییەک لەم وڵاتانەدا تەنیا (٢٨٠) دۆلارە، لە نێوان ١٠٠ هەزار کەسدا ٥٥٦ کەسیان سەربازن، کەچی ٨٥ کەسیان پزیشکن، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو تەنیا لە ٥٪ی ئەو داهاتەی کە بۆ چەک و جبەخانەی سەربازی خەرج دەکرێت، ئەوا دەتوانرێت کێشەی برسییەتی پێ چارەسەر بکرێت، بەڵام کاریگەرترین دەرەنجام، کە لە خۆ پڕ چەککردندا دەبینرێت برێتییە لە قەرزاری ئەو وڵاتانە بەهۆی کڕینی چەکی نوێ و پێشکەتوو، چونکە بازاڕی چەک هەمیشە لە پێشکەوتن و کێبەرکێدایە، ئەو چەکەی ئەمڕۆ بەکار دەهێنرێت، پاش ماوەیەکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ جۆرێکی نوێتر و باشتر، بۆیە ئەو حکوومەتانە و میر و بازرگانی چەک حکوومەتەکانیان ناچار دەکەن، کە چەکی نوێتر بکڕنەوە، چونکە ئەو بازرگانانە لەهەر پاتێکدا دەستەگوڵی خۆیان لێ دەدەن، وێڕای هەموو ئەمانەش نرخی چەک تا دێت بەزرتر دەبێتەوە. بۆیە ئەم حکوومەتانە ئامانجە سەربازییەکان لە پێشی پێشەوەی بوارە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دادەنێن، هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەرجی سەربازییان ڕووی لە زیاد بوون کردووە، ئەم زیاد بوونەش لەسەر حیسابی خەرجییەکانی بوارەکانی دیکە دەبێت، ئەو دەمەش لایەنە خزمەتگوزارییەکان ڕوو لە کەمی دەکەن و باجی نوێ هەموو بوارێک دەگرێتەوە، کە ئەمانەش تەنیا هاووڵاتییان دەبێ باجە قورسەکەی بدەن، کە لە ئاکامدا نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا لێ دەکەوێتەوە و کاریگەری نەرێنیشی دەبێت لەسەر گەشەسەندنی ئابووری وڵات و تەواوی کایەکانی دیکەش بەتەواوی پەک دەخات، کە ئەمەش ئایندەی وڵات و کۆمەڵگە بەرەو تونێلێکی ترسناک دەبات، کە هیچ تروسکاییەکی تیادا بەدی ناکرێت.

**زۆربوونی ڕێژەی خەرجی و بودجە سەربازییەکان کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان هەبووە، جگە لەمەش بووەتە مایەی دروستبوونی گرفتی دارایی و ئابووری و قەرزاری و نائارامی لە ٦٩ وڵاتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لەمانەش بوارە خزمەتگوزاریی**

# دۆسییەی ژمارە

دریژەدان بەهەمان فۆرمی بیرکردنەوە و بەهەمان ئەقڵییەتی ڕابردوو یاخۆ دریژەدان بەپرۆسێسی عارەباندن،
کە بەشێوە و شێوازی جیاواز لە لایەن حکوومەتی بەغدا دەبینرێت، یاخۆ لە هەوڵی ئەوەدا بێت پرس
و ئاریشەکان بەهەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییانەی لە کەرکووک و ناوچە
کێشەدارەکانی دیکەی کوردستان لە ئاکامی سیاسەتی عارەباندن ڕوویانداوە، بەپێی ئەو نەخشە ڕێگەیەی
دەستوور دەست نیشانی کردووە، وەک خۆی جێبەجێ نەکرێت، مەینەتی و وەیشوومەی پتر بەسەر
گەلانی عێراق و کوردستان دەبارێنن و ئازار و کۆژان و ناسۆرییەکانیان لە نووکەوە دووبارە دەکەنەوە،
کە ڕۆژانە پێکهاتەکانی عێراق بەجیاوازی نەتەوە، ئاین و ئاینزاکانییەوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەو
کردە تیرۆریستی و وێرانکارییانە بەچاوی خۆیان دەبینن و دەبیستن، ئەفسوس ئەوەی دیکتاتۆری پێشوو
نەیتوانی تەواوی بکات، ئەوا نها تیرۆریستان و ئاژاوەگێڕان، مەینەتی و نەهامەتییەکی دیکە دەکەنە دیاری
بۆ تەواوی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە، وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ: ماڵ لەخۆی نەبوو، میوانیشی هاتە سەر،
ئێمە دڵنیاین کە زۆربەی زۆری گەلانی عێراق و کوردستان دژ بەو ئاژاوە و کار و کردە و ڕەفتارە گێرە
شێوێن و تیرۆریستانەیە، هەر وەک چۆن لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی تیرۆریستان و
تێکدەران و پاشماوەی بەعسییەکان بوونەتەوە، تاکو لەمە زیاتر شەڕ و گێچەڵ بەرۆکی هاووڵاتییان نەگرێت،
کەواتە بۆ بەکۆتاهاتنی تەواوی ئاریشەکان و سڕینەوەی شوێنەواری عارەباندن، ئەمڕۆ ڕۆژی پەیڤین،
دایەلۆگ و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسە جۆراوجۆرەکانە لە ڕێگەی دانوستاندن و لەیەکدی گەیشتن،
نەوەک پەنا بردنە بەر توندوتیژی و شەڕ و ماڵوێرانی، کە زەمەنێکە ئەم کەس و گروپانە ئەم وڵاتەیان
وێرانکردووە، دیسان پەنابردن بۆ شەڕ، سەردەمێکی دیکەی بەشمەینەتی بۆ مرۆڤەکان دووبارە دەبێتەوە،
بۆیە ئەو گروپانە جگە لە خۆیان کەسی دیکە نابینن و هەموو هەوڵەکانیان نها چڕکردووەتەوە لە پێناو
ئەنجامدانی زۆرترین کاری تێکدەرانە و تیرۆریستانە، وەک ئەوەی لە بیریان چووبێت لە ماوەی نێزیکەی ٤٠
ساڵەی تەمەنی دیکتاتۆر قێزەونترین و چەپەڵترین ڕەفتاری نامرۆیانەی لەتەک گەلانی عێراق و کوردستاندا
تاقیکردەوە و هەموو جۆرە هێزێکی بەکارهێنا، بەڵام لە ئاکامدا سەری دیکتاتۆر و دەست و پێوەند و
ڕێژیمەکەی بەتەواوی نغرۆ بوو، جارێکی دیکە دەخوازن ئەو ڕەفتارانەیان دووبارە بکەنەوە، ئەمەش ئەگەر
تاکو دوێنێ ئەوانەی ڕاستییەکانیان نەزانیوە، ئەوا نها لە سایەی ئەو ڕەفتارانەدا دەمامکەکانی ئەو دڕندانە،
دادەماڵرێن و ڕووی ڕاستەقینانەیان ئەمڕۆ یاخۆ سبەی بۆ هەمووان ئاشکراتر دەبێ، جگە لە ڕیسوا بوون
هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

# بۆ ئەوەی
# عارەباندن دووبارە نەبێتەوە!

محەمەد سلێمان

هەردەم بیرکردنەوە چەوتەکانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق وایکردووە گەلی کوردستان ڕاپەڕین و شۆڕش لە دژی سیاسەت و پیلانە قێزەونەکانی ئەو حکوومەتانە بەرپا بکەن، کە دەیانویست بەشێوە و شێوازی جیاجیا سیاسەتتی عارەباندن پەیڕەو بکەن یاخۆ لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستدا بیتوێننەوە یاخۆ ڕووبەڕووی پاکتاوی نەژادی دەبووەوە، لە هەموو سەردەمەکان ئەو حکوومەتانە هەوڵیان دەدا، کە ئەوە بسەلمێنن، کە هەموو ئەوانەی لە عێراقدا دەژین عارەبن، وڵاتی عێراق و هەموو پێکهاتە جیاجیاکانیشی لە بنچینەدا عارەبن و بەشێکن لە نیشتمان و نەتەوەی عارەبان، چونکە پێیانوابوو جگە لە نەتەوەی عارەب هیچ کەسێکی دیکە لەم خاکەدا ناژێت، ئەوەی دەخوازێت درێژە بەبوون و مانەوەی خۆی بدات، دەبێ لەناو بۆتەی نەتەوەی سەردەستی عارەباندا خۆی بتوێنێتەوە، ڕاستکردنەوەی نەتەوەیش بۆ خۆی باشترین بەڵگەیە، ئەم فۆرمە لە بیرکردنەوە و ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات، دنیایەک ستەمکاری، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، کۆژان، ناسۆری و نەهامەتی بەرهەمهێنا، کە تاکو نها گەلانی عێراق و کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن و باجەکەی دەدەن.

کەواتە ئەمە ڕەوشی عێراق و حکوومەتاکانی بووە، تەنیا پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە دەستووردا ئاماژە بەوە کراوە، کە کورد و عارەب هاوبەشن لەم وڵاتەدا، ئەم برگەیەش دواتر فەرامۆش کرا و بەهیچ جۆرێک کاری پێ نەکرا، بەم پێیە کورد پەراوێز دەخرا و هیچ نوێنەرێکی ڕاستەقینەی لە داودەزەگەکانی دەوڵەتی عێراقدا نەبوو، کە گوزارشت لە خەڵکی کوردستان بکات، هەر بۆیە ئەو بارودۆخ و ڕەوشە ئاڵۆزە لە نێوان گەلی کوردستان و ئەو حکوومەتانە لە چلەکانەوە، شەڕوشۆڕ لە نێوان گەلی کوردستان و ئەو حکوومەتانەدا

تا کۆتایی دووەمین جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ درێژەی هەبوو، کە ئەم ڕەوشەش جگە لە ماڵوێرانی و دەربەدەری و نەهامەتی هیچی دیکەی لێ نەکەوتووەتەوە، کە هەموو ئەو کارەساتە دڵتەزێن و تراجیدیا ترسناکانەی بەسەر گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی هاتوون حکوومەتە شۆڤێنی و دەمارگیرەکانی عێراق و دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام و بەعس لێی بەرپرسیارن.

بۆیە سیستەمێکی هاوچەرخ دەبێتە مایەی بەرەو پێشڤەچوونی هەرێم و پارێزگەکان، ئەمەش لە ئاکامی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بۆ ڕایکردنی ئیشوکارەکان و ئەنجامدانی پرۆژە جۆراوجۆرەکاندا، ئەمڕۆ ئەو پاڵپشتی و پشتگیرییەی لە میللەتی ئێمە دەکرێت لەلایەن وڵاتە زلهێزەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وا دەکات باشتر بتوانین ئەو دەسکەوتانە بپارێزین و ئەزموونی دیموکراتی زیاتر بچەسپێت و بەرەو ئاستێکی باڵاتر هەڵکشێت، قوڵکردنەوەی پرەنسیپە دیموکراتییەکان لە هەموو بوارەکاندا، دەبێتە باشترین گەواهیدەر بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە خەڵکی کوردستان بەئاراستەی تەندروستدا هەنگاو دەنێن بۆ پتەوکردنی زیاتری بنەما و دیموکراتییەکان و بەها نوێیەکانی سەردەم لە هەرێمدا، بۆیە گەلی کوردستان هەرگیز ڕێگە نادەن، جارێکی دیکە سیاسەتی عارەباندن و فۆرمەکانی سەردەمی ڕابردووی حوکمڕانی خۆی دووبارە بکاتەوە.مافی بڕیاردانی چارەنووسی میللەتان، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری لەسەر داوە، گەلی کوردستانیش بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بڕیاری مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای فیدراڵی لە دەوڵەتی عێراقدا ڕاگەیاندووە، بۆیە دەبێ لە لایەن هەمووان بپارێزرێ و داکۆکی لێ بکرێ، چونکە گەلی کوردستان پێیوایە لەسەر بنەمای فیدراڵییەت و جێبەجێکردنی تەواوی مادە و بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەتوانرێت کێشە و پرسەکانی گەلی کوردستان چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی شوێنەوارەکانی سیاسەتی کرێت و نەگریسی عارەباندن، ئەمەش وا دەخوازێت حکوومەتی عێراقی فیدراڵی، کاری جدی بکات بەئاراستەی جێبەجێکردنی دەستوور، بۆ ئەوەی هەڵە کوشندەکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە و عارەباندن بەتەواوی بەکۆتا بێت، کە حکوومەتەکانی دیکەی عێراق کردیان، چونکە ئەمڕۆ گەلی کوردستان هێزێکی کاریگەرە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا و کاراکتەرێکی بنەڕەتین و ڕۆڵی

**قسەکردن لەسەر سیستەمە فیدراڵی و پرسی کورد پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەیان لە تەک یەکدا هەیە، بۆیە ناکرێت قسەکردن لەو بارەیەوە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان فەرامۆش بکرێن و لە بەرامبەریاندا بێ دەنگ بین، چونکە بەڵگەنامە مێژوویی و جوگرافییەکان ڕاست و دروستی ئەوە دەسەلمێنن، کە بەشێکن لە کوردستان**

سەرەکیان لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و پرۆسەی سیاسیدا هەیە، کەواتە بەچەسپاندنی فیدراڵییەت و مادەکانی دەستوور، عێراقی نوێ لە ململانێ و شەڕی نێوان نەتەوەکان دوور دەکەوێتەوە و ئاسایش و ئاشتی سەقامگیرتر دەبێ.

گەلی کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بەوشیارییەوە سەودایی دەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکان دەکەن و دەزانن بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە کوێدایە، ئەمەیش وایکرد سیستەمی فیدراڵی بۆ ئەم قۆناخە هەڵبژێرن، کە هەندێک لایەنی شۆڤێنی تاکو ئێستە لە سیستەمی فیدراڵی نیگەرانن، هەوڵ دەدەن ڕای گشتی چەواشە بکەن و وا نیشانی شەقام بدەن، کە سیستەمی فیدراڵی واتە دابەشبوونی عێراق، نەک هەر لێرەدا بووەستن و بەس، بەڵکو ئەم ترسە ڕەوانەی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمایەتیش دەکەن، وا بانگەشەی بۆ دەکەن کە فیدراڵی مۆدێلێکی نوێ، لە ناوچەکەدا چێ دەکات و نائارامی و ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، بۆیە دەخوازن پشگیری ئەو دیو سنووریش بەدەست بهێنن بۆ ڕەتکردنەوەی سیستەمی فیدراڵیزم و جێبەجێ نەبوونی مادەکانی دەستووری هەمیشەیی لە هەوڵی هەمەوارکردنیدا بن،، وەک ئەوەی وڵاتانی هەرێمایەتی بەرپرسیار بن لەو مۆدیلە فەرمانڕەواییەی، کە دەبێ لە عێراقدا پیادە بکرێ.

بێ گومان قسەکردن لەسەر سیستەمە فیدراڵی و پرسی کورد پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەیان لە تەک یەکدا هەیە، بۆیە ناکرێت قسەکردن لەو بارەیەوە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان فەرامۆش بکرێن و لە بەرامبەریاندا بێ دەنگ بین، چونکە بەڵگەنامە مێژوویی و جوگرافییەکان ڕاست و دروستی ئەوە دەسەلمێنن، کە بەشێکن لە کوردستان و هەرگیز سازشیان لە بارەوە ناکرێ.

هەڵبەتە مانەوەی ڕەوشی کەرکووک وەک خۆی و نەگەڕانەوەی شار و باژێڕەکانی سەر بەم پارێزگەیە واتە سیاسەتی عارەباندن بەکۆتا نەهاتووە، بەم پێیە هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان و میکانیزمە گونجاوەکان، کە باشترینیان ئەو نەخشە ڕێگەیە، کە هەموو هێز و توانایەکی لە دەستوورەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەویش گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەموو هەوڵەکان بەگەڕ بخرێن و بەدواداچوونی جدی ئەو کێشە و پرسە جۆراوجۆرانەی نێوان هەولێر و بەغدا چەندین لێژنەی کار پێکبهێنرێت، کە دەبێ کێشەکان هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێ و نابێ وەک خۆیان بمێننەوە، لێرەوە دەبێژین پرسی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی یەکێکە لە پرسە گرینگەکان و پێویستە حکوومەتی فیدراڵی بایەخێکی جدی و زیاتری پێ بدات، ئەمەش بەپلەی یەکەم بەسڕینەوەی عارەباندن بەئەنجام دەگات، چونکە هەموو سیاسەتە دیکتاتۆری و شۆڤێنییەکانی حکوومەتەکانی ڕابردوو لە عێراقدا هەرەسیان هێنا و جگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی هیچی دیکەیان پێ نەبوو، بۆیە حکوومەتی فیدراڵی دەبێ سوود لە ئەزموونی ڕابردووی ئەو حکوومەتانە و ئەو هەڵە کوشندانە وەربگرێ، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سیاسەتی چەوتی عارەباندن دووبارە نەبنەوە، چونکە ئەمڕۆ پێویستە هەموو کێشە و ئاریشەکان لە ڕێگەی دایەلۆگ چارەسەرێکی دادپەروەرانەیان بۆ بدۆزرێتەوە سەقامگیری و تەناهی و ئاشتی زیاتر دەچەسپێت و عێراقێکی نوێ دێتە دی، کە داهات و سامانی وڵات، لە پێناو هاووڵاتییانی عێراق و کوردستان و ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشڤەبردنی کۆمەڵگە تەرخان بکرێ، هەمووان بەبێ جیاوازی لە هەموو دەسکەوت و مافەکانیان بەهرەمەند بن.

# سیاسەتی عارەباندن بەفۆڕمێکی نوێ

عادل ڕەشید

ئەگەرچی سیاسەتی عارەباندن هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، لە هەر قۆناخ و لە لایەن هەر حکومەتێکەوە بەشێوازێک ئەنجام دراوە، کە بەردەوام ئەوان پێکەوە ژیانی و چارەنووسی هاوبەش و بەرژەوەندنییە هاوبەشەکانیان وەلاوە ناوە و هەڵدێریان هەڵبژاردووە، بۆیە عارەباندن دەکەنە چەکی کاریگەری خۆیان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردان لە کەرکوک و ناوچە کێشەدارەکانی دیکە و تەسکردنەوەی باری ئەتنۆگرافی کورد، کەواتە ئەم سیاسەتە نوێ نییە، بەڵکو دەیان ساڵە حکومەتە شۆڤێنییەکانی عێراق سیاسەتی عارەباندن دەهەمبەر گەلی کوردستان پیادە دەکەن، ئەم ڕەفتار و سیاسەتە شۆڤێنییە تاکو ئێستەش هەر بەردەوامە و بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، ئەوەتە لە دوای نەمانی دیکتاتۆریش کەسانێکی شۆڤێنی هەن هەوڵ دەدەن، کە قوتابخانە کوردییەکانی بازێری خانەقین کەم بکرێنەوە و خوێندن تیایدا جارێکی دیکە بکرێتە عارەبی و لە ناوجەرگەی شاری کەرکووکیش بەشێوازێکی دیکە ئەم سیاسەتە بوونی هەیە ئەویش ئەوەیە، کە حکومەتی فیدراڵی بەغدا بەهیچ جۆرێک تاکو نها هیچ پێداویستییەکی خوێندنی کوردی دابین نەکردووە، تەنانەت مامۆستا و کارمەندانی سەر بەپەروەردەی خوێندنی کوردی هەموویان مووچەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستانە، هەر حکومەتی هەرێمە خۆی ساڵانە زیاتر لە ٧٠ ملیار دینار بۆ پەروەردەی خوێندنی کوردی لە کەرکوک دابین دەکات و زیاتر لە ١٠ هەزار مامۆستا و کارمەند مووچەکانیان لە بودجەی حکومەتی کوردستانەوە بۆ فەراهەم دەکرێت کە، مانگانە دەکاتە گوژمەی زیاتر لە ٩ ملیار دینار، کە هەوڵێکی زۆر درا بەفەرمی بگوازرێنەوە سەر میلاکی ئیدارە و داودەزگەکانی کەرکوک، بۆ ئەوەی هەموو پێداویستی و مووچەکانیان لە حکوومەتی فیدراڵەوە لە بەغدا جێبەجێ بکرێ، بەڵام مخابن وێڕای بوونی مادەی ١٤٠یش حکوومەتی بەغدا خۆی لە هەموو ئەمانە گنخاندووە و ناخوازێت جێبەجێیان بکات، ئەمە سەبارەت بەپۆلیس و ئەفسەرانی کوردیش بەهەمان شێوەیە، کە تاکو ئێستە سەر بەهەرێمی کوردستانن و تەنانەت دان بەپلەکانیشیان نەنراوە، هەروەها ئەمە جگە لەوەی پۆلیسی پاسەوانانی

کۆمپانیانی نەوت ئەگەرچی بۆ زیاتر لە ١٠ ساڵ دەچێت بەمووچەیەکی کەم و گرێبەست لەو شوێنانەدان و، وەک ئەفسەری هەمیشەیی دایاننامەزرێنن، ئەمەش هەر بۆ ئەوەیە کە ناچار بن ئەو شوێنە جێ بهێڵن تاکو غەیرە کورد لەو شوێنانەدا جێگیر بکەن، هەروەها لە هەموویشی سەیرتر ئێستە دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بەڕێوەبەرەکەی کابرایەکی غەیرە کوردە، تەنانەت هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو دەزگەیەش بگۆڕن بیکەنە دەزگەی ڕۆشنبیری گشتی لە کاتێکدا لە کەرکوک و بەغدا و ناوچە کێشەدارەکان زیاتر لە (٣) ملیۆن کورد بوونی هەیە ئەم ڕەفتارانە و دەیان ڕەفتاری دیکە بەزەقی ئەوە نیشان دەدەن، کە سیاسەتی عارەباندن درێژەی هەیە، کە کۆی هەموو ئەم ڕەفتار و سیاسەتە چەوتانەش بەسەریەکەوە جارێکی دیکە هەوڵدانە بەئاراستەی سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی کەرکوک و ناوچە کێشەدارەکانی دیکە، ئەم جۆرە ئاراستەیەش وا دەکات گرژی و ناسەقامگیری بێتە کایەوە و زەمینەسازیش دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و بەهاکانی ڕەگەزپەرستی، پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکان بەرەو پێوەندییەکی ترسناک دەبات، دیارە جەماوەری گەلی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسییەکان هەم دانیان بەخۆیاندا گرتووە، هەمیش بەوردی چاودێری ڕەوشەکە دەکەن و بەتوندیش دژ بەم سیاسەتە چەوتانەن، کە هەڕەشەی جدین بۆ سەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و تەناهی و پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا، بۆیە ئەم سیاسەتە چەوت و ئەم ڕەفتارانەی بەرپرسانی حکوومەتی عێراق پێشێلکارین دەهەمبەر مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان و مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، درێژەدانیش بەم سیاسەتانە پێکهاتەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و کەرکوک و ناوچە کێشەدارەکان ڕووبەڕووی کار و ڕەفتاری ترسناک دەکاتەوە، چونکە تا دێت سیاسەتی عارەباندن بەرفرەوانتر دەبێتەوە و لە خاڵێکدا ناوەستێت، بۆیە حکوومەتی عێراق هەر لەسەرەتاوە دەهەمبەر دەرکردنی کوردانی باژێری حەویجە و پارێزگەی نەینەوا، هەموو ئەو کار و کردەوە تیرۆریستییانەی دەرهەق بەخەڵکی سڤیلی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق ئەنجام دەدرا، هەڵوێستێکی ڕوونی نەبووە، یاخۆ هەر هەوڵی گەڕانەوە و قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان نەبووە و بەهیچ جۆرێک بەدەنگیانەوە نەهاتوون، بەم پێیە ئەو کردە شۆڤێنیانە بەکردەنی ڕەتکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراتییەت و دەستوور و بنەماکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی شارستانییەتیشە، کەواتە بۆ ئەوەی پێکهاتەکان بەئارامی و ئاسوودەیی و ئاشتیانە بژین، دەبێ حکوومەتی بەغدا هەوڵی قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و یەکدی قەبوڵکردن و جیاوازییەکان و پێکەوە ژیانی بدەن

**جەماوەری گەلی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسییەکان هەم دانیان بەخۆیاندا گرتووە، هەمیش بەوردی چاودێری ڕەوشەکە دەکەن و بەتوندیش دژ بەم سیاسەتە چەوتانەن، کە هەڕەشەی جدین بۆ سەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و تەناهی و پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا**

و كاری جدی بۆ بکەن، کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان بەپاساوی نائارامی سیاسی و نالەباری ڕەوشی تەناهی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و بەپاڵپشتی هەندێک لایەن و وەدەستخستنی بەڵگە و فۆرمی کۆچ و کۆچبەران و پێدانی لەلایەن هەندێ لە وڵاتانی دەورووبەر هەموو ئەمانە زەمینەسازیان چێکردووە، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە عارەبی شارەکانی دیکە تیادا نیشتەجێ ببن، کە ئەمەش دیسان هەوڵدانێکی دیکەیە بەئاراستەی عارەباندن و گۆڕاینی دیموگرافیای ئەم دەڤەرانە، کە شوناسی نەتەوایەتی لەو شوێنانە دابماڵن و بەنیازی ئەوەی بکارن تای تەرازووی هاوکێشەکان و ڕێژەی پێکهاتەکان لەبەرەژەوەندی و قازانجی خۆیان بشکێننەوە. بۆیە ئەگەر دوێنێ بەزەبری ئاگر و ئاسن، سیاسەتی شۆڤێنیانەی عارەباندن ئەنجام دەدرا، ئەمرۆ بەخشکەیی و بەشێوازێکی هێمنانەتر درێژەی هەیە، لێرەوە پێویستە حکوومەتی فیدراڵی بانگەشە بۆ ئازادی و دیموکراتی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و پێکەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی و دیاردەی تیرۆر ببینەوە، کەچی بەئاشکرا بەرپرسانی بەغدا هەوڵ دەدەن درێژە بەسیاسەتی عارەباندن بدەن و پێشێلی مافەکانی پێکهاتەیەکی سەرەکی بکات، کە شەریکە لە حکوومەت و دامەزراندنەوەی داودەزگەکان دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت.

دەبێ بەرپرسانی حکوومەتی بەغدا ئەو ڕاستییە باش بزانن سیاسەتی عارەباندن تەنانەت لەلایەن دیکتاتۆرێکی وەکو سەدامی لێخراو، جگە لە شکست هیچی دیکەی بەدواوە نەبووە، بۆیە هەموو ئەو جۆرە بیرکردنەوە و ئەقڵییەتانە دژی ڕەوتی بەرەو پێشڤەچوون و کرانەوە و لە دەرەوەی مێژوون، هەرگیز ناکارن مۆرکی نەتەوایەتی ئەو دەڤەرانە بسڕنەوە، خەڵکە ڕەسەنەکەی مافی خۆیانە داکۆکی لە شوناسی نەتەوایەتی خۆیان بکەن و تەواوی ئەو هەوڵانە ڕەتبکەنەوە.

ئێمەی کوردان ئەو ڕاستییە بەبەرپرسانی حکوومەتی بەغدا و هەموو ئەو گروپ و لایەنە شۆڤێنییانە دەڵێین، کە لە هەرێمی کوردستاندا دەیان قوتابخانە بەزمانی عارەبی، تورکمانی و سریانی و دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی و سەنتەری ڕۆشنبیری، کۆوار و ڕۆژنامەی پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە کوردان بوونیان هەیە، بەهیچ جۆرێک بەهەڕەشە نەزانراون بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بوونی ئەو نەتەوانە و بوونی ئەو کولتوور و ئاین و نەتەوانە، کولتووری گشتی هەرێمەکە جوانتر و دەوڵەمەندتر دەکات و بووەتە هۆکاری بەهێزبوونی، نەک بەپێچەوانە، لە کۆتاییدا دەبێژین سیاسەتی عارەباندن لە تەواوی قۆناخ و سەردەمەکاندا هەڕەشەیەکی ترسناک بووە لەسەر شوناسی نەتەوایەتی ئێمە و جوگرافیای کوردستان، بۆیە لەم قۆناخەشدا ڕەوشەکە وا دەخوازێت بەتوندی ڕووبەڕووی ببینەوە و، ڕای گشتی عێراق، شەقامی عارەبی، ئیسلامی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیشی لێ ئاگەدار بکەینەوە بۆ ئەوەی دەسبەرداری ئەو سیاسەتە ببن و چیتر پێشێلی مافی مرۆڤ و گەلی کوردستان نەکەن، بەڵکو پێکەوە هەوڵی جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکان بدەین، کە هەر بەو ئاراستەیە تەناهی، سەقامگیری و ئاسوودەیی و بۆ تەواوی پێکهاتەکانی فەراهەم دەبێ.

ئەم ڕەوشە و ئەم قۆناخە ئاڵۆزەی ئێستە یەکجار چارەنووسسازە و هەموان لێی بەرپرسیارن، بۆیە ئەرکەکانی زۆر قورستر و کۆسپ و لەمپەرەکانی مەزنترن، ئەمە وا دەخوازێت سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکان و وڵاتپارێزان بەگوتارێکی سیاسی یەکگرتووانە و شێلگیرانەتر داکۆکی لە خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان بکەن، کەواتە پێویستە هەموان ئامادەسازییەکی تەواو و تەندروست بۆ هەموو ئەگەرەکان بکەین، لێرەوە دەبێژین ململانێی داهاتووی ئێمە دەگەڵ ئەوانی دیکەدا ململانێیەکی نەتەوەییە، هەردەم بۆ چەسپاندنی مافەکانمان ڕێگەی یاسایی و دەستووری دەگرینە بەر، بەپینگاڤێکی کارا و کاریگەتر بەرەو پێشڤە دەچین، تاکو کەرکووک و ناوچە کێشە دارەکان، بەپێی ئەو نەخشە ڕێگەیەی بۆی دیاری کراوە بگەڕێتەوە ئامێزی کوردستان.

# لەپێناو بەکۆتاهاتنی عارەباندن!

سەنگەر بێباک

ڕەوشی عێراق لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا ڕاستە گۆڕانکاریی لە چەندین ئاست و ئاراستەدا بەخۆوە بینیوە، بەڵام ڕەفتار و هەڵسوکەوت و سیاسەتی حکوومەتی فیدراڵی هێشتە هەڵگری هەمان تێڕوانینەکانی سەردەمی دیکتاتۆرن و بارگاوین بەچەمک و پرەنسیپەکانی ڕەگەزپەرستی، دەمارگیری و عارەباندن و هەوڵی دەسەڵاتی تۆتالیتاریانە و بەسەنترالکردنی عێراق بەشێوە و شێوازی جۆراوجۆر لە ئارادایە، ئەمە وێڕای ئەو تەنگژە و ڕەوشە قەیراناوییەی، کە نها زۆربەی شارەکانی عێراقی گرتووەتەوە و بوونی هەیە، ئەمەش لە سەروبەندی توندبوونی ململانێیەکانی نێوان سونە و شیعە هاتووەتە کایەوە، کە هەلومەرج و ڕەوشی ئەم وڵاتە بەجۆرێکە لەبری ئەوەی هەوڵی ئەوە بدرێت گەلانی عێراق و کوردستان، مەینەتی و نەهامەتییەکانی ڕابردوو جارێکی دیکە بەرۆکیان نەگرێت، کەچی مخابن پرسەکان، ئاریشەکان، کێشەکان لەجیاتی ئەوەی بەپێی دەستوور هەوڵ بدرێت چارەسەر بکرێن، بەڵکو تا دێت قوڵتر دەبنەوە، بارە ئابوورییەکەی ئەم وڵاتە دەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا یەکجار جیاوازە، ئێستە دراوی عێراق لە ئاستێکی باشدایە، کە دەکرێت ئەو ئاریشانەی لە نێوان هەولێر و بەغدا لە ئارادان هەر لە بودجەی پێشمەرگەوە بگرە تا دەگاتە کێشەکانی نەوت و گاز یەکلایی بکرێنەوە، لێ حکوومەتی بەغدا تاکو نها سیاسەتێکی دووفاقیانە پەیڕەو دەکات و بەردەوامە لەسەر ڕەفتاری سەیر و نامۆ و، مکوڕە لەسەر ئەو تێڕوانینانەی، کە ڕێژیمی سەدامی بەکۆتا هێنا.

لە ناوچە کێشەدارەکان بەبڕوبیانووی ڕاوەدوونانی تیرۆریستان و توندڕەوەکان هێزەکانی سوپای عێراق و دەزگە تەناهییەکانی دیکە، لە چەندین دەڤەری جیاجیای وەک شارەبان، جەلەولا و موسڵ و... هتد، کەوتوونەتە وێزەی هاووڵاتییانی کورد و تەنگیان پێ هەڵدەچنن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە ئەوە بەوپەڕی ڕووقایمی دەبینین، کە تاکو ئێستە عارەبی هاوردە لەم دەڤەرانە دەکرێنە بەڕێوەبەر یاخۆ کارمەند لە باشوور و ناوەڕاستەوە بۆ پارێزگەی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان دەگوازرێنەوە، لە کاتێکدا بەهەزاران کارمەند و مامۆستا و کرێکار و پۆلیس و ئەفسەر تاکو ئێستە لەسەر میلاکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان و بەهیچ شێوەیەک

حکوومەتی فیدراڵی ڕێگە نادات، کە بگوازرێنەوە پارێزگەی کەرکووک یاخۆ بخرێنەوە سەر میلاکی پارێزگەکانیان، ئەمە و چەندین ڕەفتاری دیکە و جیاکاری زەق لە نێوان ئەو شوێنانەی بەر تەڤینەوە و کردە تیرۆریستییەکان دەکەون، کە دەبینرێت لە ئاکامی دەمارگیری ئاینزاییەوە ناوچەگەلی کوردنشین فەرامۆش دەکرێ، دەڤەرانی دیکە ئاوڕی زیاتریان لێ دەدرێتەوە، کە کۆی هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە لادان و بەپێشێلکاری زەقی ئەو نەخشە ڕێگەیە دادەنرێت، کە لە دەستووردا هاتووە، هەروەها بەهەزاران خێزانی کوردنشین لە ژێر هەڕەشە و ترس و تۆقاندن و کردەی تیرۆریستی ناچار بوون دەڤەر و ناوچەکانی خۆیان چۆڵ بکەن، بێ ئەوەی حکوومەتی بەغدا لە بەرامبەردا جووڵەیەک یاخۆ قسەیەکی هەبێ، لەلایەکی دیکەوە بۆردوومانە بەردەوامەکانی تورکیا و ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکان هەمدیس حکوومەتی عێراق هەڵوێستی ڕوونی نییە و نەبووە و تاکو نها لێدوانێکی لە بارەوە نەداوە، وەک ئەوەی هەرێمی کوردستان لەو لایەنانەی، کە پێوەندی بەوێرانکاری، ناتەناهی، پێشێلکاری و دەستدرێژیکردن هەبێت، لەلایەن ئەو حکوومەتانەوە، ئەوە حکوومەتی فیدراڵی هیچ پێوەندار نییە، کەچی کاتێک پاڵپشتی و وەدەنگەوەهاتنێکی نێودەوڵەتی دێتە ئاراوە، ئەوان سەروەری عێراقییان بیر دەکەوێتەوە، لێرەوە دەخوازین بیری بەرپرسانی پایە بڵندی حکوومەتی بەغدای بخەینەوە، کە وڵاتێکی وەک عێراق نە تەناهی تیادا بەرقەرارە، نەخودان سەروەریشە، ئەگەر خودان سەروەرییە ئەی بۆچی بەرپرسانی حکوومەتی بەغدا دەهەمبەر ئەو هەموو خاڵانەی ئاماژەیان بۆ کرا ورتەیان لە دەم دەرناچێت و جووڵە ناکەن.

لەم سەروبەندەدا دەکرێت خوێندنەوە بۆ ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ بکرێت کە لەو ناوچە کێشەدارانە ڕوو دەدەن، کە ئەویش هەوڵێکە لە هەوڵەکانی شاڵاوەکانی عارەباندن و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووان و سنووری جوگرافیای دەڤەرە کوردنشینەکان، کە ڕێژیمی بەعس و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام بەو هەموو هێز و ستەمگەرییەی خۆی نەیتوانی سیما و شوناسی نەتەوەیی ئەو دەڤەرانە بگۆڕێت، بۆیە جارێکی دی دەبێژین تەواوی ئەو دەڤەرانە بەشێکی جیانەکراوەن لە خاکی کوردستان، هەم جەماوەری گەلی کوردستان و هەم سەرکردایەتییە حەکیمەکەی هەوڵ دەدەن بەوپەڕی ئەقڵانیەوە بەپێی یاسا ئاریشەکان چارەسەر بکرێن و ئاڵۆزی و تەنگژەی زیاتر چێ نەکرێت، هەروەها لەجیاتی ئەوەی ئەو دەڤەرانە، کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە ژێر سیاسەتی عارەباندن و جەور و ستەمی بەعس دەژیان و بەدەیان کارەساتی دڵتەزێنیان بەسەر هاتووە، کە دەبوایە حکوومەتی بەغدا بۆ ئەوەی جیاوازبوون و پەرێز پاکی و نیاز ڕۆشنی خۆی نیشان بدایە و کۆژان و ناسۆرییەکانی ئەوانی کەم بکردایەوە بەپەلە دەیان پرۆژەی لە بوارە جۆراوجۆرەکان لەو دەڤەرانە ئەنجام بدایە و قەرەبووی زیانەکانیانی بکردایەوە و تەواوی پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم بکرێت، هەرچەندە بەرپرسانی حکوومەتی فیدراڵی زۆرجار کە دێنە هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئامادەن هەموو، کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە چوارچێوەی دەستوور ڕێوشوێنی گونجاویان بۆ بگیرێتە بەر، کەچی ئەو لێدوانانەی زۆربەی بەرپرسانی بەغدا بەرەو ئاسایکردنەوە لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت، بەواتایەکی دیکە گۆڕانکاری ئەرێنی لە سیاسەت و بۆچوونەکانیان ناخوێندرێتەوە لە بارەی پرسی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان، لە کاتێکدا سەرکردایەتی کورد لە هەوڵی ناوبژیوانیدایە لە نێوان سونە و شیعەدا، پێویستە هاوتەریب دەگەڵ چارەسەرکردنی ئاریشەکانی نێوان ئەوان، تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بخرێنە ڕوو وەک یەک پاکێجی گشتی قسەیان لەبارەوە بکرێت و کاتێکی دیارکراو بۆ چارەسەرکردنیان لەو کۆنگرە نیشتمانییەدا بۆ دابنرێت، ئەگەر لەمە زیاتر خۆگنخاندن لە لایەن حکوومەتی بەغدا ڕوو بدات، پێویستە گەلی کوردستان قسەی خۆی هەبێت و بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

# کێشەکانی موڵکدارێتی کەرکووکییەکانی نیگەران کردووە

کارزان حەساری


سیاسەتی عارەباندن بوو بووە مۆتەکەیەک بەرۆکی کوردانی بەتوندی گرتبوو، هەڕەشەی لە پێکهاتەی نەتەوەیی کۆمەڵگەی ئێمە دەکرد، دەڤەرێکی بەرفرەوانی ئەم کوردستانە، کە هەر لە ئەزەلەوە خاکی کوردانە، هەرگیز خەڵکانی دیکەی لێ نەژیاوە، بەزۆرەملێ لێی دابڕا، بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتە و چارەسەرنەکردن و مانەوەی ئاریشەکانی ناوچە کێشەدارەکان ئاکامی نەرێنی دەبێت لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و داهاتووی پرۆسەی رامیاری لە عێراقدا.

ڕژێمی بەعس بەمەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی و سیاسەتی عارەباندن چەندان بڕیاری دەرکرد، کە جیاوازی مەزنی لە نێوان هاووڵاتیاندا چێکرد، لە ئاکامیشدا نادادپەروەری زۆری لێکەوتەوە، کە باندۆرا وی تاکو نها ماوەتەوە، کەرکووک پرسی گرینگ و بنەڕەتی کوردستانە، ڕژێمی ڕەگەزپەرەستی سەدامی لێخراو بەشێوەیەکی نامرۆڤانە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کوردانی لە شاری کەرکووک و دەڤەرەکانی دی دەدا، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوو تەواوی پێکهاتەکانی پارێزگەکە لە بۆتەی نەتەوەی عارەبدا بتوێنێتەوە

، ئەم سیاسەتەش هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو هەمیشە خەریکی ئەوەبوو کۆتایی بەهەر پێکهاتەیەکی دیکە بێنێ، بۆیە بەلێشاو عارەب روویان دەکردە ئەو پارێزگەیە، هەموو ئاسانکاری و زەمینەسازییەک بۆ ئەو هاوردانە ئەنجام دەدرا، بەو پێیەی تەواوی هەوڵەکان بەئاراستەی کەمکردنەوەی کوردان بێت، ئیدی سیاسەتی عارەباندن لە هەموو روویەکەوە جێبەجێ دەکرا، مەترسییەکە لەوە دابوو جگە لەوەی هەوڵی شێلگیرانە دەدرا، بەوەی هەرچی شوێنەواری دێرین و کولتوور و کەلەپووری کوردان هەیە، ڕیشەکێش بکرێن، بەردەوامبوون و درێژدان بەو سیاسەتە مەترسییەکی مەزنتری لەسەر ئاسایشی کوردستان چێ دەکرد، بۆیە بەگوێرەی بەرنامەیێکی شۆڤێنیانەی داڕێژراو، پرۆسەیەکی بەردەوامی بەدەستەوەبوو بەنەمانیشی وەک ڕژێم، تا ئەندازەیەک ئەو پرۆسەیە لە لایەن پاشماوەکانی بەعس و ڕەگەزپەرستانی دیکە لە چەندان دەڤەردا درێژەی هەیە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دی سەدامی دیکتاتۆر لە ئاستێک رانەدەوەستا، بەڵکو بەهەزارانی دیکەی بەزۆرەملێ بۆ پارێزگەکانی دیکەی عێراق ڕاگوێزا، هەروەسا بەهەزارانی دیکەش بێ ویست و ئارەزووی خۆیان لەژێر ناونیشانی ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی بەگوێرەی هەردوو بڕیاری ژمارە ٨٥٠ و١٩٩ و پێوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان سەدام و

پارێزگاری ئەو کاتەی کەرکووک لە ڕۆژی ١٢ / ١/ ١٩٩٧، ناچار کران بەعارەب لە قەڵەم بدرێن، لە ترسی ئەوەی نەوەکو بەزۆرەملێ لە زێدی خۆیان وەدەرنرێن، سیاسەتی ڕێژیم لە چەند تەوەرێکەوە دەستی پێکرد کە بەم شێوەیە بوو: یەکەم: دەرکردن و کەمکردنەوەی کوردان لەو دەڤەرانەی پڕانی دانیشتوانیان پێکدەهێنا... دووەم: گواستنەوەی کارمەند و کرێکارانی کوردان، بەمەبەستی عارەباندنی فەرمانگەکانی پارێزگەی کەرکووک بەگشتی و کۆمپانیای نەوت بەتایبەتی... سێیەم: گۆڕینی ڕەگەزی کوردان بۆ عارەب، هەر دەگەڵ ئەمەشدا سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی کوردان و تێکدانی قەڵای کەرکووک و گۆڕستانەکان و گۆڕینی ناوی گەڕەک و دەڤەری کوردان، سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای رێژیم بوو، هەر بۆیە کوردیان لە فەرمانگە حکومییەکان دانەدەمەزراند و هیچ موڵک وخانووبەرە و ... هتد بەناویان نەدەکرا، تا هەر کەسێک ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی ئەنجام نەدات.

پتر لە ١٧٥ هەزار لە مرۆڤی کورد لە ژێر باندۆری پاڵەپەستۆ جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم نەتەوەی خۆیان ئاڵوگۆڕ پێکرد، لێرەوە ڕێژیمی دیکتاتۆری لە هەوڵی ئەوەدا بوو باژێڕ و شارۆکە و گوند و گەڕەک و شەقام و شوێنە گشتییەکانی دەڤەرەکە بەئاراستەی عارەباندن ببات و ڕوخساری ڕەسەن و ڕاستەقینەی پارێزگەکە بگۆڕێت، هاوکات لە درێژەی ئەم سیاسەتە چەوت و چەپەڵانەیدا چەندان شەقام و دەیان گەڕەکی نوێی بۆ عارەبە هاوردەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە ناوجەرگەی کەرکووک چێکرد بەنێوی «نەسر، قادسییە، ای ئازار، ١ی حوزەیران، واستی، ڕەشید، مەئموون، حەجاج، مەجزەرە، نەخوە، فاروق، خەزرا، زورا، غەرناتە خولەفا، کەرامە، بەعس، ١٧ ی تەموز، وەحدە، حورییە، عروبە، حەی عەسکەری، دور ئەمن، ئەلفێن دار، نیدا، دور سکەک، دور زوبات، سەعد، بەدر، عەدنان، وسەنا، عەمەل شەعبی، ٣٠ی تەموز، مەمدودە، ساحەی ئیحتیفالات، ئەندەلوس، لوا عشرین، ئەسرا و مفقودین».. هەر لە چوارچێوەی سیاسسەتی عارەباندن ئەم گۆڕنکارییانەشی ئەنجامدا: «ناوی کەرکووک گۆڕا بەتەئمیم، باژێڕی دووبز گۆڕا بەدبس، لەیلان (قەرەحەسەن) گۆڕا بە ئوم ئەلمەمعارک، سەرگەڕان کرایە قودس، شارۆکەی قەرەهەنجیر گۆڕا بەرەبیع، یایچی کرا بەمولتەقا)..، هەروەسا ئەم باژێڕ و شارۆکە نوێیانەشی لەسەروبەندی سیاسەتی عارەباندن چێکرد «ناحیەی ئەلعەهد و ڕەشاد سەر بەباژێڕی داقووق، شارۆکەی ڕیاز و عەباسیشی سەر بەباژێڕی حەویجە»، هەر لەم سەروبەندەشدا ژمارەیەک ئۆردوگەی عارەبنشین لەژێر ناوی «حەیفا، یافا، قودس، رافدەین» چێکران، بەچوار دەوری پارێزگەی کەرکووک لە هەردوو باژێڕی دووبز و داقووق و شارۆکەی سەرگەڕان مەزنترین تاوان بەعس ئەنجامیدا لە پارێزگەی کەرکووک دەست بەسەراگرتنی زەوییە کشتوکاڵیەکان بوو لە خاوەنە ڕەسەن و ڕاستەقینەکان و دابەشکردنیان بەسەر عارەبی هاوردە، کە لە دوور و نێزیک مافیان بەسەر ئەم زەوییانەوە نەبوو. دەسپێکی ئەم پرۆسە مەترسیدارەش زۆر بەزەقی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٩ بەدەرکردنی چەندان بڕیاری وەک«٣٦٩،٩٧٦،٩٠٥،٩٤٨،١٠٦٥،١٨» ئەنجامدرا، ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی بەم بڕیارانە تاپۆ کراون پتر لە ٣٥ هەزار دۆنمە، بەعس دوای ئەم پرۆسەیە، ڤێجا دوو بڕیاری دیکەی دەرکرد بۆ کوژاندنەوەی تەواوی ئەو زەوییانەی کە خاوەنەکانیان کورد و تورکمانی شیعەن، بەنووسراوی دیوانی رئاسەی جمهوری ژمارە ٨٠٨ لە ١٩٩٤/٢/٢٤ نهێنی دەست بەسەر تێکڕای زەوییە کشتوکاڵییەکان گیرا، کە ٤٥ هەزار دۆنم بوو، دواتر خەڵکەکەی ڕاگوێزران، هەروەسا بەگوێرەی نوسراوی لجنە شمال نهێنی و تایبەت ژمارە ٩٣١ لە ١٩٩٥/٨/٣ کە تیایدا هاتووە کوژاندنەوەی تەواوی ئەو زەویانەی کە موڵکی کوردن ، ئەم بڕیارە زۆرترین پانتایی لە پارێزگەی کەرکوک دەگرێتەوە، کە دەکاتە (٩٠٠) هەزار دۆنم، جگە لەم بڕیارانە چەندان بڕیاری دیکە دەرچووە، بەمەبەستی دەست بەسەرگرتنی زەویوزاری کوردان، بۆیە مانەوەی ئەم هەموو کێشانەی موڵکداریێتی و زەویوزار و خانووبەرە خەڵکانێکی زۆری هەراسان و نیگەران کردووە، بۆیە پێویستە ئەو بڕیارانەی بەم دواییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە دەرچووە هەوڵ بدرێت بەزووترین کات بچێتە واری جێبەجێکردنەوە.



# بۆ ئەوەی
# نەهامەتییەکان دووبارە نەبنەوە

ئاشتی عەلی

لە مێژووی چەندان میللەتی سەردەستەی خودان دەسەڵات، دەهەمبەر گەلانی بندەستی خۆیان دنیایەک ڕەفتار و سیاسەتی قێزەون و کرێت بەدی دەکرێت، کە ئاکاری ناشایستە و ڕەفتاری وایان نواندووە، کە بەکردەنی بووەتە هەڕەشە لەسەر بوون و شوناسی نەتەوەیی و شکۆداری ئەو میللەتانە، ئەو سیاسەتە ناشارستانی و نامرۆیانەیە، تا ئێستە لە زۆر وڵاتانی دنیا درێژەی هەیە. دوای دامەزرندنی دەوڵەتی عێراق، کێشە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە نوێیە فەرامۆشکراو، بەتایبەتی کێشەی گەلی کوردستان زۆر نادادپەروەرانە لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانییەوە بەجۆرێکی ناڕەوا و توند و دوور لە دایەلۆگ و دانوستاندن سەودایی دەگەڵدا کرا، کێشەی کوردان لەم وڵاتە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، چارەسەر نەکردن و هەڵپەساردنی ئەم پرسە گرینگەی میللەتی ئێمە وایکرد هەردەم بارگرژی و ناسەقامگیری لەم وڵاتەدا لە ئارادا بێت، میللەتێک کە لە هەموو ڕوویەکەوە دەگەڵ خەڵکانی دی جیاوازە، خودان خاک و دیرۆک و کولتوور و شارستانی و تەواوی خەسڵەت و بنەما نەتەوەییەکانی خۆی بێت بێت، بەڵام حکومەتەکانی عێراق کەمجار هەبووە، وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆی خودان تایبەتمەندی مێژوویی تەماشای کوردانیان کردبێ، ساڵانێکی زۆر هەوڵی سڕینەوەی بوون و مۆرکی نەتەوەییان دەدا، لە چوارچێوەی سیاسەتی عارەباندن ئەم ئاراستەیەش لوتکەی ڕەگەزپەرستی نیشان دەدا، کە نەتەوەیەکی خاوەن کولتوور و مێژوو، لەسەر واری ڕەسەن و ڕاستەقینەی خۆی هەوڵ بدرێت لە ڕیشەوە دەری بکەیت و پاڵەپەستۆی بخەیتە سەر، بۆ ئەوەی حاشا لە شوناسی نەتەوایەتی خۆی بکات و، ببێتە نەتەوەیەکی دی.

ئەمە سەرباری ئەوەی دەگەڵ سیاسەتی عارەباندن، دەست بەسەر ماڵ و سامانی ئەم نەتەوەیە دادەگیراو ڕاگوێزانی بەخورتیش لە ئاخ و زێدی ڕەسەنیان پیادە دەکرا، ئەم سیاسەتە لە زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستان ساڵانێکی زۆر درێژەی هەبوو، مخابن تا ئێستە لە چەندین شارۆکە و باژێڕی ناوچە کێشەدارەکانی وەک کەرکووک، موسڵ، شارەبان، جەلەولا و حەویجە و...هتد، بەشێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە.میللەتی ئێمە بەدرێژایی مێژوو، هەوڵیداوە هەردەم ڕێز لەو نەتەوە و ئاین و گروپە جۆراو جۆرانە بگرێت، بۆ ئەوەی پێکەوە بەئاشتی و سەرفرازی و ئاسوودەیی لەسەر خاکی کوردستان بژین، هەرچەندە دوژمنان و ناحەزان هەردەم هەوڵیانداوە ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتە جیاکان

چێ بکەن، بەڵام ئەو خەونە نەزۆکەیان هەرگیز وەدی نەهاتووە، بەواتایەکی دی بەهاکانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی لای میللەتی ئێمە لە مێژووی دوور و درێژەوە ئامادەگی هەبووە.

ئەگەر ئاوڕێک لەم ٢٠ساڵەی کۆتایەکانی سەدەی ڕابردوو بدرێتەوە و بەراورد بکرێت دەگەڵ دەیان ساڵی بەر لە ئێستە، گۆڕانکارییەکی لە ڕادە بەدەر لە هەموو ڕوویەکەوە هاتووەتە دی، تەنانەت ئەو گۆڕانکارییانە وایانکرد چەندان سیستەمی تۆتالیتاری و ڕەگەزپەرستی لە ئاکامی ڕەفتارە نامرۆییەکانیان نەک دەسەڵاتیان، بەڵکو ژیان و بوونیشیان بەکۆتا هات، ئێستە لە چەندین وڵاتانی دنیا لە هەوڵی فەراهەمکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بانگەشەکردن بۆ ئەو مافانە لە چاکسازی و پێنگاڤ هەڵێنان بەرەو جڤاکی شارستانی و ژیاری، دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئاریشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەکانیان و، فەراهەمکردنی هەرچی زیاتری ئاسوودەیی و هێمنی و تەناهی، بۆ تەواوی هاووڵاتیان بەهەموو چین و توێژ و نەتەوە و ئاین و بیروبۆچوونە جیاجیاکانیانەوە، لە هەوڵی ئەوەدان بەتەواوەتی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان دابین بکرێت و حکوومەتەکانیان ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک نەکەن، دژ بەو بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە بێت، کە پێگیری لەسەر پاراستن و شکۆمەندی تەواوی مرۆڤ و نەتەوەکان دەکات.

لە کاتێکدا مرۆڤایەتی هەنگاوی شێلگیرانەی دەهاویشت، بەئاراستەی دەستەبەرکردنی هەموو مافەکان بۆ تێکڕای نەتەوە، ئاین، ئایزا و بیرو بۆچوونە جیاجیاکان، کار گەیشتە ئەوەی مافی تەواوی هاووڵاتیان و بروسانی بیانیش دابین بکرێت، کە لەسەر خاکی وڵاتەکانیان ژیان بەسەر دەبەن، نەک هەر ئەوندە و بەس، بەڵکو کەس نەکارێت دەست لەکاروباری ژیان و فۆرمی بیرکردنەوە و بیروڕای ڕامیاری و ئازادی ڕادەربڕینیان وەربدات، تەنانەت لە هەڵبژادنەکانیش پشکدار بن و، بکارن خۆیان بۆ پۆستە باڵا و جیا جیاکان، لەو وڵاتانەدا پاڵاوکە بکەن، ڕۆڵیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی جڤاک و کۆمەڵگەکانیاندا، کەچی مخابن تاکو نها شۆڤێنییەت و سیاسەتی عارەباندن لەم وڵاتەی پێی دەڵێن عێراقی نوێ درێژەی هەیە، لە کاتێکدا دەبووایە ئەزموون لە دیکتاتۆرێکی وەک سەدام و ئەو هەموو گۆڕنکارییانە وەربگرن، کە لە جیهان و ناوچەکە ڕوو دەدەن زۆرێک لەو سیاسەتە شوومانەش لە دنیا باوی نەماوە، بەتوندیش نەفرەتی لێ دەکرێت...بۆیە سیاسەتی شۆڤێنی عارەباندن جگە لە مەرگەسات و ماڵوێرانی چی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، لێرەوە پێویستە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بەگشتی و، حکوومەتی بەغدا بەتایبەتی بەهیچ کلۆجێک جارێکی دیکە ڕێگە نەدات بەگەڕانەوەی سیاسەتی عارەباندن و هەول بدات بەکردەنی ئەزموونی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی جیهان بەهەند وەربگرن، کە چارەنووسیان بەرەو کوێ ڕۆیشتن و، بە چ ئاکامێک گەیشتن؟.

**جەماوەری گەلی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسییەکان هەم دانیان بەخۆیاندا گرتووە، هەمیش بەوردی چاودێری ڕەوشەکە دەکەن و بەتوندیش دژ بەم سیاسەتە چەوتانەن، کە هەڕەشەی جدین بۆ سەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و تەناهی و پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا**


# چەند سەرنجێک
# لە بارەی پرسی ئاوارەکان

د. ئەیاد فەرەج

یەکێک لە پڕگرێ و گۆڵترین کێشەی توێژێکی بەرفرەوانی کۆمەڵگەی ئێمە، پرسی ئاوارەکان و چۆنییەتی گەڕانەوەیانە بۆ زێدی ڕەسەن و شوێنی خۆیان کە بەهەزاران کەس لە ئاوارەکانی میللەتی ئێمە، لە ئاکامی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەی ڕێژیمی سەدام و ترسی پاکتاوی نەژادی، لە واری ڕەسەن و ڕاستەقینەی خۆیان ئاوارەی شار و شارۆکەکانی دیکەی کوردستان یاخۆ پارێزگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق یان وڵاتانی دەوروبەرکران، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەو خێزانانە، دەیان ساڵە ژیانی پڕ لە ناسۆری و لە نەهامەتییەکانی ئاوارەیی دەچێژن، کە خەڵکی شاری کەرکووک و شار و شارۆکە و گوندەکانی سەر بەم پارێزگایە، ڕێژەی لە نێو ئەو هەزاران ئاوارەیەدا، لە هەر شوێنێکی دی یەکجار زیاترە، کەواتە قەبارەی ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە، لە هەر شوێنێکی دی یەکجار مەزنترە، کۆی هەموو ئەم تراجیدیا و نەهامەتی و ڕگوێزان و دەربەدەرییەش بەسەر یەکەوە لە سیاسەتی قێزەونی عارەباندنەوە سەرچاوەی گرتوو، کە تاکو ئێستە بەرنامە و نەخشەی پێویست و گونجاو بۆ گەڕانەوە و چۆنێتی نیشتەجێکردن و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لەبەر دەستدا نییە، هەرچەندە خەڵکێکی بەرچاو گەڕاوەتەوە سەنتەری شاری کەرکووک، بەڵام لەو ٧٧٠ گوندەی لە چوارچێوەی پارێزگەی کەرکووک لە لایەن بەعسەوە وێران کرا، ژمارەیەکی یەکجار کەمی ئاوەدانکراوەتەوە، ئەوەشی کراوە ڕێژەیەکی زۆر سنووردارە، بەڵام تاکو ئەم ساتەوەختە ئەوەی کراوە و ئەنجام دەدرێ، بەگوێرەی خواست و پێویست نییە، چونکە ئەو میکانیزم و ڕێو شوێنانەی ئەمڕۆ لە کایەدان، ئەگەر بەم شێوەیە درێژە بەم پرۆسەیە بدەن، هەرگیز ئەو هاوسەنگی و شێواندنە دیمۆگرافیایەی تەواوی پارێزگەی کەرکوک بۆ دۆخی جاران ناگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بێ ئۆمێد بین و بڵێین هیچ نەکراوە، بەڵکو لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە پاڵپشتی و کۆمەکێکی باش کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی قەبارەی وێرانکارییەکە زۆر مەزنە، بەتەواوی هەست بەو کۆمەک و یارمەتییانە ناکرێت، هەرچەندە دەبووایە حکوومەتی بەغدا ڕۆڵی خۆی لەو دەرەتانەدا بنواندایە.

لە ماوەی دەسەڵاتی بەعس لە نێوان سالانی ١٩٦٨- ٢٠٠٣ پتر لە ٣٠٠ هەزار عارەبی هاوردە لەم پارێزگایەدا نیشتەجێکرا، لە دوای نەمانی دیکتاتۆریشەوە، تاکو ئێستە زیاتر

لە ٢٥ هەزار لە عارەبە هاوردەکان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، ئەم ڕێژەیەش یەکجار کەمە بەگوێرەی ئەو ژمارە زۆرەی عارەبی هاوردە، کە تاکو ئێستە لە شارەکەدا ماونەتەوە، ڕاستە ئێستە مادەی ١٤٠ قەرەبووی هاوردە و ئاوارەکان دەکاتەوە، بەڵام ئاخۆ جگە لەوەی فۆرمی خۆراکیان گواستووەتەوە، چ شتێکی دیکە کراوە، هەڵبەتە سەبارەت بەپرۆسەی قەرەبووکردنەوەکەش، دەبوایە ڕێوشوێنی دیکە پەیڕەوبکرایە، واتە ئەو پارەیە بەچەند قۆناخێک دابەش بکرایە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە ناچار بکرایە، کە گوند و دەڤەرەکانی خۆیان جارێکی دیکە ئاوەدان بکەنەوە، بۆ ئەوەی قەرەبووکردنەوەکە ئاوەدانکردنەوەی بەدوادا بهاتبایە، خەڵکەکەشی هەرچەند قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام تاکو ئێستە هەر لە کۆمەڵگەکاندان، ئێمە دەخوازین بەگەڕانەوەی ئاوارەکان جارێکی دیکە بووژانەوەیەکی کشتوکاڵی دروست بکرایە و، خەڵکە گەڕاوەکەش دەبوونە قوڵاییەکی باش بۆ شارەکە، بەم ئاراستەیە دەمانتوانی کۆچی بەپێچەوانە سەرهەڵبدات و ئەو ئاپۆرە و جەنجاڵییەی شارەکانیش کەم دەبۆوە، بەمەش جارێکی دیکە خەڵکی گوندەکان دەخرانەوە بەر ئیشوکاری ڕاستەقینەی خۆیان، بەڵام دەبێ بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، تەواوی پێداویستییەکانی لە ڕێگەوبان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و کۆمەکی دارایی خەڵکە گەڕاوەکە بکرێن، کە بتوانن کێڵگەی پەلەوەر و ئاژەڵ و حەوزی ماسی و تەنانەت هەندێک کارگەی بچووک و...تاد، لەو دەڤەرانەی کە دەگەڵ بەروبوومەکانیان دەگونجێت سەریهەڵبدایە، بەمەش جارێکی دیکە دەبێتە مایەی ئەوەی خەڵکی ئێمە ببێتە بەرهەمهێنەر، نەک هەر خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵکو دەبێتە یارمەتیدەری شارەکان و ناچار نابین ساکارترین شت لە دەرەوە بهێنین، بەم ئاراستەیە دەتوانرێت هەم خەڵکەکە بگەڕێنینەوە زێدی ڕەسەنی خۆیان، هەم بەرەو بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی هەنگاو هەڵدەهێنین، کە تا ئەم ساتەوەختە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە ئەمڕۆ، جگە لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر، هیچی دیکە نییە، چونکە ئەگەر دوێنێ تا ئەندازەیەکی باش زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بایەخی پێ دەدرا و دەچێنرا، ئێستە بەتەواوی فەرامۆش کراوە، لێرەوە جارێکی دیکە دەڵێین دەستەبەرکردنی تەواوی پێداویستییەکانی خەڵکە گەڕاوەکان لە ئامێر و ئامراز و کۆمەککردن و کارئاسانی دیکە، وا دەکات لە ماوەیەکی پێوانەیدا خەڵکەکە جارێکی دیکە لەسەر ژیانی گوندنشینیی ڕابێن، بەڵام بەشیوازێکی هاوچەرخانەی بەرنامە بۆ داڕێژراو، کە دەبێ ئێمە خودان ستراتیجییەتێکی کشتوکاڵی ڕوون بین، چونکە خەڵکەکە، ساڵانێکی زۆرە لەسەر ژیانی شار ڕاهاتووە، ئامادەگیی تیادا نییە بگەڕێتەوە، بۆیە گەڕانەوەی ئاوارەکان و پرسی ئاوارەکان بۆ گوندەکانیان نەک بۆ سەنتەری شاری کەرکووک، دەبێ لە ئەولەویەتی کارەکانی حکوومەتی ئێمەدا بێت، بەمەش دەتوانرێت پرۆسەی گەڕانەوە بە شاڕاستە ڕێگەی تەندروستی خۆیدا بەرین، بەڵام دەبێ حکوومەتیش پاڵپشتییەک پێشکێش بکات، کە ببێتە مایەی گەڕانەوەی ئاوارەکان لەگەڵ ئەو پارەیەی کە لە مادەی ١٤٠ وەریدەگرن، ئەگەر بەپێی بەرنامەیەکی تەندروست بووایە، ئێستە خەڵکێکی زۆر دەگەڕایەوە سەر زێدی خۆی، بەڵام ئاوارەکان قەرەبووی خۆیان وەردەگرن و لە جێگەی خۆیان ماونەتەوە، بێ ئەوەی تەنانەت هیچ کەس لێپرسینەوەیان دەگەڵ بکات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەخەوشێکی دیکە تێتە ناسین، لە پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی مادەی ١٤٠ بۆیە پێویستە لایەنە پێوەندارەکان بەهاوئاهەنگی دەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی هەندێک مەرج و ڕێوشوێن دیار بکەن یاخۆ هەر لە دەسپێکەوە دیار بکرایە، ئینجا خەڵکیان قەرەبوو بکردایەتەوە، کە ئەمە بەلایەنێکی نەرێنی دادەنرێت، بەڵام هێشتە پرۆسەکە بەردەوامە و، وەک دەڵێن زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە، بەشێوازێکی دیکە کارەکان ئەنجام بدرێن، بۆ ئەوەی وا بکەن کە کۆچی پێچەوانە بێتە دی، ئەمەش بەقازانجی هەمووان تەواو دەبێت.


HADI HEIDARI

# کارکردن بەئاراستەی گەڕانەوەی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکە

هیوا عەباس

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیەک لە هاوردەکان لەبەر ئەوەی هەستیان کرد، کە لەسەر زەویوزاری خەڵکی مافخوراو نیشتەجێکرابوون گەڕانەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆیان، دواتریش بەهۆی قەرەبووکردنەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاوردەکان گەڕانەوە زێدی ڕەسەنی خۆیان، بەڵام ئەم پرۆسەیە ئەگەر کاری جدی و بەدواداچوونی بۆ نەکرێ درێژە دەکێشێت بەسانایی بەئاکام ناگات، بۆیە ئەمڕۆش بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان دیکە، بەپێی مادەی ١٤٠ لە دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ دەبێ بەچەندین ئاراستە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک و ئەو شوێنانە بکرێت بە ببێتە مایەی سڕینەوەی شوێنەواری عارەباندن، دیکتاتۆری، ئاسایکردنەوەی دیمۆگرافیای دەڤەرەکان، بەکۆتاهاتنی ڕەگەزپەرستی و پاکتاوی ڕەگەزی، دیارکردنی سنووری کارگێڕی ڕاستەقینەی پارێزگەکە و گەڕانەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی، ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان، ئەنجامدانی ڕاپرسیی بۆ دیارکردنی چارەنووسی کەرکووک بەمەبەستی جێبەجێکردنی قۆناخەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی پارێزگەی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان، هەموو ئەو ڕەوش و بارودۆخەی کە بەبڕیار و هۆکاری ڕەمیاری لە پشتەوە بووە، دەبێ بەبڕیاری سیاسی یەکلایی بکرێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو بڕیارانەی، کە لە لایەن ڕێژیمی بەعس و سەدام دەرچوون، بەمەبەستی دەست بەسەرگرتنی خانووبەر و زەویوزاری موڵکی کوردان. پاش وەرگرتنی بڕیار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی سەرەوە یاسایەکی نوێ دەربکرێت بۆ گەڕانەوە ئەو موڵکانە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان و، گەڕانەوەی ئەو قەزا و ناحییەنانەی لە پارێزگەی کەرکووک دابڕێنراون، کە ئەمە گرینگترین هەنگاوە، بەئاراستەی ئاسایکردنەوەی تەواوی پارێزگەکە بۆ دۆخی جارانی، هاوشێوەی ئەم دۆخەش لە پارێزگەکانی دیکە بوونی هەیە، دەبێ پێکەوە

بوروژێنرێن. دواکەوتنی مادەی ١٤٠ بووەتە مایەی نیگەرانی هاوولاتیانی ناوچە کێشەدارەکان و سیاسەتێکە لە سیاسەتەکانی عارەباندن و هەوڵدانە بۆ کەڵک وەرگرتن لە کات لە لایەن حکوومەتی بەغداوە، بۆیە دەبێ هەموو ڕێوشوێنەکان بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە بگیرێتە بەر، هەروەها دانانی کاتێکی دیارکراو بۆ چارەسەرکردنی هەموو سکاڵا و ناکۆکییەکان کە پێشکێش بەکۆمیسیۆنی کێشەی موڵکایەتی کراوە، کە خۆی زیاتر لە ٤٠ هەزار سکاڵا دەدات، کە تا ئێستە تەنیا لە ١٠٪ ی یەکلاکراوەتەوە، بێ گومان بەهەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق واتە ئەو زەوییانەی لە چوارچێوەی (لێژنەی کاروباری باکوری) سەردەمی بەعس و سەدام دەستییان بەسەرداگیرابوو بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان دەگەڕێتەوە، ئەم زەوییانەش دەکاتە نێزیکەی لە ٨٠٪ ی ئەو زەوییانەی لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، ئەمەش بەهەنگاوێکی گرینگ دادەنرێت بەئاراستەی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو دەڤەرانە و گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان، کە بۆ سڵانێکی دوورو درێژە پێشێلکاری دەرێتە سەریان، کە ئەمە زۆربەی ئاریشەکانی ددەستەی کێشەی موڵکدارێتی بەکۆتا دێنێت و ئاسانکارییە بۆ ئەو دەستەیە، ئەوەی ماوەتەوە پێوەندی بەو زەوییانەوە هەیە کە لەلایەن (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ی بەعس دەستی بەسەرداگیرا بوو، وا بڕیارە لە پەرلەمانی عێراق یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دامەزراندنی چەند کۆمیسیۆنییەکی دی یەکجار بەپێویست دەزانرێت بۆ پەلەکردن لە چارەسەرکردنی تەواوی ئەم کێشە و ئاریشانە. گواستنەوەی کارمەند و فەرمانبەران بەپلەی فەرمانبەریی خۆیان، بەفەرمی بۆ سەر میلاکی ئیدارەی پارێزگەی کەرکوک و ناوچە کێشەدارەکانی دیکە، کە ئەم هەنگاوانە زەمینەساز دەکات بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی عارەباندن.

جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستوور یاخۆ کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی تاکو ئێستە بەپێشێلکاریدەستوورتێتە ناسکرن، دەرکردنی بڕیار بەهەڵوەشاندنەوەی تەواوی بڕیارەکانی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس)، کە بووەتە مایەی دەست بەسەردا گرتنی هەموو ئەو ناوچە و زەوییە کشتوکاڵییانەی لە کەرکوک و قەزا و ناحیەکانی سەر بەم پارێزگەیە و تەواوی ناوچە کێشەدارەکانی دیکە، لەوانە دەست بەسەرداگرتنی مافی تەسەروف بەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە سەر بەدەڤەرە کوردنشینەکانن لە کەرکووک بەمەبەستی دابەشکردنیان بەسەر عارەبەکان لەوانە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە «بڕیاری ژمارە ٣٦٩ ی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٣١، بڕیاری ژمارە ٩٠٠ ی ڕۆژی ١٩٧٧/٨/١٠، بڕیاری ژمارە ٩٤٩ ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٢٣، بڕیاری ژمارە ١١٧ ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٥، بڕیاری ژمارە ٩٤٥ ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١»، پێویستە لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دادی حکوومەتی فیدرالییەوە بۆ سەرۆکایەتیدادگەیتێهەڵچوونەوەی کەرکووک و ئەو دادگەییانەی، کە سەر بەئەون، بڕیار و ڕێنمایی بدات بەڕاگرتنی هەموو کارێک بەبڕیاری ٤٢ لە ساڵی ١٩٨٦ لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە لە ڕاژەی سیاسەتی عارەباندندایە، لە کاتی ئێستەدا و دەرکردنی بڕیار بۆ گەڕانەوەی زەوی بۆ هاوردەکان و ئەو بڕیارانەی دادگە لەم بوارەدا، دەبێتە کۆسپێک لە ڕێی مادەی ١٤٠، هەوڵدانی جدی بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە، ئەرکی لایەنی پێوەندیدارە کاری جدی و بەپەلە، بەبڕیاری ئیدارەی پارێزگاکانیان پارچە زەوی نیشتەجێبوون بۆ هاوردەکان لەو ناوچانەی لێوەی هاتوون و یارمەتی بدرێن بۆ بیناکردنی خانوو

دامەزراندن لەسەرکار، هەروەها پێویست هەردوو حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بەجدی کار بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکانی دیکە و هەوڵدان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دابینکردنی کەرەستەی بیناسازی پێویست و قەرەبووکردنەوەیان لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە لەو زیانانەی لە ڕابردوو لێیان کەوتووە، هەوڵی تەواو بخرێتە گەڕ بۆ ڕاستکردنەوەی یاسای دەستەی کێشەی موڵکداری و خانووبەرە بەتایبەتی مادەی ٤ بۆ ئەوەی ئەو خانووبەرانەی دوای ١٩٥٨/٧/١٤ بگرێتەوە نەک لە ١٩٦٨/٧/١٧ لەبەر ئەوەی لە ناوچە کوردنشینەکان کاری دەستبەسەرداگرتن و ڕاگواستن لە دوای ١٩٥٨ دەستی پێ کرد.




# بەجێبەجێکردنی دەستوور عارەباندن پاشەکشە دەکات

**لاوەند بورهان**

هەڵوەشاندنەوەی بۆندە کشتوکاڵییەکان لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە بەهەنگاوێکی بوێرانەی درەنگ وەخت تێتە ناسین، بەڵام بووە جێگەی خۆشحاڵی پێکهاتەکانی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەت کورد و تورکمان، هەرچەندە هێشتە ئاستەنگ و تەنگوچەڵەی زۆر لە بەردەم تەواوی ئەو زەوییانەدا دەمێنێتەوە، کە بەبڕیاری (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی حزبی بەعس دەستییان بەسەردا گیرا بوو، بەوەی دەبێت بچێتە پەرلەمانی عێراق و لەوێ دەنگی لەسەر بدرێت بۆ ئەوەی بەتەواوی یەکلایی بکرێنەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گێچەڵ و کێشمەکێشی دیکەی بەدواوە دەبێت و بێ سەرئێشە نییە.

لە کاتێکدا بەپێی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئاماژە بۆ مادەی (٥٨) دەکات بەرپرسیارێتی دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری و خانووبەرە، لێرەوە پێویستە بایەخی زۆرتر بەو دەستەیە بدرێت بۆ گەیشتن بەچارەسەری تەواو و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بەتایبەتی بڕگەی (ا) لە مادەی (٥٨) کە تیایدا هاتووە: دەبێت مادەی (١٠) لە یاسای دەستەی سکاڵاکانی موڵکداری عێراقدا، ئەوانەی گوازراونەتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، بۆ شوێنەکانی خۆیان بگەڕێندرێنەوە و خانووبەرە و پێداویستی گوزەرانیان لە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان بۆ دابین بکرێت، هەروەها ئەم مادەیە چارەسەری مەزنترین کێشە دەکات و ئاسانکاری و زەمینەسازیش بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەدات، لەبەر ئەوەش عارەبەهاوردەکانی کەرکووک و ئاوارەکانیش دەبێت بۆ گەڕانەوەیان پێداویستی ئاکینجیبوون ژیان و گوزەرانیان بۆ دابین بکرێت، لەو شوێنانەی لێوەی هاتوون. بەڵام جێگەی داخە لە ڕاستکردنەوەی یاسای دەستەی موڵکداری ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٠٦) بەلای ئەم مادەیەدا نەچووە، کە مادەی (١٠)یە هەرچەند لە دەستووری هەمیشەییدا ئاماژەی بۆ کراوە، دەستەی کێشەی موڵکداری لە (١٨ / ٤ / ٢٠٠٤) دامەزرا، لە بەرایدا



لە لایەن پارێزگەوە سەرپەرشتی کرا، دواتر لە (٣٠ / ٦ / ٢٠٠٤) لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە پارێزگەی کەرکووکدا (٤) نووسینگە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی، کە ڕێژەی هەرە زۆری کارمەندانی ئەم نووسینگەیەش لەپارێزگەی کەرکووک عارەبەن و بەپلەی دووەمیش تورکمان و، بەپلەی سێیەمیش کورد دێت، نووسینگەی ناوەندی کەرکووک زیاتر لە (٢٠) هەزار کێشەی لەبەر دەستە، تەنیا نێزیکەی (٣) هەزار کێشە لەوانە چارەسەر کراوە، وا پێدەچێت ئیشوکارەکان لەبان پشتی کیسەڵێکی شەل برۆن بەڕێوە، بۆیە ئەگەر ئەم ئاراستەیە هەتا سەر بەردەوام بێت، دەیان ساڵی دیکەش ئەو کێشانە بەهەڵپەسێردراوی دەمێننەوە، بێ ئەوەی ڕێگە چارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، کە بەرپرسی یەکەمی تەواوی ئەو سستی و ئاستەنگانەی لە ئارادان بۆ وەزارەتە پێوەندارەکانی بەغدا و حکومەتی فیدراڵی عێراق دەگەڕێنەوە، کە لە ٨٠٪ی ئەو کێشانەی تاکو ئێستە چارەسەر کراون غەیرە کوردن!!!. پارێزگەی کەرکووک بەهۆی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە هەموو شارەکانی دیکە پڕ کێشە و گرفتترە، کێشەی زەوی کشتوکاڵی و خانووبەرەی زیاتر و جیاوازتریشە، گرێدانی پرس و کێشە و گرفتەکانی ئەم پارێزگەیە بەحکوومەتی بەغداوە، وایکرد ئاستەنگی زیاتر لەبەردەم دەستەی کێشەی موڵکداری سەرهەڵبدات، لەهەمان کاتدا دیارنەکردنی بودجەیەکی پێویست لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتووە، یاخۆ کاتی خۆی موڵکەکانیان لە لایەن حکومەتی بەعسەوە فرۆشراوە، یاخود دراوەتە خەڵکانی عارەب، کە ڕووبەری (١٢٠٣١٦٤) دۆنم زەوی بەبڕیارەکانی ژمارە (٩٧٣) لە ١٨ / ٨ / ١٩٨٥ و (٧٣٠) لـــــە ٢٤ / ٦ / ١٩٨٤ و (٩٠٠) لە ١٩٧٧/٨/١٠ و (٤٧٢) لە ٢٣ / ٤ / ١٩٨٥، دەستی بەسەردا گیرا و، دەیان هەزار دۆنم زەوی دیکەش بەناوی عارەبی هاوردە تاپۆکرا. ئەمە جگە لەوەی چەندان گەڕەکی کوردان لە ناوجەرگەی شاری کەرکووک لەگەڵ زەویدا تەختکرا، خەڵکەکەشی بەزۆرەملی ڕاگوێزران یاخۆ ئاوارەی شارەکانی دیکەی کوردستان و ناوەڕست و باشووری ئێراق کران، وەک خانووەکانی عەرەسەی گەڕەکی ساحەی تەیران و گەڕەکی جنگلاوە و چەندان گەڕەکی دیکە، ئەمە جگە لەوەی بەسەدان خانووی دیکە بەبیانووی جۆراو جۆری وەک چێکردنی شەقام دەگەڵ زەویدا تەختکران، ئەمە سەرباری ئەوەی سەدان خانوو بەرە دوکان و کۆگە و پێشانگەی جۆراوجۆر، کە حکوومەتی ڕەگەزپەرستی سەدام ڕێگەی نەدەدا بەناوی کوردان تاپۆ بکرێن، بۆیە ناچاردەبوون بەناوی عارەبەوە تاپۆی بکەن، تاکو ئەمڕۆ زۆرێک لەو کێشە و گرفتانە بەهەڵپەسێردراوی وەک خۆیان ماونەتەوە، ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس لە ماوەی نێزیکەی (٤٠) ساڵی فەرمانڕەوایکردنیدا بەمەبەستی شێواندنی باری دیموگرافی پارێزگەی کەرکووک بەهەردوو بڕیاری (٦٠٨) لە ٦ / ١١ / ١٩٧٥ و بڕیاری (٤١) لە ١٩ / ١ / ١٩٧٩ سنووری پارێزگەی کەرکووکی بەشێوەیەک بەرتەسککردەوە و لە کۆی (٧) باژێڕ و (٢٣) شارۆکە و (١٤٣٨) گوند تەنیا (٣) باژێڕ و (٩) شارۆکە و (٥٩٠) گوند لەسنووری ئیداری پارێزگەی کەرکووک ماوەتەوە، کە ئاسایکردنەوەی ئەم دۆخەش پێویستی بەبوێری و دەسپێشخەری و نیازپاکی لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە هەیە، بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە ئێستە دەگەڵ دوێنێ جیاوازترە، هەروەها چێکردنی پاڵەپەستۆی زیاتر لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەهەماهنگی کارکردنی نێوان حزب و لایەنە کوردستانییەکان بەئاراستەی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەپەلە دەکات لە جێبەجێکردنی ئەو نەخشە ڕێگەیەی کە دەستوور دەست نیشانی کردووە.

# با هەموو پێکهاتەکان پشتگیری دەستوور بکەن

**وریا شێخ بزێنی**

پارێزگەی کەرکووک بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ و بەر لە دابڕانی باژێڕو شارۆکەکانی پێکهاتبوو لە: باژێڕی کەرکووک، کە پێکهاتبوو لە ٤ شارۆکە و ٥٦٨ گوند، ژمارەی دانیشتوانەکەی ٨٥١ ٢٢١ هەزار کەس، باژێڕی کفری: پێکهاتبوو لە ٤ شارکە و ٣٧٧ گوند و ژمارەی دانیشتوانەکەی ٦٤١٣٥ کەس بوو، باژێڕی خورماتوو: پێکهاتبوو لە ٦ شارۆکە و ٢٣٧ گوند و ژمارەی دانیشتوانەکەی ٦٨٥٥٤ کەس بوو. باژێڕی چەمچەماڵ: پێکهاتبوو لە ٢ شارۆکە و ٢٢٠ گوند، ژمارەی دانیشتوانەکەی ٣٤٢٩٩ کەس بوو، باژێڕی حەویجە: پێکهاتبوو لە ٢ ناحیە و ١٢٨ گوند، باژێڕی دووبز: پێکهاتبوو لە ٣ ناحیە و ١٠٩ گوند.

پارێزگەی کەرکووک دوای دابڕانی باژێڕ و شارۆکەکانی بەهەردوو بڕیاری ژمارە ٦٠٨ لە ٦ / ١١ / ١٩٧٥ و بڕیاری ژمارە ٤١ لە ١٩ / ١ / ١٩٧٦ هەر سێ باژێڕی چەمچەماڵ، کەلار و کفری بەبڕیاری ٦٠٨ و خورماتووش بەبڕیاری ژمارە ٤١ بەسەرجەم شارۆکە و گوندەکانییەوە، کە پێکهاتبوو لە ١٤ شارۆکە و ٨٤٨ گوند خرانە سەر سنووری پارێزگەکانی سەڵاحەدین، دیالە و سلێمانی، کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کەس دەبوون، ڕووبەرەکەی لە ٢٠٣٥٥ کیلۆمەتر دووجا، کراوەتە ١٠٠٢٣ کیلۆمەتر دووجا، کە ڕووبەری ١٠٣٣٢ کیلۆمەتر دووجای لێ دابڕا، کە بەم شێوەیە: ناوەندی یاخۆ باژێڕی کەرکووک ١٦٦٩ کیلۆمەتر دووجای لێ دابڕا، باژێڕی چەمچەماڵ ٢٤٥٤ کیلۆمەتر دووجا بوو لێی دابڕا، باژێڕی خورماتوو ٥٦٩٦ کیلۆمەتر دووجا بوو لێی دابڕا، هەردوو باژێڕی کفری و کەلار ٥٢١٤ کیلۆمەتر دووجا بوو لێی دابڕا، ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام لەپێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگەی کەرکووک و بەرتەسکردنەوەی سنووری پارێزگەکە چەندان سیاسەتی نەژادپەرستی ئەنجامدا، لەپێناو گۆڕینی دیمۆگرافیای دەڤەرەکە، لەوانەش گواستنەوەی تۆمارکاری شارستانی شارۆکەکانی «شوان، قەرەحەسەن، لەیلان و قادر کەرەم» بۆ پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان، کە برێتین لە ٢٥٧ گوند، کە



سەرجەم دانیشتوانەکەی لە ٧٠ هەزار کەس پتر بوو، گواستنەوەی تۆمارکاری شارستانی باژێڕەکانی پارێزگەی کەرکووک بۆ پارێزگەکانی عێراق و کوردستان بەم شێوەیە:- «کفری خرایە سەر پارێزگەی دیالە، خورماتوو خرایە سەر پارێزگەی سەڵاحەدین، چەمچەماڵ و کەلار خرانە سەر پارێزگەی سلێمانی».

نووسینگەی باژێڕی داقووق: لە کۆی زیاتر لە ١٩٠٠ کێشە نێزیکەی ٢٠٠ کێشەی چارەسەر کراوە، کەواتە دامەزراندنی دەستەی کێشەکانی موڵکداری و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ئاکامی دنیایەک گۆڕانکاری ناڕەوا لە سنووری پارێزگەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان دەستدرێژیکردن و پێشێلکاری حکوومەتی سەدامەوە دەهەمبەر کوردان بەتایبەتی ئەنجامدراوە، تاکو هەم بەدواداچوون و لێ پێچینەوە لە تەواوی ئەم کێشە و ئاریشانە بکرێت، هەمیش لە ڕێگەی یاساو دەستوورەوە ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ تەواوی ئەو پرسە هەڵپەسێردراوانە دۆزیوەتەوە، کە ئەم کێشە و گرفتانەش مادەی ١٤٠ بەنەخشە ڕێگەی تەندروست دادەنرێت، وا دەکات ماف بۆ خاوەن ماف بگەڕێتەوە، لەمە زیاتر هەر دواخستن و خۆگنخاندنێکیش لەو ڕووەوە پێچەوانەی خواستی زۆرینەی گەلانی عێراق و کوردستانە، کە دەنگیان بەدەستوور داوە، هەر بۆچوونێکیش پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە بێت، ناتوانێت زەمینەسازی بەرەو پێکەوە ژیانی و یەکدی قبوڵکردن و جیاوازییەکان بێنێتەدی، ڕەنگە سیستەمی فیدراڵی و پرۆسەی دیموکراتی و ڕامیاری بکەوێتە مەترسییەوە، بەمەش داهاتووی ئاشتی و ئارامی و دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و مەودایەک نامێنێتەوە بۆ یەک پارچەی ئەو وڵاتەی پێی دەڵێن عێراق.

# ڕاستییەکان هەرگیز ناشردرێنەوە

مەسعوود مەلا فاتیح

نەتەوە جیاجیاکانی کەرکووک بەتایبەت هەردوو پێکهاتەی کورد و تورکمان بەردەوامن لەسەر هەوڵەکانی خۆیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەواوی بڕیارەکانی سەردەمی حزبی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر، کە تاکو ئێستە بووەتە مایەی دەست بەسەرداگرتنی ڕووبەرێکی یەکجار فرەوانی زەویوزار کە خۆی لە یەک ملیۆن و دووسەد هەزار دۆنم زەوی دەدات، کە بەگەڕانەوەی ئەم زەوییانەش بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان وا دەکات پەیتا پەیتا شوێنەواری عارەباندن بەرەو ئاوابوون بچێت، بەڵام عارەبە شۆڤێنییەکان هەڵ دەدەن عارەباندن درێژەی هەبێت، ئەوان ئێستە هەموو هەوڵەکانی خۆیان چڕکردووتەوە و هەڕەشە دەکەن و هەندێکیان لێدوانی هێستیریا ئامێز دەدەن وەک ئەوەی لە سەردەمی حزبی بەعس و سەدامدا بن، ئەمەش لەوێوە دێت کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی هەڵوەشاندەوە، کە بەبڕیاری لێژنەی کاروباری باکور دەستییان بەسەرداگیرابوو، بۆیە ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشی سەردەمی حزبی وەک خۆیان بمێنێتەوە، ئەوانەش ئەو زەوییانەن، کە پشتێنەی کەرکووکن، پێویستە لە لایەن پەرلەمانی عێراق هەڵوەشێنەوە و ڕادەستی خاوەنە ڕەسەنەکانیان بکرێنەوە، بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، هەر تەنیا لە سنووری پارێزگەی کەرکووک زیاتر لە یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆنم زەوی داگیرکراوە، کە بەشە شێری ئەم زەوییانە کراوەتە موڵکی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو زەوییانەی دەمێنێتەوەش دراوەتە وەزارەتەکانی بەرگری، ئابووری و نەوت، کە پتر لە ٣٠٪ ئەم زەوییانە پێکدەهێنێت، ئەوەی دەمێنێتەوەش کە دەکاتە لە ٦٠٪ ی ئەو زەوییە داگیرکراوانە بەدەست ئەو کەسانەن، کە بەپێی بڕیارەکانی حزبی بەعس پێیان دراوە یاخۆ داگیریان کردوو، بۆیە ئەمڕۆ ئەو کەسانەی زەوییەکانیان داگیر کراوە ناتوانن لەمە زیار بێ دەنگ بن، بۆیە ئەوە دەیان ساڵە خەڵکانێک لێی سوودمەند بوون، لەبی ئەوەی داوای لێبوردن بکەن، کەچی هێشتە داکۆکی لە عارەباندن

دەکەن، هەوڵی شێتانە دەدەن.

هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی لیژنەی کاروباری باکوری حزبی بەعس لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دۆنم زەوی دەگرێتەوە، بێ هیچ ئاریشەیەک دەبێ بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، بۆیە ئەم بڕیارەی حکوومەتی فیدراڵی دەبێ بەزووترین کات بچێتە واری جێبەجێکردنەوە و بەکردەنی ئەم بڕیارە وەک خۆی ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ئەو زەوییانە بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنەوە، بەپێی بڕیارەکە هەر زەوییەکیش بینا یاخۆ داودەزگەی حکوومەتی لەسەر چێ کرابێت، ئەوا خاوەنەکەی قەرەبوو دەکرێتەوە، بێ گومان ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق تایبەت نەکراوە بەتەنیا بۆ کەرکووک، بەڵکو تەواوی ئەو زەییانە دەگرێتەوە، کە لە سەردەمی حزبی بەعس بەشێوە و شێواز جیاواز و بەبڕوبیانوی جۆراوجۆرەوە داگیرکرابوون، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، کە کاتی خۆی لیژنەی باڵای مادەی ١٤٠یش بڕیاری لەسەر گەڕانەوەی ئەو زەوییانە دابوو، کە دەبێ بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان، کە کورد و تورکمانن بگەڕێنەوە، بەڵام ئێستەشی دەگەڵدا بێت ئەو زەوییانە بۆ خاوەنەکانیان نەگەڕاونەتەوە، بۆیە پێویستە هەموو هەوڵەکان بەئاراستەی گەڕانەوەی ئەم زەوییانە بێت و هەموو ڕێگە یاسایی دەستوورییەکان بگیرێنە بەر لەو پێناوەدا چونکە لمە زیاتر خەڵک بێ دەنگ نابن، ئەگەر بخوازین عێراقی نوێ جێگەی هەموومانی تیادا ببێتەوە دەبێ دادپەروەری و یاسا ڕێوشوێنی خۆی وەربگرێت، بۆیە ئێمە دەڵێین، لە ڕاستیدا دەبوایە داواکاری لەسەر ئەو کەسانە تۆمار بکرێن و بدرێنە دادگە و ئەو ماوەیەی لەو زەوییە سوودمەندبوون یاخۆ بەهەر شێوازێک داگیریان کردووە، لەبەرابەردا غەرامە

> **کاتی خۆی لیژنەی باڵای مادەی ١٤٠ایش بڕیاری لەسەر گەڕانەوەی ئەو زەوییانە دابوو، کە دەبێ بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان، کە کورد و تورکمانن بگەڕێنەوە، بەڵام ئێستەشی دەگەڵدا بێت ئەو زەوییانە بۆ خاوەنەکانیان نەگەڕاونەتەوە**

بکرێن و پێیان ببژێردرێت، ئەمڕۆ خاوەن ماف دانی بەخۆیدا گرتووە و داوای هیچ ناکات تەنیا گەڕانەوەی زەویوزارەکانی نەبێت، لەم پێودانگە مرۆییانەوە پێویستە ئەو کەسەی یاخۆ ئەو لایەنەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو سوودی لەو زەوییە وەرگرتوو ەو تاکو ئێستە بەکاری هێناوە، بەسوپاس و داوای لێبووردنەوە بۆ خاوەنەکەی بیگەڕێنێتەوە، نەک هەوڵی ئەوە بدات ئەو دۆخە وەک خۆی بمێنێتەوە بۆیە ئەگەر ئەو کەسانە و ئەو لایەنانەش ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک تا دوێنێ داکۆکییان لەو کەسانە کردووە و دەکەن، پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە و لەمە زیاتر هەوڵی زەوتکردنی زەوی خەڵکی دیکە نەدەن چونکە بۆیان ناچێتە سەر خوڵکیش لێیان قبوڵ ناکات، کەواتە لەپێناو یەکدی قبوڵکردن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە پێویستە تەواوی بڕیارەکانی سەردەمی حزبی بەعس و سەدام بێ هیچ مەرجێک هەڵوەشێنەوە، کە هەر ئەم ئاراستەیە لەخزمەت هەموواندایە، هەر ئەم سیاسەتەش لەبەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتیدایە.

بۆ زاتار تیشک خستنە سەر ئەم لایەنە و، بۆ ئەوەی بەبەڵگەی ڕاست و دروست بۆچوونەکانمان بسەلمێنین، ئەو بڕیارانەی ئاماژەیان پێ دەکرێت مشتێکە لە نموونەی خەروارێک، کەواتە ئەم بڕیارانە بەمەبەستی دەست بەسەرگرتنی زەویوزاری کورد و تورکمان لە سەردەمی دیکتاتۆرییەت دەرچووە لەوانەش بڕیاری لیژنەی شیمال ژمارە (٥٠٤١) لە ١٩٨٥/١٠/٢٣ و، نووسراوی ژمارە (٤٨٥٩) لە ١٩٨٠/٨/٢٣، نووسراوی (نیشتەجێبوونی سەربازی) ژمارە (١٧٤٥) لە ١٩٩٢/٣/٢٣، نووسراوی

(دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار) ژمارە (٦٠٤٨) لە ١٩٩٤/٣/١٢، نووسراوی (دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار) نهێنی و تایبەت، کە بەفەرمانی خودی سەدام (سەرۆک کۆمار)ی لێخراو دەرچووە بەژمارە (٣١٤٦٢) لە ١٩٩٤/٩/٤، نووسراوی جێگری سەرۆکی وەزیران، ژمارە (١٣٦) لە ١٩٩٥/٧/٧، نووسراوی جێگری سەرۆکی وەزیران (نهێنی وتایبەت) ژمارە (٧١) لە ١٩٩٥/١/٢٥)، بەپێی ئەو بڕیارانەش پتر لە ملیۆنێک و دووسەد هەزار دۆنم زەوی دەستی بەسەردا گیرا. هەروەها دەرکردنی بڕیاری بەموڵککردنی دەوڵەت بۆ (ڕاژەی گشتی ) ژمارە (٣٦٩) سالی ١٩٧٥، کە تیایدا نێزیکەی (١٤٠) هەزار دۆنم زەوی کورد و تورکمان بەسەر هۆزە عارەبەکانی دەوروبەری پارێزگەی کەرکووک، بەپێی یاسای ژمارە (١١٧) سالی ١٩٧٠ دابەشکرا، دواتریش خەڵکە ڕەسەنەکەی بەزۆرەملێ ڕاگوێزران، پاشان دەرکردنی بڕیاری بەمولککردنی ژمارە (٨٢٤) لە ١٩٧٦/٧/٢٨ بەگوێرەی ئەم بڕیارە هەموو ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی خاوەنەکانیان کورد بوون، بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵ تۆمارکرا، دواتر بەسەر عارەبە هاوردەکانی هەردوو پارێزگەی دیالە و سەلاحەدین دابەشکران، بڕیاری ژمارە (٩٤٩) لە ١٩٧٧/٨/٢٣ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)، کە تیایدا هاتووە :بەموڵککردنی (١٣) گوند بۆ وەزارەتی دارایی تۆمارکرا.دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١٠٦٥) لە ١٩٧٨/٨/١٣ دەربارەی کوژاندنەوەی ئەو زەویانەی مولکی کورد و تورکمانە شیعەکانە و هەمووی زەوی کشتوکاڵین بۆ وەزارەتی بەرگری تەرخانکرا، لەدوایدا بەعس بۆ عارەبی هاوردە گرێبەستی ئەنجامدا، بەپێی نووسراوی ژمارە (٣٥٢٤) لە ١٩٧٤/٤/١٦ فەرمانیدا بەکوژاندنەوەی ئەو زەویانەی موڵکی کوردن، دەستیان بەسەردا گیرا،دواتر لە سەروبەندی سیاسەتی شوومی عارەباندن، بەسەر هۆزە عارەبەکان دابەشکران. بەپێی بڕیاری ژمارە (١٨٩) لە ١٩٧٩/٢/١٥ دەست بەسەر رووبەرێکی دیکەی زەویوزاری لە چەند گوندێکی کورداندا گیراو، بەسەر ژمارەیەک هۆزی عارەب دابەشکرا، ڕێنمایەکانی (لێژنەی کاروباری باکور)ی حزبی بەعس ژمارە (٥٠٤١) لە ١٩٨٥/١٠/٢٣ دەرچووە، کە تیایدا دەبێژێت «دەبێ پابەند بن بەناوەرۆکەکەی»، کە ئەویش بەموڵککردنی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی دابەشکراوە بەسەر عارەبە هاوردەکان، هەر یەکە (١٠٠) دۆنم و نابێت بیفرۆشێت، هەروەها گواستنەوەی کوڕە سەربازەکانی عارەبەهاوردەکان بۆ ئەو شوێنانەی، کە نێزیکی ماڵی خۆیانن، هاوپێچ گواستنەوەی ناسنامەی «باری شارستانی»ی ساڵی (١٩٧٥) بۆ پارێزگەی کەرکووک، دابەشکردنی عارەبەهاوردەکان بەسەر کۆمەڵگەی نیشتەجێکردن و هەریەک ئۆتۆمبیلیکیان پێ بدرێت، بەپێی نووسراوی ژمارە (٤٨٥٩) لە ١٩٨٠/٨/٢٣ و، بەپێی بڕیاری ژمارە (٩٤٩) ساڵی ١٩٧٩ ئیستملاک کراون، هەروەها ئاماژە دراوە بەنووسراوی ژمارە (٤٩) لە ١٩٨٦/٣/١٠.دیارە لە ئاکامی ئەم هەموو پێشێلکارییانەوە مادەی ١٤٠ بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی هاوشێوەی لە دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بەچوار قۆناخ دەبێ کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو شوێنانە بکرێت، کە برێتییە لە سڕینەوەی شوێنەواری دیکتاتۆری و پاکتاوی ڕەگەزی و، دیارکردنی سنووری کارگێڕی پارێزگەی کەرکووک و ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان و ڕاپرسییەک بۆ دیارکردنی چارەنووسی پارێزگەکەجێبەجێکردنی قۆناخەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی پارێزگەی کەرکوک بەپێی ئەم نەخشە رێگەیە، هەموو ئەو بڕیارانەش بەمەبەستی عارەباندن هۆکاری رامیاری لە پشتەوە بوو، پێویستە هەر بەبڕیاری رامیاری چارەسەر بکرێن، وەک هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو

بڕیارانەی، کە بەمەبەستی ئیستملاک دەرچوون، هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بڕیارانەی، کە بووەتە مایەی کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە تایبەتانە و سەرجەم ئەو ڕێنماییانە، کە کاتی خۆی لە (سەرۆکایەتی کۆمار و لێژنەی کاروباری باکور) بەمەبەستی دەست بەسەرگرتنی زەویوزاری دەرچوون، پاش وەرگرتنی بڕیار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە، هەرچەندە زۆرێک لەو بڕیارانەش هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستە کاریان پێ ناکرێت، بەڵام لە دەسپێکی هەموو ئەوانەش گەڕانەوەی شارۆکە و باژێڕ و گوند و دەڤەرە دابڕاوەکانە، کە ئەمە گرینگترین هەنگاوە، تەنانەت هیچ بودجەیەکیشی گەرەک نییە، چۆن کاتی خۆی بەبڕیاری رامیاری لە پارێزگەکانیان دابڕاون، هەر بەبڕیاری رامیاریش دەتوانرێت لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە چارەسەر بکرێن، مانەوەی ئەم هەموو کێشانە مایەی نیگەرانییە، هەر بۆ نموونە سکاڵاکانی کێشەی موڵکدارێتی، کە پێشکێش بەکۆمسیونی چارەسەری کێشەی موڵکایەتی کراوە، خۆی زیاتر لە (٤٠) هەزار سکاڵا دەدات، کە تا ئێستە تەنیا لە (١٠٪) ی یەکلاکراوەتەوە، بۆیە پێویستە چەندین دەستەی کێشەی موڵکدارێتی دروست بکرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، لەهەمان کاتدا دەبێ خێزانە هاوردەکان ئاسانکاریان بۆ بکرێت، بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی لێوەی هاتوون و زەوی نیشتەجێبوونیان پێ بدرێت بۆ بیناکردنی خانووبەرە و گواستنەوەی ئەوانەی کارمەندی حکوومەتن و دۆزینەوەی هەلی کارکردن بۆ بێکاران، کە هەموو ئەمانە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت.هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکانیش بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، پێویستە لەبەراییدا هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی گوند و شارۆکەکان بدرێ و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێێو قەرەبووکردنەوەیان لەو زیانانەی لێیان کەوتووە.بۆیە پێویستە هەوڵی تەواو بخرێتە گەڕ بۆ هەموارکردن و پەلەکردن لە یاسای دەستەی کێشەی موڵکداری و خانوو بەرە بەتایبەتی ماددەی (٤) بۆ ئەوەی ئەو خانوبەرانەی دوای ١٩٥٨/٧/١٤ بگرێتەوە نەک لە ١٩٦٨/٧/١٧ لەبەر ئەوەی لە ناوچە کوردنیشینەکان کاری دەستبەسەرداگرتن و ڕاگواستن لەو سەردەمەوە دەست پێکراوە. کۆی هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە وا دەکات، هەموو هەوڵەکان بەئاراستەی سڕینەوەی سیاسەتی عارەباندن بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. لێرەوەو دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییە، کە سیاسەتی عارەباندن و سیاسەتەکانی هاوشێوەی وەک سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و ڕەگەزپەرستی، هەرگیز ژیان تەزکیەی ناکات و، هەردەم ڕووبەڕووی شکستی بووەتەوە و دەبێتەوە، هەروەها ئەو جۆرە ئاراستانە بەردەوام ماڵوێرانی بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت، ڕق و کینە و ئاژاوە و پەشێوی تەنگژەی جۆراوجۆر لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگە دیموکراتی و پێشکەوتووەکانی دنیا، هەوڵی بێ پەروا بدەن هەم بەئاراستەی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئەم سیاسەتە نەگریسە و، هەمیش پاڵپشتی ئەو کۆمەڵگانە بکەن، بۆ ڕیشەکێشکردن و بەکۆتاهێنانی ئەم سیاسەتە چەوت و چەوێڵانە لە تەواوی دنیادا، چونکە مانەوەی ئەم ئاراستەیە لە کۆمەڵگەدا، پێشێلکارییەکی زەق وئاشکرای مافەکانی مرۆڤ و مافی میللەتانە، لە سەردەمێکدا، کە دنیا بانگەشەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو ئاسوودەیی سەرفرازی و ڕێز لەیەکدی گرتن و، جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ ومافی هاووڵاتیان دەکات.

# گرفتەکانی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان بەردەوامن

هەڵۆ کەرکووکی

کوردستان بەدرێژایی مێژوو بەچەندان قۆناخی دژواردا گوزەریکردووە وڵاتی ئێمە بۆ چەندان سەدە بووبووە سەرزەمینی ململانێی نێوان ئیمپراتۆرییەتە شەڕانگێزەکانی ناوچەکە، بۆیە زۆربەی دەورانەکانی مێژوو خاکی وڵاتی ئێمە دووچاری داگیرکاری و وێرانکاری و کارەساتی جەرگبڕ بووەتەوە، لە لایەن وڵاتانی دراوسێ و شاڵاو پەلامارکانی گەلانی دیکەوە ، لەم هێرشە خوێناویانەشدا تەنیا خەڵکە بەشمەینەتەکە دەبوونە قوربانی ئەو جەنگ و پێکدادانانە، کە هەر تەنیا سامانی ئەم وڵاتەیان تاڵان نەدەکرد، بەڵکو دەسەڵاتی خۆیان دەسەپاندە سەر شوێنە دەوڵەمەند و بەرهەمدارەکان و هەوڵیان دەدا، لەو ناوچە نوێیانەدا نیشتەجێ بن، هەر بۆیە لە دەورانە جیا جیایەکانی مێژوودا بەسەدان هەزار خانەوادەی کوردانیان لە زێدی ڕەسەنی خۆی ئاوارەی وڵاتانی دیکە کرد یاخۆ بەخورتی ڕەوانە دەکران، هەندێک جاریش لە ترسان یاخۆ لە برسان، کە ئەو ڕەوشە دژوارو ئاڵۆز و ناهەموارەش هەر خۆیان دروستیان کردبوو، لە هەندێ جاری دیکەشدا شاربەدەر و ناچاردەکران بۆ دەڤەرێکی دی بگوازێتەوە، لە دیرۆکی نێزیکی کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم ڕەفتارە بووە خەسڵەتی هەرە دیاری ئەو حکومەتە دڕندانە، تەنانەت لەتەواوی پارچەکانی کوردستانیشدا، هەر لەم سەروبەندەشدا حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام بەتایبەتی بەئاراستەیەکی ترسناک ڕاگوێزانی بەزۆرەملێی ئەنجام دەدا، یاخۆ خەڵکانی ئاوارەی ناوچە بیابانییەکانی ناوەڕاست و باشوور و ڕۆژئاوای عێراق و وڵاتانی دیکە دەکرد ئەم سیاسەتە قێزەونە تا ساتەوەختی ڕووخانی دیکتاتۆرییەت درێژەی هەبوو بەزەقیش پەیڕەو دەکرا، کۆی هەموو ئەم کار و ڕەفتارە کرێت و قێزەونانەشی عارەباندنی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بوو، ئەمڕۆش بە شێوازێکی دیکە عارەباندن لە کەرکووک ناوچە کێشەدارەکان ئامادەگی هەیە .

یەکەمین جەنگی جیهان و داگیرکردنی عێراق لە لایەن بریتانیاوە، دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتی

نوێی عێراق و لکاندنی کوردستان پێیەوە بێ ویست و ئارەزووی گەلی کوردستان و هێنان و سەپاندنی پاشایەک بۆ ئەم قەوارە نوێیە لە دەرەوەی پێکهاتەکانی گەلانی عێراق و کوردستان، پێشێلکردنێکی زەق بوو دژ بەخواست و داخوازییەکانی گەلانی عێراق بەگشتی و میللەتی ئێمە بەتایبەتی، بەڵام سەرباری ئەو زوڵمە مێژووییە، لەبری ئەوەی هاوسەنگی و دادپەروەرییەک لە بەرامبەر تەواوی پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی فەرهەم بکرێت، بەڵکو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم قەوارە دروستکراوە ،بەتایبەتی رژێمی دیکتاتۆری سەدام بەشێوەیەکی دڕندانەو نامرۆیانە کەوتنە وێزەی گەلی کوردستان، بەدرێژایی نێزیکەی ٤٠ ساڵ، میللەتی ئێمە بووە قوربانی سیاسەت و ڕەفتارە چەپەڵەکانی ئەو رژێمە رەگەزپەرست و شەڕانگێزە، بەتایبەتی بەرامبەر بەپارێزگەی کەرکوک سیاسەتێکی ترسناک پیادەکرا، هەر لە عارەباندن، ڕاگوێزانی بەزۆرەملێ، دابەشکردنی کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردان بەسەر عارەبی هاوردە و تەختکردنی سەدان گوند و چەندان شارۆکەی پارێزگەکەوە بگرە تا دەگاتە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی، کە لە ئەنفالدا خۆی بەرجەستە دەکات.

ساڵی ١٩٥٨ حکوومەتی عێراق بەناوی چاکسازی کشتوکاڵییەوە دەستیان گرت بەسەر هەزاران دۆنم لە زەویوزاری کوردان لە پارێزگەکانی کەرکووک، دیالە و موسڵ، دواتر بەپێی خواستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی لە نێوان ساڵانیی ١٩٥٨– ٢٠٠٣ بەسەر عاربە هاوردەکان دابەشکرا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعییە سەدامییەکان چەند یاسایەک دەرکرا، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشە جۆراو جۆرەکان لە تەواوی عێراق، بەتایبەتی لەو دەڤەرانەی ئاستەنگی لەسەرە و یەکلانەکراوەتەوە، لەوانەش پارێزگەی کەرکوک. بۆ بەدواداچوونی تەواوی ئەو گرفتانەش دەستەی کێشەکانی موڵکداری هاتە دامەزراندن، لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانێتی کاتی بەپێی ژمارە ١٢ لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی موڵکداری لە ڕێگەی یاساوە، لە مادەی ٩ هاتووە سیستەمی سکاڵاکان÷ لە سکاڵاکانی نێوان ١٩٦٨/٧/١٧ تا ٢٠٠٣/٤/٩ دەپێچێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات، هەروەها سامانە نەگوازراوەکان و دامەزراوەکانیش دەگرێتەوە و مافی پێکهاتن و ئەرک خستنە سەر موڵکی زەویوزارو پێکهاتن لە موڵکی زەویوزار، خاڵێکی دیکەش کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەر داگرتن و بلۆککردن و داماڵینی موڵک و بەموڵککردن بەنرخی کەمتر لە ئاستی نرخی براوە، بەبەکارهێنانی زۆرەملێ و ڕێگەکانی دیکەی دەست بەسەرداگرتن لە لایەن حکوومەتەکانی پێشووی عێراق، کە ئەو دەست بەسەرداگرتنەش چاکسازی کشتوکاڵی و، ئەو انەی بۆ سوودی گشتی بەکارهاتوون ناگرێتەوە، وێڕای ئەو دەسبەسەرداگرتنانەی لە دژی نەیارانی حکوومەتەکانی عێراق یان لەسەر بنەمای ڕەگەزی، ئاینی و ئاینزایی یاخۆ بۆ ئەنجامدانی جینۆساید بەکار هاتوون.

لە مادەی ١٠ هاتووە: ئەوانەی لە خانوو و تەلار و دامەزراوەکانی حکوومەت بەر لە ٢٠٠٣/٤/٩ ، کە بەپێی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لەو ناوچانەدا ئاکینجیبوونە، دەکارن بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەو گرفتانە یەکلایی بکەنەوە «چارەسەری دادوەری یاخۆ قەرەبووکردنەوە لە لایەن حکومەتەوە یان حکوومەت خانووی نوێیان بۆ چێ دەکات لە نێزیک ئەو شوێنە ڕەسەنانەی لێی نیشتەجێبوون لە پارێزگەکان یاخۆ لەو دەڤەرانە، کە لێوەی هاتوون، هەروەسا قەرەبووی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانە دەکرێن»، هەرچەندە بەکردەنی تاکو ئێستە ئەم پێنگاڤانە فەراهەم نەکراون، هەر بۆیە ئەمە وایکردووە تاکو ئێستە ژمارەیەکی زۆری عارەبە هاوردەکان لە کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان ماونەتەوە، ئەمەش وا دەکات بۆ ماوەیەکی دوورتر تەواوی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەهەڵپەسێردراوی بمێننەوە، سەرەنجامیش عارەباندن ڕنگدانەوەی دەبێت و شوێنەوارەکانی بۆ ماوەیەکی دوورتریش دەمێنێتەوە.



# عارەباندن ئەو مۆتەکەیەی تاکو ئێستەش نەڕەویوەتەوە

سامان عومەر

هەموومان پێمانوابوو، کە هەر دەگەڵ رووخانی رێژیمی دیکتاتۆری سەدام و حزبی بەعس و لەبەر یەکهەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزە زل و زەبەلاحەی حکوومەتەکەی سەدامی دیکتاتۆر و گۆڕ بەگۆڕ، مۆتەکەی عارەباندنیش دەڕەوێتەوە، کە بەدرێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و، بەتایبەتیش لەسەردەمی رێژیمی ڕەگەزپەرستی بەعسی رووخاودا دڕندەترین تاوان چ لە گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان وەکو عارەباندنی دەڤەرە دابڕاوەکانی وەک پارێزگەی کەرکووک، خانەقین، شەنگال و مەخموور و چەندان شوێنی دیکەی کوردستان یاخۆ گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی و شێواندنی کولتوور و مێژووی کورد و نەتەوەکانی دیکەی عێراقدا، تا دەگاتە ڕاگواستنی بەزۆرەملێ و سووتماککردنی خاکی کوردستان نەسڵەمیوەتەوە.

ئەم رێژیمە دەستی نەدەبوارد، لە ئەنجامدانی تاوانی قێزەون و چەپەڵانە دژ بەگەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی، دیارە لە دوای رووخانی دیکتاتۆرییەت لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ەوە گەلانی عێراق بەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانییەوە خەریکی بونیادنانەوەی داودەزگەکانی دەوڵەتی عێراقن لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵی، کە مافی هەموو نەتەوە، ئاین و ئاینزاکان دەستەبەر بکات، هەر بۆیە لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێدا، پێویست دەکات، ئەو ئاریشە و پرسە مێژووییانەی درزی گەورەیان کردووەتە نێوان پێوەندییەکان و پێکەوە ژیانی کورد و عارەب بەتایبەتی، دەبێ بەوپەڕی حەکیمانە و بەرپرسیارانە سەودایی لەتەکدا بکرێت، کە ئەو پێوەندی و گرژییانە دەمارگیری و بیرکردنەوە شۆڤێنییانەی رێژیمی بەعس و دیکتاتۆرەکەی چێی کردبوون، کە نها دەستوور رێگەچارە و نەخشە رێگەی گونجاوی بۆ دەست نیشان کردوون، کە ئەویش سیستەمی فیدراڵییە، کە ئەم سیستەمەش بۆ ئەم قۆناخە گونجاوە، لەهەمان کاتدا کەمترین ماف و خواستەکانی گەلی کوردستانی دابین کردووە، چونکە هەموو ئەو قوربانیدان و خوێن و فرمێسکانەی گەلی ئێمەدای ل پێناو

دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانیدا، فیدراڵییەت کەمترین خواستەکانی میللەتی ئێمەیە لەم قۆناخەدا، چونکە میللەتی ئێمە بەتەواوی پێکهاتەکانییەوە ئارەزوومەندانە مانەوەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدڕاڵییەت هەر لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەکانی دەکات ڕاگەیاندووە.

لێرەوە دەبێژین بۆ ئەوەی عێراقی ئەمڕۆ، عێراقی هەمووان بێت و جێگەی هەموانی تیادا ببێتەوە بەبێ جیاوازی، دەبێ تەواوی مادە دەستوورییەکان جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی هەموومان بەتەواوی هەست بکەین، کە ئەم وڵاتە بەڕاستی بووەتە وڵاتێکی فیدراڵی، نەک بەتەنها لەلایەن (من)ی کوردەوە.

دەبێ مادەکانی دەستوور بەوپەڕی بوێرییەوە جێبەجێ بکرێن، تاکو تەواوی تاکەکانی ئەم وڵاتە، کە بەپێی دەستوور، وڵاتێکی فیدراڵییەتە هەمووان وابەستەگی ڕاستەقینەیان بۆی هەبێت و هەوڵی جدی بدەن لەپێناو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە، بەواتایەکی دیکە هەم جارێکی دیکە ژێرخانی داتەپیوو داڕووخاوی نۆژەن بکرێتەوە و ئاوا بکرێ، هەمیش لە ڕووی کەسایەتییە تێکشاوەکەشی مرۆڤەکانی بونیاد بنرێنەوە، بەهزر و چەمکی سەردەمییانە تاکەکانی گۆش بکرێن، کە ڕێزی هەموو جیاوازییەکانی نێوانیان تیایدا بگیرێن و بەکردەنی هەوڵ بدەین یەکدی قبوڵ بکەین، نەک وەکو ئێستە دەبینرێت، کە هەندێک بەرپرس و کاربەدەستانی حکوومەتی فیدراڵی بەهەمان بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانی بەعس هەڵسوکەوت دەکەن، کە ئەمە پێچەوانەی ئەو گرێبەند و پەیمانە کۆمەڵایەتییەی نێوانمان بەرجەستە دەکات، بۆیە دەبێ ئەم عێراقە بەڕاستی ببێتە عێراقی فیدراڵ، بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکان بەهەموو ڕەنگەکانییەوە داکۆکی و بەرگری لێ بکەن و جێگەی هەموانی تیادا ببێتەوە، نەوەک وەکو سەردەمی ڕابردوو نەتەوەی سەردەست بەخواستی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی پێکهاتەکانی بدات و هەمان ئەقڵییەتی سەردەمی بەعس دووبارە بکاتەوە، کە نەژیان و نە لۆژیکی سەردەمیش تەزکییەی نەکرد.

لێرەوە دەبێژین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مۆتەکەی دیکتاتۆریی باڵ نەکێشێتەوە بەسەر گەلان و دەوڵەتی عێراق، پێویستە عێراق بەکردەنی فیدراڵی بێت و مادەکانی دەستوور جێبەجێ بکرێن، بەتایبەت ئەو مادانەی، کە جێبەجێ کردنی دەبێتە مایەی بەهێزبوونی وڵاتەکە و یەکپارچەیی خاکەکەی دەپارێزێت، پێچەوانەکەشی وەکو مانگی چواردە دیارە و دەدرەوشێتەوە، ئێمە خوازیارین دوای دە ساڵ لە ڕووخانی دیکتاتۆرییەت جارێکی دیکە بەتایبەت ئەو حزب و لایەنانەی نها لە عێراقدا خودان پێگەی جەماوەرین و بڕیار بەدەستن، با لەمە زیاتر چەواشەی جەماوەر نەکەن و، وەک چۆن لە ڕۆژانی خەبات و تێکۆشانی بەر لە ڕووخانی دیکتاتۆرییەتدا خوازیاری سیستەمێکی دیموکراسی و فیدڕاڵی ئازادبوون، ئەمڕۆش نەبنە ڕێگر لە بەردەم بڕیاردانی چارەنووسی میللەتی ئێمە و هەڵپەساردن و دواخستن و ئاستەنگ چێکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکان، کە زۆربەی گەلانی عێراق و کوردستان دەنگیان لەسەر داوە، چونکە بەهیچ لۆژیکێک ناکرێ لەمە زیاتر وڵاتێکی تژی لە ئاریشە و گرفت، پرسەکانی دوا بخرێ و چارەسەری تەندروستیش ئەو نەخشە ڕێگەیەیە، کە بۆی دەست نیشان کراوە، نەک بەهەڵپەسێردراوی کێشەکان بمێنێتەوە بدرێنە دەست زەمەن و ڕۆژگارەوە یاخۆ ئەوانە بەنیازی ئەوەن ڕەوشێک بێتە پێشەوە، ئیتر بوار بۆ ئەە نەمێنێتەوە ئێمەی کورد داوای ئەو مافانە بکەین، هەڵبەتە ئەم خۆگنخاندنە بەردەوامەی ئەوان و ئەم ڕەفتارانەش پێی بزانن یاخۆ نەزانن، بەبەرنامە بێ یاخۆ بێ بەرنامە عارەباندنە و هیچ گومانێکی

دیکە هەڵناگرێ، لە کاتێکدا میللەتی ئێمە لەسەر دەستی ڕێژیمی ڕووخاوی بەعسدا، ڕووبەڕووی توندترین تاوان و پرسەکانی عارەباندن بووەتەوە، هەروەکو چۆن لە ڕاگەیاندنەکانی حزب و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لە کۆنگرەی هاوینەهەواری سەلاحەدین بەر لە ڕووخانی سەدام زۆر ڕاشکاوانە دانیان بەوەدانا، کە گەلی کوردستان لە کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی عێراقدا ڕووبەڕووی توندوتیژترین کارەساتی عارەباندن و ڕاگوێزانی بەزۆرەملێ و پاکتاوی نەژادی بووەتەوە و پێویستە ئاوارەکان بگەڕێنەوە شوێن و زێدی خۆیان و عارەبە هاوردەکانیش بگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان، هەرچەندە دەستوور بەئەوپەڕی ڕاشکاوانە ڕێگەچارەی بۆ تەواوی ئەم پرسانە دۆزیوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ڕاگەیاندنەکانی هەندێک لە حزب و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکەنەوە و، هەوڵ دەدەن ڕای گشتی پێ چەواشە بکەن، کەوا کورد لە پارێزگەی کەرکووک خەریکی دەرکردنی هاووڵاتی عارەبن، لە کاتێکدا تەواوی ئەو لێدوان و ڕاگەیاندنانە دوورن لە ڕاستی، بەڵکو ئەوەی تاکو ئێستە زەمینەسازی بۆ نەکراوە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە، نەگەڕانەوەی هەزاران ئاوارە و ڕاگوێزراوەی کوردە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە تەواوی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی، کە خەڵکی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستانن، تاکو ئەمڕۆ نەگوێزراونەتەوە بۆ پارێزگەکانیان و تەنانەت موچەکانیشیان لەسەر حکوومەتی کوردستانە، کە لە بودجەی خۆی تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکات، لە کاتێکدا دەبوایە حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ هەر لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت ئەم پرسانەی چارەسەر بکردایە، نەوەکو تاکو ئەمڕۆ بەکراوەی بیانهێڵێتەوە، ئاخر ئەگەر ئەم ڕەفتارانە درێژەدان نەبن بەپرۆسەی عارەباندن، ئەی دەبێ چی بگەیەنن!

هەر بۆیە لێرەدا پێویست دەکات گەلان و حکوومەت و پەرلەمانی عێراق دان بەو هەموو تاوانانە دابنێن و ڕاستییەکان لەمە زیاتر ئاوەژوو نەکەنەوە، جا ئەو تاوانانە دژ بەهەر نەتەوە و پێکهاتەیەک ئەنجام درابێت، کە ئێمەی کورد بێ گومانین لەوەی ڕێژیمی بەعس کەسی نەبواردووە، هەر بۆیە ڕیشەکێشکردنی هزری عارەباندن و بیرکردنەوەی دەمارگیری و شۆڤێنیانە دەبێ ببێتە ئەرکی هەموو داودەزگە و ڕاگەیاندنەکانی عێراق و کوردستان، جا چ ڕاگەیاندنی حزبی یاخۆ حکومی یاخۆ ڕاگەیاندنی ئەهلی بێت.

هەڵپەساردنی هەر کێشە و ئاریشە و گرفتێکیش قەبارەی هەرچەند بێ ئەگەر ئەمڕۆش فەرامۆش بکرێ و بەسەرداپۆشراوی بهێڵێدرێتەوە، ئەوا سبەی ئاڵۆزتر دەبێ و ڕەنگە بەتوندترین شێوە بتەقێتەوە و ئاکامی نەرێنیشی لێ بکەوێتەوە، بۆیە کێشە و پرسی گەلی کوردستان، پرسێکە دەبێ هەم حکوومەت و هەم گەلانی عێراق لە خەڵکی کوردستان زیاتر بەپەرۆشتر بن، بۆ چارەسەرکردنی نەک هێشتنەوەی، چونکە گرفتێکە هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا حکوومەتەکان نەیانویستووە، بەدایەلۆگ و لە ڕێگەی دانوستاندن یەکلایی بکرێتەوە، بۆیە تەواوی ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی دووچاری گەلانی عێراق و کوردستان بوونەتەوە هەم لە ڕابردوو، هەم ئێستەش حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لێیان بەرپرسیارە.. تەواوی ئەم پرسیارانەی لێرەدا خرانە ڕوو شایەنی وەڵامدانەوەن لەلایەن خودی حکوومەتی فیدراڵی بەغداوە، چونکە تاکو نها مۆتەکەی عارەباندن نەڕەوییوەتەوە و هەر بەردەوامە و بەشێوە و شێوازێکی دیکە، چونکە هێشتە هەندێ کەس و لایەن و گروپ و پاشماوەکانی بەعس لە پشت بەردەوامبوونی ئەو مۆتەکەیەوەن.

# سیاسەتی عارەباندن بەردەوامە

بورهانساڵەیی

عارەباندن لە تەواوی ئاستەکاندا عارەباندنی خاک، زمان، کولتوور، شوێنەوار و مێژوو... هتد دیرۆکێکی دوور و درێژی هەیە و دەرهاویشتەی ئەم قۆناخە نوێیەی نها نییە،لێ دەگەڵ دامەزراندن و پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی کوردستانی باشوور پێیەوە، ئیدی رژێمە یەک لە دوای یەکەکان کەم تا زۆر و بەگوێرەی ئەو قۆناخەی بۆیان لوا بێت یاخۆ بۆیان چووبێتە سەر، ئەوا پێرەوی سیاسەتی شۆڤێنییانەی خۆیان کردووە. بەواتایەکی دیکە دەبێژین عارەباندن گۆرینی کەتوارێک بەکەتوارێکی دی یاخۆ درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی سەردەمی دیکتاتۆریی و بەردەوامبوون لەسەر هەمان مۆدیلی رابردوو، کە تەواوی هەوڵەکانیان لەپێناوی مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتەکانیان بوو، بۆیە ئەگەر دوێنێ لە سایەی رژێمێکی دیکتاتۆری وەک بەعس و سەدام عارەباندن بەشێوە و شێوازی جیاجیا و بەزەقی و بەرۆژی رووناک پیادە دەکرا، ئەمرۆ خەریکە ئاست و ئاراستەی جۆراوجۆر وەردەگرێت ،دژ نەک هەر بەکورد، بەڵکو شاڵاوەکە خەڵکانی دیکەی وەک مەسیحییەکانیشی بەرکەوت، هەرچەندە ئەگەر بەراوردی شاڵاوی عارەباندن دژ بەگەلی کورد لە قۆناخ و دەورانە مێژووییەکاندا بکرێت، بەتایبەت لە سەردەمی بەعسدا، ئەوا قەبارەی ئەو شاڵاوە درندانەیە بەهیچ جۆرێک دەگەڵ هەر پێکهاتەیەکی دیکە ناکارین بەراوردی بکەین، چونکە قەبارەی کارەساتەکان، کاولکارییەکان، ناسۆرییەکان مەزنترە، بۆیە لەم رووەوە کوردان لەو مەینەتی و ئازار و نەهامەتییانە پشکی شێریان بەر دەکەوێت لە چاو پێکهاتەکانی دیکە، هەرچەندە مەینەتی و کارەساتەکان قەبارەیان هەرچەند بێت، هەر مەینەتی و کارەساتن و ناتوانرێت بەهەند وەرنەگیرێن، بەڵام کاتێک قەبارەی کارەساتەکان هێندە مەزن بن و بەردەوامێتی وەربگرێت، وا بکات ببێتە شتێکی ئاسایی، ئەوە هەڵەستەکردن و رامان دەخوازێت.

ئا لێرەوە دیارە پرۆسەی عارەباندن لە دوای رووخانی دیکتاتۆرییەت دوو ئاست و ئاراستەی جیاوازی وەرگرتووە، ئاراستەیەکیان کە هەر

له دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەتەوە تاکو ئەمڕۆ درێژەی هەیە، کە ئەویش لەلایەن پاشماوەکانی بەعس و گروپە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدرێت، هەر بۆ نموونە لە قەزایەکی وەک حەویجەدا زیاتر لە ٢ هەزار خانەوادەی کورد لەو شارۆکەیە لە ژێر هەڕەشە و پاڵەپەستۆ و فشاری جۆراوجۆر و تەنانەت هەوڵی تیرۆریستییەوە وەدەر نران و ئاوارە بوون، لە پارێزگەی موسڵیش هەمان سیاسەت لەلایەن گروپە توندڕەو و شۆڤێنییەکان ئەنجام دەدرا، هەروەها لە چەندین شارۆکە و گوندی سەر بەپارێزگەی دیالە وەک سەعدیە، شارەبان، مەندەلی، جەلەولا و قەرەتوو و..تاد هەمان سیاسەت و ئاراستەی ڕێژیمی پێشوو بەشێوازی جۆراوجۆر لەلایەن پاشماوەکانی بەعس و شۆڤێنیستەکانەوە درێژەی هەیە.

بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستە و قسە لەسەر کردنە بەردەوامبوونی سیاسەتی عارەباندنە لە سایەی حکوومەتەکانی دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت درێژەی هەبێت، کە لە ژێر پاساوی جیاجیا و بڕوبیانووی سەیر و سەمەرە پیاد دەکرێن، جارێکیان لە ڕێگەی سوپاوە هەوڵ دەدەن و دەخوازن هێزی پێشمەرگە و دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستان لە دەڤەرە کوردنشینەکان نەهێڵین یاخۆ بەتەواوی کەم بکرێنەوە، جارێکی دیکەش لە ڕێگەی دامەزراندنی خەڵکانی ناڕەسەن و نامۆ بەو دەڤەرانە، کە بەبێ ئەوەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگەی ئەو دەڤەرانە بگەڕێنەوە خەڵک دادەمەزرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕێژەی پێکهاتەکان و قەبارە و ژمارەی کارمەندان لە دەزگە حکوومییەکان بەهەند وەربگرێت، کە ئاخۆ چ پێکهاتەیەک زۆرترین کارمەند و فەرمانبەریان، لەکاتی ڕێژیمی بەعسدا بۆ دامەزراوە، لەجیاتی ئەوەی ئەو پێشێلکارییانەی لە سەردەمی سەدامدا ئەنجام دراوە، حکوومەتی فیدراڵی یاخۆ وەک خۆیان دەڵێن ناوەند، ئەو سیاسەتە و شوێنەوارەکانی ئەو سیاسەتە کرێت و قێزەونە بەکۆتا بێنێت، کەچی بەردەوامە لەسەر هەمان سیاسەتی پێشوو، تاکو نها لە فەرمانگەکاندا هاووڵاتی کورد بەپاساوی وەهمی دەگوازنەوە یاخود هەندێک جار لە ژێر فشار و تیرۆر و تۆقاندندا ناچاریان دەکەن داوای گواستنەوە بکەن یاخۆ ماڵەکانیان لە زێدی خۆیان بگوازنەوە و جارێکی دیکە و لە سەردەمی ئازادی و دیموکراتی عێراقی نوێدا دووچاری ئاوارە بوون ببن، وەک ئەوەی چەندین کارمەندی کورد تاکو نها لە کۆمپانیای نەوتی باکور ئەو ڕەفتارەیان دەگەڵدا کراوە.

یاخود چەندین هەزار کارمەند، کە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە ئامادەی نیشان نەداوە بیانگوازێتەوە سەر فەرمانگەی ئەو پارێزگەیانەی، کە لێی نیشتەجێن، کە هەموو ئەمانە بارگرانییەکن کە مووچەکانیان لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە دابین کراوە.

هەروەسا لێدوانەکانی گەورە بەرپرسانی حکوومەت لە بارەی بەهێزکردنی ناوەند و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان دیسان دەچێتە ئەو خانەیە و دەخوازێت، کە هەموو ڕێگەکان بگرێتە بەر و تەواوی شێوازەکان تاقی بکاتەوە لەپێناو کەمکردنەی دەسەڵاتی هەرێم و هەوڵدان بۆ پەلوپۆ هاویشتنی زیاتر و زیاتر بەئاراستەی خۆ سەپاندن و بەهێزکردنی، ئەو لێدوانانەش لە بارەی هەموارکردنی دەستوورەوە، کە دەڵێن پەلە پەلەکردنی پێوە دیاربووە و لە قۆناخێکی نائاساییدا داڕێژراوە، دیسان پرۆژە یاسای نەوت و غاز کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕەوانەی پەرلەمانی کردووە، جیاوازیەکی زۆری هەیە دەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایەی، کە پێشتر لایەنە ڕامیارییەکەن لەسەری ڕێکەوتبوون، هەموو ئەمانە دەچنە هەمان خانەوە، کە بەرپرسانی بەغدا تاکو ئێستە دەخوازن لەم ڕێگەیەوە هەم پێگەی خۆیان قایمتر بکەن، هەمیش لەو ڕێگەیەوە هەڵ بدەن پاشەکشە بەخواست داواکارییەکانی گەلی کوردستان بکەن، لەم ڕێگەیەوەش هانی توندڕەوان و ڕەگەزپەرستانی

نەتەوەی سەردەست بدات، کە دژ بەهەموو گۆڕانکارییەک بوەستن، کە هەموو ئەمانەشی زەمینەسازکردنە بۆ ئەوەی ئەو کەس و لایەنانە بکارن حزبەکەکانیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی دیکەی پەرلەمانی عێراق زۆرترین دەنگدەر لەخۆیان کۆبکەنەوە و دەنگیان پێ بدەن.

لەبری ئەوەی بەرپرسانی بەغدا بەجدی وەدەنگ داخوازییەکانی گەلی کوردستانەوە بێن و، بەرامبەر ئەو کارە تیرۆریستی و هەڕەشانەی لە دەڤەرە کوردنشینەکانی پارێزگەی دیالە وەدەنگ بێن و، پارێزگاری لەسەر و ماڵی کورد لەو ناوچانەدا بکەن، کەچی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی خەڵکی خۆمان لەو دەڤەرانە، بە پەیامێکی دیکە لێکدەدنەوە، هەوڵ دەدەن کێشە و گرفت بۆ گەلی کوردستان بنێنەوە، بۆ ئەوەی میللەتی ئێمە نەپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پرسە چارەنووسسازەکان دەگەڵ بەغدا بکات و هەر بۆ ئەوەی بەشتە لاوەکی و کێشە نێوخۆییەکانەوە گیر بخۆین، کە ئەمەش سیاسەتێکی کۆنە و ناکارێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، کە ئەویش سیاسەتی (پەرتەکە و زاڵبە)یە، بۆیە بەم ڕەفتارە ڕەگەزپەرستانانەی هەندێک لە بیرپرسە باڵاکانی نێو حکوومەت و پەرلەمانی عێراق هەوڵ دەدەن، گۆڕ بۆ دەستوور هەڵکەنن، چاو قایمی ئەو کەس و لایەنانە لاوەدایە تاکو نها دەهەمبەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکانی دیکە دژایەتیەکی ئاشکرا و ڕەگەزپەرستانە دەکەن،هەوڵی دواخستنە یاخۆ ئەگەر بۆیان بچێتە سەر جێبەجێکردنی دەدەن، کە هەرگیز ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر لە کاتێکدا هەر ئەو دەستوورەش وایکرد ئەو بەرپرسانە ئەو پۆستە باڵایانە وەربگرن، بۆیە ئەگەر دەستوور هەموار بکرێت، دەبێت خودی ئەو کەس و لایەنانەش هەموار بکرێن یاخۆ لە پۆستەکانیاندا نەمێنن، چونکە پێوەندییەکی دیالیکتیانە لەو دەرەتانەدا لە کایەدایە، بۆیە لێرەوە دەکارین بێژین پابەند نەبوون بەدەستووری هەمیشەیی عێراق یەک پارچەیی و پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەبات.

لەم سۆنگەیەوە دەکارین بێژین ئەو بەرپرسو لایەنە شۆڤێنییانەی حکوومەت و پەرلەمانی عێراق، وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە عێراق، ناوچەکە و دنیا بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت، کەچی هێشتە درێژە بەهەمان ئاراستە و بەهەمان ستایلی بیرکردنەوە و بەهەمان مۆدێل دەدات، ئەویش سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و عارەباندنە، کە ئەو کەس و لایەن و هەندێک لە بەرپرسانی حکوومەت و پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەکی بەر بڵاو دەستیان داوەتێ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان شێوازی بۆ درێژەدان و سەرگرتنی ئەو شاڵاوە ڕەگەزپەرستانەیە پێڕەو دەکەن، هەر بۆیە ئەوانە هەوڵ دەدەن ئەو دەڤەرە کوردنشین و ناوچە کێشەدارەکان، کە تاکو ئەمڕۆ بەڕەسمی پێوەستن بەحکوومەتی بەغداوە، سیمای نەتەوەیی و کوردستانیان لێ دابماڵێت و دیموگرافیای ناوچەکەش هەرگیز نەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، کە ئەو سیاسەتەش دەگەڵ بیرکردنەوەی شۆڤێنییانەی بەعسییەکان و توندڕەوەکانی نێو حکوومەت و پەرلەمان یەکانگیرە. بەم پێیە وێڕای گۆڕانکارییەکان و ڕووخانی ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی بەعس و سەدام، بەڵام سیاسەتی عارەباندن هەم لەلایەن پاشماوەکانی بەعس و هەتیوەکانی سەدام پیادە دەکرێت، هەمیش لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەندێک لە بەرپرسانی حکوومەت پەرلەمان پاڵپشتی سیاسەتەکانی عارەباندن دەکەن.

لێرەوە دەبێژین تەنانەت دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش سیاسەتی عارەباندن نەوەستاوە، تاوەکو ئێستە هەزاران خێزانی کورد لە زێدی خۆیان ڕادەگوێزرێن و بەزۆرەملێ ڕەوانەی دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێن، ناوە ناوەش ئەم پرۆسە ترسناکە ڕوو

له زیادبووندایە، هەندێک جاریش خەڵکانی وەک مەسیحییەکانیشی گرتۆتەوە، کە ئەم ئاراستەیەش هەر بەمەبەستی زیاتر کێشە و ئاریشە چێکردنە بۆ حکوومەتی کوردستان و دروستکردنی بارگرانییەکی دیکەیە بۆی لە ڕووی بودجە و داراییەوە بۆ ئەوەی ئاستەنگ چێ بکات لە ڕێگەی ئەو ڕەوتە کارا و کاریگەرەی حکوومەتی کوردستان کە لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و تەواوی بوارەکانی دیکە دەستی داوەتێ.

کەواتە عارەباندن ئەمڕۆ وایکردووە سەدان خێزان سەرگەردان بکات، دیارە ئەم ڕەفتارە کرێتە و ئەم سیاسەتە قێزەونەش سەر بەقۆناخێکی خێڵەکی بەدەوییانە، کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە جگە لە کوشت و بڕ و فەرهود و ڕاوە ڕووتکردن، هیچ ئاکارێکی دیکەیان نەزانیوە، تەنانەت لە نێو خودی خۆشیاندا ئەنجامیان دەدا، ئەو جۆرە کردەوە و ڕەفتارانەشیان بەئازایەتی و پیاوەتی لە دیوەخانەکانیاندا دەگێڕایەوە، بۆیە ئەم ڕەفتارانە لەلایەن هەر کەسێک و بەهەر شێوازێک ئەنجام بدرێت دژ بەپرەنسیپەکانی دیموکراتیی، پێکەوە ژیان، جیاوازییەکان و یەکدی قەبوڵکردنە، تەنانەت دەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیشدا ناگونجێت.

لێرەوە پێویستە سیاسەت و بیرکردنەوەکانی هەندێک لە گەورە بەرپرسانی حکوومەت و پەرلەمانی عێراق گۆڕانکاری بەخۆوە ببینێت، ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە دەمارگیر و ڕەگەز پەرستییە زیانێکی زۆر بەپرۆسەی سیاسی و بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و داودەزگەکانی دەوڵەت دەگەیەنێت، کە ئەمڕۆ تەواوی گەلی عێراق و کوردستان دەخوازن کۆمەڵگەیەکی ئارام و ئاسوودە و سەرفراز فەراهەم ببێت، کە تەواوی تاکەکان پێکهاتەکان، بەبێ جیاوازی و هەر کەس بەگوێرەی قەبارە و ڕێژەی خۆی لە مافەکان فەراهەم ببێت.

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەم عێراقییەکان، هەمیش کوردستانییەکان تەواوی هەوڵ و تواناکانی خۆیان بخەنە گەڕ هەموو جۆرە فشار و پاڵەپەستۆیەک بخەنە سەر حکوومەت و پەرلەمانی عێراق، کە ڕەفتاری تاکڕەوانە، ئاکامی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە، چونکە سیاسەتە ناتەندروست و ڕەگەزپەرستییەکان بۆ هیچ ڕێژیمێک نەچۆتە سەر هەردەم ئاکامی ترسناکیشی لێ کەوتۆتەوە، بۆ هەموو گۆڕانکارییەک و هەر پرۆسەی گۆڕانێک لە دەوڵەتێکی بەناو عێراق دەبێ لە ڕێگەی تەوافق و کۆدەنگی پەرلەمانی عێراقەوە یەکلایی بکرێتەوە ئەگەر نا، خەڵکی کوردستان بەگشتی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان لەمە زیاتر بێدەنگ نابن.

> **عارەباندن ئەمڕۆ وایکردووە سەدان خێزان سەرگەردان بکات، دیارە ئەم ڕەفتارە کرێتە و ئەم سیاسەتە قێزەونەش سەر بەقۆناخێکی خێڵەکی بەدەوییانە، کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە جگە لە کوشت و بڕ و فەرهود و ڕاوە ڕووتکردن، هیچ ئاکارێکی دیکەیان نەزانیوە**